کۆمەڵە وتار



# سۆسیالیزم و پرسی ژن

ئامادەکردنی
عەلی مەولود

سۆسیالیزم و پرسی ژن

ئامادەکردنی
عەلی مەولود



جێگاوشوێنی ژن لەکۆمەڵدا، بەدرێژایی مێژووی نووسراوو نەنوسراوی کۆمەڵی مرۆڤ، مەسەلەیەکی پڕبایەخبووەو بەتایبەت لەمێژووی نوێدا مشتومڕو ململانێی زۆری لەسەر پەیدابووە، کە تا ئێستاش درێژەی هەیە .....

هەڵبەت سەرکەوتنی رژێمی چینایەتی بەسەر کۆمۆنیزمی سەرەتاییدا هەر بەتەنها لەبواری ئابووریدا نەمایەوە بەوەی کە موڵکایەتی تایبەتی دامەزراو دەسکەوتەکان لەرێگای هێزەوە دابەشکران، بەڵکو ئەو گۆڕانە جیاوازی کۆمەڵایەتیو جیاوازی لەبوار مافەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا.......

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق
2007

# سۆسیالیزمو
# پرسی ژن

کۆمەڵێک وتار

ئامادەکردنی عەلی مەولود


| | |
|---|---|
| **پێشەکی** | 3 |
| **ژنو سۆسیالیوم** | |
| ئوگست بیبل | 6 |
| **سۆسالیزمو ژن** | |
| جان فریفیل | 46 |
| **پێشەکی کتێبی (ئافرەتو سۆسیالیزم)** | |
| جۆرج تەرابیشی | 66 |
| **لینینو مەسەلەی سێکس** | |
| کلارا زاتکنین | 83 |
| **سەبارەت بەخۆشەویستی ئازاد** | |
| لینین | 404 |
| **ژن لەروانگەی کریکارییەوە** | |
| مەحمود ئەحمەد | 444 |
| **مافی ژنان لەدەستوری کاتی دەوڵەتی عێراق** | |
| ئاسۆ غەریب | 426 |



**لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق**

**ساڵی چاپ**: 2007

**تیراژ**: 700 **نوسخە**

# پێشەکی

جێگاوشوێنی ژن لەکۆمەڵدا، بەدرێژایی مێژووی نووسراوو نەنوسراوی کۆمەڵی مرۆڤ، مەسەلەیەکی پڕبایەخبووەو بەتایبەت لەمێژووی نوێدا مشتومڕو ململانێی زۆری لەسەر پەیدابووە، کە تا ئێستاش درێژەی هەیە. ژن دوو قۆناغی هەستیارو چارەنووسسازو جیاوازلەیەکی لەژیانی سیاسیو ئابووریوکۆمەڵایەتیدا تەیکردووە، یەکەم قۆناغی دایکسالاری : کە بەحوکمی دایکایەتی کاروباری کۆمەڵگە بەدەستی ژنەوە بووەو دووەم قۆناغی پیاوسالاری : کە بەهۆی ئاڵوگۆڕێکی ئابوورییەوە پیاو کاروباری کۆمەڵگەی لەدەستی ژن سەندووە.

ئەگەرچی ئەم وەرچەرخانە بەشێکی گرنگ بوو لە تەکامولی کۆمەڵگا، بەڵام هاوکات مرۆڤایەتیشی بەرەو جیاوازیو شەڕو ناکۆکی درێژخایەن پاڵپێوەنا کە تا ئێستاش بەدەستیەوە گیرۆدەین. ئەم ئاڵوگۆڕە لەبنەڕەتەوە لەئاکامی گەشەو پێشڕەوی ئابووری بەدیهات، لەکاتێکدا کە بەهۆی زۆربوونی نەسڵی مرۆڤو سەختی دەستکەوتنی خۆراکەوە ژنان لەبەر منداڵەبەریو زەیستانی زۆربەی کات نەیاندەتوانی بەسەر شاخو درەختەکاندا سەرکەونو بۆیان نەدەلوا کۆرپەکانیان جێبێڵنو بەو هۆیەوە زۆربەی کات لەشوێنێك دەمانەوە، بەپێچەوانەی پیاوەوە کە نەلەڕووی فسیۆلۆجیو نە لەڕووی بەخێوکردنو



چاودێریکردنەوە وابەستەی کۆرپەکان نەبوو، بۆیە چوستو چالاکتر دەستئاوەڵاتر لەبواری خواردن پەیداکردندا هەڵدەسوڕاو داهێنانی دەکرد تائاستی ئەوەی توانی پاشەکەوتی خۆراك بکاتو دەستیشی بەسەردا بگرێتو لەڕێگای ئەمەوە خۆی بکات بەسەردار، ئەم پێشکەوتنە ئەگەرچی هەنگاوێکی گەورەبوو لە بواری ئابووریدا، بەڵام ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیشی لەبواری بەرێوەبردنی کۆمەڵدا دروستکردو لەرووی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگییەوە ئاسەواری زۆر خراپی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو پەیوەندییەکانی تاكو کۆمەڵو مافە کۆمەڵایەتیو فەردییەکان دانا.

جیاوازییە ریشەییەکانی نێوان ئەو دوو قۆناغە، چارەنووسسازبوونی ئەو ئاڵوگۆڕانەمان نیشاندەدەن، لەقۆناغی دایکسالاریدا ژن جێگاورێگای بەرزتری خۆی بەدژی پیاو بەکارنەهێناو پیاوی نەکرد بەپلە دوو لەچاوخۆیدا، بەپێچەوانەی سەردەمی پیاوسالاری کە هەرلەیەکەم رۆژەکانەوە ژن ژێردەستە کراو یەکەم دابەشبوونی چینایەتی لە ژێردەستەکردنی ژنانەوە دەستی پێکردو دواتر بوو بە رژێمێکی سیاسی ئابووری هەمەگیر کە تا ئەمڕۆ چەندین جار کۆمەڵگای بەرەو لێواری مەرگ پاڵپێوەناوە. لە قۆناغی دایکسالاریدا یەکسانی هەبووە لەنێوان مرۆڤەکانداو سەردەمی دەسەڵاتی دایك هاوکاتبووە لەگەڵ کۆمۆنیزمی سەرەتایی، جیاوازیو چەوسانەوە نەك هەر لەنێوان دوو رەگەزی نێرو مێ، بەڵکو لەنێوان هیچ بەشێکی کۆمەڵدا نەبووە، دیسان بەپێچەوانەی سەردەمی دەسەڵاتی پیاوسالاری کە سەرەتای سەرهەڵدانی هاوکاتبوو لەگەڵ کۆتاییهاتنی یەکسانیو شکستی کۆمۆنیزمی سەرەتاییو دامەزراندنی رژێمی چینایەتی کە بەدرێژایی قۆناغەکانی کۆیلایەتیو دەرەبەگیو سەرمایەداری ئەو رژێمە داهێنانی گەورەو فراوانی کردووە لەبواری چەوساندنەوەو ناعەدالەتیدا کە چەوساندنەوەو بێمافی ژنان بەشێکیەتی.

هەڵبەت سەرکەوتنی رژێمی چینایەتی بەسەر کۆمۆنیزمی سەرەتایی‌دا هەر بەتەنها لەبواری ئابووریدا نەمایەوە بەوەی کە موڵکایەتی تایبەتی دامەزراو دەسکەوتەکان لەرێگای هێزەوە دابەشکران، بەڵکو ئەو گۆڕانە جیاوازی کۆمەڵایەتی و جیاوازی لەبوار مافەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا، واتە ئەوەی خاوەنی ئابووری کەمتر بوو ماف و پلەوپایەشی لەکۆمەڵدا کەمتر بوو.

ئەم کتێبەی بەردەستتان کە کۆمەڵێك وتاری لەخۆی گرتووە، لەلایەنی جۆراوجۆرەوەو لە روانگەی یەکسانیخوازییەوە هەموو ئەو مەسەلانە دەخاتە بەرباس و هۆکارەکان و رێگاچارەی چەوسانەوەی ژنان رۆشن دەکاتەوە، بەئومێدی ئەوەی بە ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەگوێرەی توانا خزمەتێکمان لەم بوارە دا پێشکەشکردبێت.

لەکۆتاییدا دوو مەسەلە پێویستە ئاماژەیان بۆبکرێت:

یەکەم بەشێکی وتارەکان لەکتێبی( المرأ والاشتراکیه) وەرگیراون، کە بەزنجیرە لە رۆژنامەی "ئازادی" بڵاوکراوەی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق بڵاوکراونەتەوەو دووەمیش هاوڕێ محمود ئەحمەد کەخاوەنی یەکێك لەوتارەکانە، بڕی 500 دۆلاری بۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە لەئەستۆگرتووە، کە جێگای سوپاس و دەستخۆشییە.

عەلی مەولود



# ژن و سۆسیالیزم[1]

ئۆگەست بیبڵ

لەفارسییەوە: عەلی مەولود

## ژن وەك بوونەوەرێکی رەگەزی

### ئارەزووی سێکسی

لە جیهانی بۆرژوازیدا ژن بە پلە دوو دانراوە. یەکەم پیاوو دووەم ئەوە، ئەو پلەبەندییە پەیوەندییەکی لەیەك بەدوای یەکی نیمچە نەگۆڕی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەهەمان شێوە کە لەسەرەمی دێریندا لە پەیوەند بە خێڵە

[1] ئەم بابەتەی کە دەیخوێننەوە وەرگێڕدراوی چەند بەش لە کتێبی "ژن و سۆسیالیزم"ی "ئۆگەست بیبڵ"ە، لەچەند بەشی جۆراوجۆری ئەو کتێبە وەرگیراوە، بەڵام هەوڵدراوە پەیوەندی لە نێوان ئەو بەشانە پێکبێت.

بەشی دووەمی کتێبەکە لە ژێر سەر ناونیشانی "ژن لەئێستا" دایەو سێ بابەتی لێوەرگیراوە بەناوەکانی " ژن وەك رەگەز"، " هاوسەرگیری وەك کارپەیداکردن"و " هاوسەرگیری پرۆلیتاری"، لە بەشی چوارەم بابەتی "ژن لەداهاتوودا" وەرگیراوە کە ناونیشانی " بەسۆسیالیستکردنی کۆمەڵگا" هاتووە.

کتێبەکەی ئۆگەست بیبل لەساڵی 4974 لە هانۆڤەری ئەڵمانیا چاپ کراوەو لەپێشەکی کتێبەکەدا مۆنیکا زایفۆرت کە ئەرکی سەرلەنوێ لەچاپدانەوەی لەئەستۆگرتووە نووسیویەتی: " ژن و سۆسیالیزم نزیکەی 400 ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەمجار بڵاوبۆتەوەو بیبڵ کتێبەکەی بەم رستەیەی خوارەوە کۆتایی پێهێناوە: ئایندە پەیوەستە بە سۆسیالیزمەوە، ئەمە بەو مانایەیە کە کرێکارو ژن لەهەنگاوی یەکەمەوە پێکەوەن".

فریدە سابتی وەرگێڕی فارسی

دایکانییەکانەوە هەبووە. پەیوەندییەك کە لەگەڵ پێگەیشتنی کۆمۆنیزمی سەرەتاییدا ئاڵوگۆڕی کردو لەیەکەم هەنگاوی ئاڵوگۆڕی خۆیدا گۆڕا بەدەسەڵاتێکی خاوەنداریێتی تایبەتی.

ئەفلاتۆن سوپاسی خواوەندەکان دەکات، لەبەر 8 کاری چاکە کە پێیانبەخشیووە. یەکەم کاری چاکە کە ئەفلاتۆن باسی دەکات ئەوەیە کە ئەوان ئەویان بەئازاد دروستکردووە نەك کۆیلە. بەڵام دووەمین کاری چاکە ئەویان وەك پیاو هێناوەتە دنیاوە نەك ژن. هاوشێوەی ئەم بیرکردنەوەیە لە پاڕانەوەی بەیانیانی پیاوانی یەهودیش دا بەرچاو دەکەوێت: " خوایە تۆ دەپەرستم، گەورەی منو گەورەی هەموو جیهان، کە منت بە ژن نەهێناوەتە دنیایەوە". لەپاڕانەوەی ژنانی یەهوددا ئەو دەربڕینە بەناوەرۆکێکی جیاواز بەم شێوەیە دەردەبڕدێت:".... کە ئێمەت لەسە بنەمایەکی خۆشویستن دروستکردووە".

بۆچوونی هەڵاواردن ئامێزی رەگەزی، توندتر لەوەی لەدەربڕینەکانی ئەفلاتۆنو دۆعای یەهوودیەکاندا رەنگدەداتەوە، شایانی وێناکردن نییە. بەگوێرەی ئەوەی بەردەوام لە ئینجیلدا باسکراوە، تەنها پیاو، مرۆڤی تەواوە. لە زمانە ئینگلیزیو فەرەنسییەکاندا یەك وشە بۆ مرۆڤ و پیاو بەکاردەهێنرێت. ئەگەر باسی خەڵك بکەین، بەگشتی تەنیا خەیاڵمان لای پیاوانە، ژن تارادەیەك شایانی چاوپۆشییەو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوە پیاوە کە لێپرسراوی ئەوە.



جیهانی پیاو بەگشتی ئاوا بیر دەکاتەوەو زۆربەی جیهانی ژنانیش تائێستا ئەو بارودۆخەیان وەك چارەنووسێکی داسەپاو بەسەر خۆیاندا قبوڵکردووە. لەم روانگە فکرییەوە ژێردەستەیی ژنان تەنانەت ئەگەر سەرنجیش لەم مەسەلەیە نەدرێت کە: "چەوساندنەوەی ژنان بەهۆی کرێکاربوونەوەکەیتی" وەك گریمانەیەك وەرگیراوە. بوونی ژن لە جیهانی موڵکایەتی تایبەتیدا وەك بونەوەرێکی رەگەزێتی رەنگی داوەتەوە. لەهەر کاتو سەردەمێکدا چەند رێگرییەك بۆ ژنان لەئارادان کە پیاوان نایانناسنو لەگەڵیان رووبەڕوو نین. زۆر ماف کە بۆ پیاو رێگەپێدراوە بۆ ژنان قەدەغەیە، ئەوانە بریتین لە: مافە کۆمەڵایەتییەکانو ئەو ئازادییە جۆراوجۆرانەی پیاو لەزەتییان لێوەردەگرێت، بەڵام کەژنان کەڵکیان لێوەربگرن بە هەڵەو تاوان دەژمێردرێن.

ژن لە بوونی کۆمەڵایەتیو سێکسی خۆیدا دوچاری ناخۆشی دێت، وتنی ئەمە کێشەیە بەڵام لەهەردوو بوارەکەداو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو ئازار دەکێشێت. لەبەرئەمە، ئەو ئارەزووە زۆرەی ژنان کە حەزدەن وەك پیاو لەدایك بوونایە، شایانی تێگەیشتنە.

لەنێوان هەموو ئارەزووە سروشتیەکانی مرۆڤدا، ئارەزووی خواردنو زیندوومانەوە لەپلەی یەکەمدایە، بەڵام ئارەزووی سێکسی بەهێزترین ئارەزووە، چونکە هەوڵێکە نەوەکان بەرهەمدێنێتو زیادی دەکات. سادەترین "دەربڕینی پێویستییەکانی ژیان"ە. ئەم هەوڵە لەهەر مرۆڤێکدا بەشێوەیەکی سروشتیو قوڵ هەیە. تێرکردنیشی دوای گەیشتن بەتەمەنی هەرزەکاری مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ تەندروستی بەدەنیو دەروونی. لۆتەر راست دەکات کەدەڵێت:

" ئەو کەسەی کە دەیەوێت رێگربێت لە تێرکردنی ئارەزووە سروشتیەکانو رێگاری بکات لەوە کە سورشت دەیخوازێتو دەبێت ببێت ،

پێچەوانە هەڵسوکەوا دەکات، لەبەرئەوەی بوونی سروشتی رەتدەکاتەوەو دەیەوەێت ئاگر سوتێنەر نەبێتو ئاو تەڕنەکاتو مرۆڤ نەخواتو نەخواتو نەخەوێت".

ئەم وشانە پێویستە لەسەر بەردی کلێساکانمان هەڵبکۆڵرێت، لەو شوێنانەی کە ئاوا سەرسەختانە دژی گۆشتی گوناە واعز دەدرێت، هیچ پزیشکو دەروونناسێك ناتوانێت پێویستی ئارەزووکردن لەمرۆڤدا بەو شێوەیە باشو رەوان پێناسە بکات.

ئەم هەوڵە زادەی سروشتی مرۆڤە، فەرمانێکە بۆ ئەرکێك کە دەبێت ئەنجامی بدات، تا بەشێوەیەکی تەندروستو سروشتی گەشە بەخۆی بدات، تا هیچ بەشێك لە ئۆرگانیزمی لەشی بەفیڕۆ نەچێ، تا لە وەڵامدانەوەی ئارەزووی سروشتی خۆی خۆپارێزی نەکاتو هەریەك لە ئەندامەکانی لەشی بەو رۆڵە هەستن کە سروشت پێی بەخشیوە. مرۆڤ بە سزادانی ئۆرگانیزمی خۆی تووشی زیان دەبێت، یاسای گەشەی لەشی مرۆڤ پێویستە وەك یاسای گەشەی دەروونی لەبەرچاوبگیرێتو پێی لەسەردابگیرێت، کردەی دەروونی رۆژانەی مرۆڤ بە بارودۆخی ئۆرگانیزمی لەشیەوە گرێدراوەو سەلامەتی تەواوەتی هەردوکیشیان وابەستەن بەیەکەوە. بۆیە گرفت لەیەکێکیاندا کاردەکاتە سەر ئەویترو کێشەی بۆ پێکدێنێت.

ئەو ئارەزووانەی بەئارەزووی ئاژەڵی ناودەبرێن، لەو رووەوە کە بەپێویستی روحی ناودەبرێن لەیەکتر جیانینو هەردوکیان بەرەنجامی چالاکی سروشتی ئۆرگانیزمی لەشی مرۆڤنو کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. ئەم کارە بۆژنانیش بەهەمان شێوەیەی پیاوانە.

بەرەنجامی ئەوەی کە ناسینی تایبەتمەندیەکانی ئەندامی سێکسی وەك ئەندامەکانی تر پێویستەو مرۆڤ لەچاودێریکردنی لەشی خۆیدا دەبێت وەك ئەندامەکانی تر سەیریکات. ئەو ئەندامو ئارەزووانەی لە مرۆڤدا هەنو بەشی



سەرەکی سروشتی ئەو پێکدەهێنن، هەندێك لە کاتەکانی ژیانی دەخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە. ئەو کۆششانە نابێت بەکاری لاوەکیو تاوانی شەرمهێنەرو یا ئارەزووی نەفامانە حساب بکرێن، زانستی دەروونناسیو کارکردی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆرگانیزمی لەش – چ لەبارەی پیاوانو چ لەبارەی ژنانەوە– وەك لقێك لەزانستی مرۆیی دەبێت رۆڵێکی گرنگو فراوانتر بگێرێت. لە حاڵێکی وادایە کە مرۆڤ بەناسینێکی وردی سروشتی لەشی خۆی زۆرێك لەپەیوەندیەکانی ژیان بەشێوەیەکی جیاواز لەئێستا دەبینێت. لە کۆمەڵگەی ئێستادا تارادەیەك لە ناو هەموو خێزانەکاندا بارودۆخی نەخوازراو دەتوانرێت ببینرێت، کە بەترسێکی پیرۆز کپکراوە، زانست لە تەواوی دەسەڵاتەکاندا وەك باشترین شتو وەك خوازراوترینو جوانترین ئامانجی مرۆڤانە بەرزدەنرخێندرێت، بەڵام دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە بەبوونو سەلامەتیو ئەمنیەتی تایبەتی ئێمەو بنەمای تەکامولی کۆمەڵایەتی ئێمەوە هەیە وەك مەسەلەیەکی تێکدەر دەبینرێت. کانت دەڵێت:

" پیاوو ژن لەسەرەتاوە پێکەوە هەموو مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، رەگەزێك رەگەزەکەی تر تەواو دەکات".

شۆبنهاوەر رایدەگەیەنێت:" ئارەزووی سێکسی کاملترین دەربڕینی ئارەزووەکانی ژیانو خاڵی پێگەیشتنی هەموو ئارەزووە کانی مرۆڤە".

بودا زۆر پێش ئەمانە باسی ئەوەی کردووە کە:" ئارەزووی سێکسی لەو قولاپە بەهێزترە کە مرۆڤ فیلی کێوی پێ ڕامدەکات، لەگڕ گەرمترە، تیرێکە کە لەدڵی مرۆڤ دەچەقێت".

کاتێك سۆزو ئارەزووی سێکسی رۆڵو جێوشوێنی لەمجۆرەی هەبێت جێگای سەرسوڕمان نییە کە تێرنەکردنی ئەم ئارەزووە لەتەمەنی هەرزەکاریدا زۆرجار کاریگەری لە سەر زندوێتی دەمارەکانو زندوێتی

تەواوی ئۆرگانیزمی هەردوو جنس دادەنێت. بەجۆرێك كە بەرەو ناتەواویو لادانو تەنانەت تێكچوونو خۆكوژی پاڵیان پێوە دەنێت. هەڵبەتە ئارەزووی سێكسی لە هەموو زیندەوەرێكو یا لەهەموو مرۆڤێكدا وەك یەك نییە. سەرەڕای ئەوانە دەتوانرێت ئەو مەسەلەیە لەرێگای راهێنانو دانبەخۆداگرتنەوە سەركوت بكرێت – بەتایبەت بەهۆی خۆدوورگرتن لە لەسەرگەرمیو خوێندنەوەی بابەتی سێكسیو خواردنەوە كە دەبنە هۆی وروژان-. بەگشتی وروژاندنی سێكسی لەژناندا كەمتر لەپیاوان بەرچاودەكەوێت، تەنانەت هەندێك جار لەناو ژناندا رقلێبوونەوە لەكاری سێكسی دروستدەبێت، بەڵام دەركەوتنەكەی زۆرنییەو دەبێت لە پاڵ تواناییە بەدەنیو دەروونییەكاندا پەرەی پێبدرێت.

به تاوتوێكردنی ئەم خاڵانە دەتوانی تێبگەیت، كە چۆن سەرجەم ئارەزوو و نیشانەكانی ژیان دەچنەوە سەر سێكسو چۆن ئەم ئارەزوو سۆزدارییانە هەم لە پەروەردەكردنی لەشو هەم لەشێوەی ئەندامو هەم لە كەسایەتی مرۆڤدا دەردەكەوێت. تا ئەو جێیەی كە قسە لەسەر مرۆڤی تەندروست دەكەینو سەروكارمان لەگەڵ پیاوبوونو ژن بوون دا هەیە، لەهەریەك لەو دوو حاڵەتەدا سێكس بە بەهێزترین شێوەی خۆی دەركەوتووە. كەلەنكە (KELENKE) لەنوسراوەكەیدا" ژن وەك هاوسەر"دەڵێت:" ژیانی ژنو مێردایەتی لای مرۆڤی گیرۆدەی ئەخلاق، شتێكی ناچارییەو لەژێر ڕكێفی هزرو بنەمای ئەخلاقیدا دەنووسرێت یادادەڕێژرێت. بەڵام باڵاترین ئاستی ئازادیش ئیمكانی نییە". هۆشدارییەكان بۆ پاراستنی جۆری مرۆڤ، ئەوە بەتەواوی خامۆشدەكات كە سروشت وەك كارێكی ئاسایی سپاردوویەتی بەهەردو رەگەز. ئەم هۆشدارییانە فەرامۆش دەكرێن، كە سەركوتی غەریزە سروشتیەكان لەلای ژنانو پیاوانی تەندروست نیشانەی عەزمی ئازادانەی بەرگری نییە، فەرامۆشی دەكەن كە خۆفریودان ناتوانرێت وەك ئیرادەی



ئازادانە وەصفبكرێت. راستی مەسەلەكە ئاوایە كە لەو جۆرە بابەتانەی لەژێر فشار یاپەستانی كۆمەڵایەتیدان یەك مافی سروشتی یاخود یەك غەریزەی سادەی مرۆیانە دەخرێتە ژێر تەنگەبەری، تەندروستی لەش لەكەدار دەبێت، ئۆرگانیزمی گشتی تووشی گرفت دێت، گەشەی سروشتی زەبری بەردەكەوێتولەبەر ئەوانە ناتەواوی سێكسی سەر هەڵدەدات. گوشار لەسەر روخسارو ناخی مرۆڤ دەردەكەوێتو بەهیلاكبوونی مێشك دوچاری نەخۆشی روحیو جەستەیی دێت، بەجۆرێك كە لەشێوەو كەسایەتیدا پیاوی ژنانەو ژنی پیاوانە دەردەكەوێت، لەبەرئەوەی جیاوازی سێكسی لەرەوەندێكی سروشتیدا قەراری نەگرتووە، مرۆڤ یەكلایەنە دەمێنێتەوەو بە كامڵكردنی خۆی بەخاڵی لوتكەی بوونی خۆی ناگات".

دكتۆر ئەلیزابیس بەلەك وۆڵ لە كتێبەكەیدا بەناوی" فێركردنی ئاكاری لاوان لەبابەت سێكسەوە" دەڵێت:

ئارەزووی سێكسی مەرجێكی پێویستە بۆ ژیانو بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگا، بەتواناترین هێزە لە سروشتی مرۆڤدا... ئەم غەریزەیە گەشەی نەكردووەو ئەمەش بەهیچ شێوەیەك مەعقولو لۆژیكی نییە، بەڵام لەگەڵ بوونی هەموو ئەوامانەشدا ئەو ئارەزووە ناتوانرێت خۆی پارێزەرێكی سروشتییە لە بەرامبەر هەر هێزێكی نابودكرانەدا."

لەم نێوەدا لۆتەری پراتیستگەرا بەخێراییو بەشێوەی پۆزەتیف سەربەرز دەكاتەوەو رادەسپێرێت كە:

" كەسێك كە زاهیدانە هەوڵدەدات دەستی بۆ بباتو لەئەنجامدانی دا سەركەوتووبێتو پشت بەخوا دەچێتە پرۆسەی هاوسەرگیری، كاتێك كوڕەكەی لانی زۆر دەگاتە 20ساڵیو كچەكەی دەگاتە 45-48 ساڵی ئەوان هەم تەندروستو هەم زیرەكن، و خواوەند چاوەدێرییان دەكات، رسق بەوانو مناڵەكانیان دەدات، خواوەند ماڵان دروستدەكاتو خۆیشی رسقیاندەدات".

پەیڕەویکردن لەپەندە چاکەکانی لۆتەر بەداخەوە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدا کەڵکی لێوەرناگیرێت، نەدەوڵەتی مەسیحی و نە کۆمەڵگای مەسیحی هیچکامیان ئارەزوویان لەوە نییە کە لەکاریگەری پشتبەستن بە خودا لەرسقی مندالآن تێبگەن.

زانستی مرۆیی هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونی فەلسەفیانەی لۆتەر کەدامەزراوە لەسەر بناغەی ئەوەی مرۆڤ دەبێت بتوانێت ئارەزووەکانی– ئەو ئارەزووانەی کە بەپەیوەندییە دەروونیەکانیەوە بەستراوە– بەشێوەی سروشتی تێر بکات، بەڵێ ئەوانە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا دێنەوە، بەڵام تێرکردنی ئەو ئارەزووە سروشتیە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و یاخود لەو پێشداوەرییانەی لێیەوە هەڵهێنجراون، لەتوانادا نییە، لەم ڕێڕەوەدا مرۆڤ لە گەشەی ئازادانەی بوونی خۆیدا تووشی وەستان دێت، دەربارەی چۆنێتی پەیدابوونی ئەوانە دکتۆرەکانمان ئاگادارن، ئەوان دەتوانن ئەو دیاردانە لە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی نەخۆشخانەکان و ناوەندەکانی نەخۆشیە دەروونییەکان و زیندانەکان ڕۆشنبکەنەوە، دەتوانن لەژیانی داڕووخاوی هەزاران خێزان قسە بکەن. لەکتێبێکدا کە لەلایپزیک بڵاوکراوەتەوە نووسەرەکەی رایدەگەیەنێت:

"ئارەزووی سێکسی نە ئەخلاقیەو نە نائەخلاقی،تەنها کارێکی سرشتییە، وەك برسێتیو تینوێتی و ئەوە کە سروشت هیچ لەئەخلاق نازانێت، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە زۆر دورە لەتێگەیشتنی ئەم ووشانە."

## هاوسەرگیری وەك پەیداکردنی کار

" هاوسەرگیریو خێزان بەشێك لە ئەرکەکانی دەوڵەتن، لەم ڕوانگەیەوە کەسێت کە هێرشدەکاتە سەریان هێرشدەکاتە سەر کۆمەڵگاو دەوڵەت" ئەو دێڕانە لایەنگرانی ڕژێمی ئێستا دەیبێژن، هەر بەوشێوەیەی کە بەئاشکرا نیشانی دەدەن خێزانی تاکهاوسەری ٚگای چوون بەرەو ڕێکخستنی میراتو موڵکایەتی تایبەتی بۆرژوازییە،ئەم شێوازەی خێزان بەدڵنیایی یەکێك لە



گرنگترین پایەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازییە، بەڵام ئەوەی کە لەگەڵ پێویستییە سروشتیەکان و تەکامولی تەندروستی کۆمەڵگایەکی مرۆڤانە دێتەوە یا نا، ئەوە پرسیارێکی ترە. ئێمە دەمانەوێت نیشانی بدەین کە هاوسەری لەسەر بنەمای موڵکایەتی بۆرژوازی کەمو زۆر ناچارییەو نارۆشنی زۆری لەگەڵ خۆی هەڵگراووە، لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا ئامانجەکان گران دێنەدەست یاخود هەرنایەنەدی، لەمانەش واوەتر ئێمە دەمانەوێت نیشانی بدەین کە ئەم هاوسەرییە لەژێر گوشاری ڕژێمێکی کۆمەڵایەتیدایە، کاریکە بۆ ملیۆنەها کەس قابیلی دەستکەوتن نییە، دەمامەوێت نیشانی بدەین کە هاوسەرگیری ئێستا بەهیچ شێوەیەك پشتی نەبەستووە بەئازادی هەڵبژاردنو عیشق و ئەو چاکسازییانەی بانگەشەی بۆدەکەن، بەپێچەوانە کە جەنجال دەبێت لەگەڵ سروشتی مرۆڤ هەماهەنگ نییە.

لەپەیوەن بە هاوسەرگیری ئەمرۆوە جان ئیستیوارد میل دەڵێت: " هاوسەری کارێکی بەتەواوی لاشەییەو یاسا بەو جۆرە دەیناسێنێت". بەبڕوای کانت پیاوو ژن پێش هەرشتێك بەرهەمهێنەری وەچەو پەیداکەری جۆری مرۆڤنتەکامولی تەندروستی رەگەزی مرۆڤ، پەیوەستە بە پەیوەندی سروشتی نێوان ڕەگەزەکانەوە، تێرکردنی غەریزەی سێکسی بۆ گەشەی بەدەنو روحی پیاوو ژن پێویستەبەڵام مرۆڤ ئاژەڵ نییەو لەسەر بنەمای ئەوە بۆ مرۆڤ تێرکردنی تەواوەتی بەهێزترین غەریزەی تەنها بەمانی تێرکردنی لاشەی نییە. ئەو دەخوازێت لەو پەیوەندییەدا ئارەزووە روحیەکانیشی لەگەڵ بوونە مرۆییەکەیدا دابین و تێریکات، لەسەر بنەمای ئەوە تێکەڵاوی میکانیکیانەی سێکسی جێگای پەیوەندی سروشتیو ئازادانەی مرۆیی دەگرێتەوە، دیاردەیەك کە باری ئاکاری تێدا نییە، مرۆڤە تەواوو پێگەیشتووەکان ئارەزوومەندەن کۆششی دوولایەنەی سۆزداریو

مرۆییانەی پیاوو ژن لەپەیوەندیی سێکسییەکاندا لە ئەنجامدا وەك پەیوەندییەکی رازاوەو ژیانخوڵقێن گەشەبکات.

کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا جێبەجێبوونی ئەو خواستانە بۆ زۆربەی زۆری جووتەکان لەتوانادا نییەو کۆمەڵگە خاوەنی ئەو توانایە نییە بۆیە ڤارنهاگنو ئەنس(Varnhagen, v.Ens) ی وادارکردووە تا بنووسن:

"ئەوەی لەبەرچاومان دەگوزەرێت، هەندێکجار بەناوی بەڵگەنامەی هاوسەریو هەندێکجاریتر بەناوی هەڵوەشانەوەی ئەو، بەهیچ شێوەیەك وێنای پەیوەندییەکی پاکی مرۆییانە نییە. هاوسەرییەك کەپێویستە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و کۆششی سۆزیاری دابمەزرێت، لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارو پێوانەو رێکخستنانەی پێشتر ئاماژەمان بۆکردن بۆ ئێمە ناپەسەندو سوکایەتی ئامێز بووە. بەجۆرێك کە قوڵبوونەوە لە چەندوچوونی ئەوە ئێمە بە وتە درەوشاوەکانی فریدریش شلگول لەتابلۆی ناسراویAtehnaums" هاودەنگ دەکات: نزیك بەهەموو هاوسەرگیرییەکان پێکەوە ژیانکردنی دووکەسە، لەگەڵ هەموو ئەوانە هاوسەرگیرییەکان لە کۆششی پچڕپچڕوکاتی یاخود کۆششی بەیەککەیشتن لەپێناوی دەستڕاگەیشتن بەهاوسەرێتییەکی واقیعییە.هاوسەرگیری گونجاو لەگەڵ بوونی سروشتی مرۆییو بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیە روحیو کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ کە دەبێت لەدوای ئەوە مرۆڤەکان هەرچی زیاتر تێکەڵاوتر بن پێکەوە."

ئەوە هەمان بۆچوونە کە کانت بیری لێدەکردەوە،خۆشی بینین لە بوونی منداڵو ئەرکی سەرشان لەبەرامبەریدا بەردەوامی بە خۆشەویستی نێوان دوو مرۆڤ دەبەخشێت، دوو مرۆڤ کە ئامادەی بەدیهێنانی ئەو پەیوەندییەن، دەبێت بۆیان رۆشنبێت کە ئایا پێشمەرجە پێویستەکانی ئەو پەیوەندییەیان هەیە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت بەبێ کاریگەری وەرگرتن لەو مەسەلانەی



ئەو پەیوەندییانە رەتدەکەنەوەو بەئیرادەیەکی ئازادانە بدرێتەوە، بەڵام ئەمە تەنها بە دەستتێوەرنەدانی پەیوەندیەکانی تر دەتوانرێت ئەنجامبدرێت، مەبەست ئەو پەیوەندییانەیە کە ئامانجی تایبەتی تێرکردنی غەریزە سروشتیەکانو بەرهەمهێنانی مناڵ دەخاتە ژێر گوشار، ئەو بارودۆخەش بەگشتی لە کۆمەڵگەی ئەمرۆدا لەئارادانییە، بەرەنجام ئەوەیە کە ئەو هاوسەرگیرییانەی ئێستا بەرێوەدەچن ئامانجی واقیعی خۆیان ناپێکنو لەبەرئەوەش راستگۆیانە نینو هۆشداری بە ئێمە دەدەن کە پێویستە زیاتر لە شێوەی دڵخوازو مرۆیانەی هاوسەرگیری وردبینەوە، ئەوەی کە بەگشتی چەندێك لە هاوسەرگیرییەکان لەسەر بناغەی ئەو پرەنسیپانەی باسمانکردن قبەڵکراون، زانراو نییە. ئەوانەی هاوسەرییان پێکهێناوە ئارەززومەندن هاوسەرێتیەکەیان روو بەردەرەوە وانیشانبدەن کە پێچەوانەی واقیعە، لێرەدا حاڵەتێك لە زمانلوسی دێتە ئاراوە کە لەهیچ دەورانێکی مێژوویی پێشوودا وێنەی نەبووە، دەوڵەت نوێنەری سیاسی ئەم کۆمەڵگایە لەم بوارەشدا لێکۆڵینەوە ناکات، پیەیامی هەموو ئەوانە ئەوەیە کە کۆمەڵگا لە نارۆشنییەکی ئاشکرادا نقوم بووە، لانی زۆری ئەرکێك کە دەوڵەت لەپەیوەند بە هاوسەرگیری خەڵکەوە لەئەستۆی دەگرێت، دیسان پشتئەستوور نییە بەهیچ پێوانەیەك کە هاوسەرێتی پێویستە چۆنبێت.*

هاوسەرێتی دەبێت پەیوەندییەکی وەها بێت کە دوو مرۆڤ بە خۆشەویستی دوولایەنە بەیەکەوە گریدەدات تا دەستیان بگات بەئامانجە سروشتییەکانیان ، بەڵام لەکاتی ئێستادا ئەم خولیایە تەنها بەدەگمەن هەیە، ژمارەیەکی زۆر لەژنان هاوسەرێتی وەك شوێنێك بۆ دابینکردنی ژیان دەبینن کە دەبێت بەهەر نرخێك بووە بچنە ناویەوە. بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆر لەپیاوان هاوسەری وەك مامەڵە تەماشا دەکەن، لەروانگەی ماددیو سودو زیانەکانییەوە هەڵیدەسەنگێنو حیسابی لەسەردەکەن، بەلایانەوە جوڵێنەرە

بچووكو خۆویستەكان چارەنووسساز نین، بەڵام واقعیەتی مادی ژیان ئازارو كێشەی زۆر بەدیدێنێت كە ئەوانەی هاوسەرگیری دەكەن بەدەگمەن دەتوانن بەو چاوەڕوانیانە پەیدابكەن كە شۆڕوشەوقی تێدا بێت. ئاساییە كە دەبێت هاوسەرگیری بەهەردوو هاوسەرەكە ژیانێكی هاوبەشی جێی ڕەزامەندی پێشكەشبكەن، هاوسەری وا باشە لەپاڵ خۆشەویستی دوولایەنەو هاودڵی متمانە بەدابینبوونی ژیانو پێوانەیەك بۆ مسۆگەركردنی ژیانێكی گونجاو بۆ خۆیانو مناڵەكانیان هەبێت. نیگەرانی زۆرو هەڵی سەخت لەپەیوەن بەم واقیعەوە یەكەم بزمارە بەتابووتی ڕەزامەندیو خۆشبەختی ژیانی ژنو مێردایەتییەوە، بەڵام هەرچەندە نیگەرانیەكان گەورەتر دەبن زیاتر ژیانی هاوبەش دەخەنە ژێركاریگەری خۆیان. جوتیار لە هەرگوێرەكەیەك كە مانگاكەی دەیبێت خۆشحاڵە، ئەو بەخۆشحاڵییەوە ژمارەی ئەو بێچووە بەرازانە دژمێرێت كە دایكەكەیان پێی‌داوەو بەرازیبوون لە ئەنجامەكەی هەواڵ بە دراوسێكانی دەدا. لەهەمانكاتدا غەمگین دەبێت ئەگەر خێزانەكەی یەكێكی تر بەژمارەی مناڵەكانی زیادبكات ئەو مناڵانەی كەپێی‌وایە بێدەردیسەری دەتوانێت پەروەردەیان بكا. كە مۆڵەتی نییە لەوە زیاتریان بكا. دیارە ئەگەر ئەو مناڵە نوێیە كچیش بێت دەردەكە قورستر دەكات.

## هاوسەرگیری پرۆلیتاری

لەناو چینەكانی خوارەوەدا هاوسەرگیری لەپێناوی پارەدا تاڕادەیەك نەناسراوە، كرێكار زۆرتر لەپێناو ئارەزووەكانی چیانی هاوسەری پێكدێنێت، بەڵام لێرەشدا ناتوانێت خۆی لە هۆكارە تێكدەرەكان دەربازبكات، دەوڵەمەندانی خاوەن مناڵ سەركەوتوون لە چاودێریكردنو ئەركو زەحمەتی پەروەردەی مناڵەكانیانو بەشی زۆری مەترسییەكانی بەردەم سەلامەتی مناڵەكانیان لادەبەن، بەڵام نەخۆشیو مەرگ بەزۆری میوانی خێزانە كرێكارییەكانە، ئەمەش بێكاریو هەژاری بەرەو سەردەبات و بڕێكی زۆر لە دەرامەتی كرێكاران كەمدەكاتەوە، تەنانەت بۆ ماوەیەك بەتەواوی دەستی بەسەردا دەگرێت بەشەكانی بازرگانیو پیشەسازی بێكاری دەكەن، بەكارهێنانی ئامێری نوێو یا ماوەی نوێی كار وەك شتێكی ناپێویستو زیادە لەشەقامەكاندا بڵاودەكاتەوە، جەنگەكان هاوكات لەگەڵ بەڵێنامە نەگونجاوەكانی بازرگانیو گومرگی كاریگەرییەكانی باجی ناراستەوخۆی نوێو بریارە بەكۆمەڵەكانی خاوەنكارەكان، ئومێدی ئەو بەكارو تەواوی هەبوونی خۆی لەناودەباتو یا بەتوندی تووشی گرفتی دەكات. ئەم ڕووداوانە دوورو نزیك یەلەدوای یەك ڕوودەدەنو لەكاتێكی دوور یانزیك ئەو دەخەنە گێژاوی بێكارییەوەو لەم ڕاستایەدا كرێكار دەبێت بەمرۆڤێكی برسی، ئەو لەژێر گوشاری ئەو بارودۆخەدا هەمیشە سەلامەتی لەمەترسیدایە، ئەو چارەنووسە هەستی ئەمنییەتو ڕەزامەندی لەلای ئەو تێكداوە، ئەو بارودۆخە بەرلەهەموو شت ژیانو دەروونی كرێكار لەگەڵ خۆی هەڵدەپێچێت، هەمیشە هەسدەكات پێویستی بە شتی پێویستتر هەیە كە دابینكردنیانی نییە دوای ئەوە بێشك دەعواو مورافەعەی بەدوادا دێت. دەركەوتنی ئەم ڕەوەندە دواخستنی هاوسەرگیریو خێزانە، لە زۆربەی خێزانەكاندا پیاوو ژن هەردووكیان دەچنە سەركارو مناڵەكانیان جێدێڵن یان دەیانسپێرنە دەست خوشكو برا مێرمنداڵەكانیان، كە ئەوانە خۆشیان پێویستییان بە پەروەردەو چاودێری هەیە، نیوەڕۆیان ئەگەر دایكو باوك بۆیان بلوێت سەر لەماڵ بدەنەوە بەپەلە ناتێكی هەژارانە لە گەدەی خۆیان مناڵەكانیان بكەن (كە ئەمە شتێكە لەبەر دووری شوێنی كارو كورتی كاتی نێوەڕۆ هەزارانجار ئیمكانی نییە) ئەوا عەصر هەردووكیان ماندوو مردوو دەگەڕێنەوە ماڵ.

بەپێچەوانەی ئەوەی كە ژیانێكی خێزانی دۆستانەو شیرین پێویستی پێیەتی، لەو شوێنەدا ماڵێكی تەنگو نەخوازراو، كە زۆرجار هەواو ڕوناكی

پێویست رووی تێناکاتو پێویستیەکانی ئاساییشو ئارامی تێدا نییەو شوێنێك نییە بۆ خۆشژیانیو دەرخستنی سۆزیاریو خۆشەویستی کرکدن، خراپی شوێنی نیشتەجێبوونو ترسناکی زیادبوونی ئەو بارودۆخە، یەکێك لەرەشترین لاپەڕەکانی ئەم رژێمە کۆمەڵایەتییەی ئێمەیە کە مایەی بەدبەختی زۆرو نەریتی ناشایستەو روودانی تاوانە. کێشەی نیشتەجێبوون لەپاڵ ئەو هەلانەش کە بۆ چارەسەرکردنی دەدرێت سالانە لەشارەکانو ناوچە پیشەسازییەکان گەورەترو گەورەتر دەبێتو هەمیشە ژمارەیەکی زیاتر لەخەڵکی کرێکارو پیشەوەری بچووكو فەرمانبەرو مامۆستاو دوکاندارو... تاد، دەرگیری ئەو کێشەیە دەبن.

ژنی کرێکار دوانیوەڕوان بەپەلەو ماندوو دەگەڕێتەوە بۆماڵو دەبێت گەلێك کار ئەنجام بدات، منالەکان بەپەلە دەخرێنە ناو جێوەو، دواتر ژن دانیشێت تا درەنگانێکی شەو درووماںو پینەو پەڕۆ بکات. بواری هیچ جۆرە هاودەمیو هاورێیەتیەکی بۆ نامێنێتەوە، پیاو شتێکی وا نازانێتو ژن لەویش کەمتر دەزانێت، سەرەنجام ئەو شتە کەمەی دەشیزانن زوو تەواودەبێت. پیاو دەچێتە قومارخانە تا تۆزێك بحەوێتەوە لەبەرئەوەی ماڵەوە شوێنی حەوانەوەی نییە، ئەو دەخواتەوە بەلام زۆرکەم ئەو بۆ باشبوونی حاڵی خۆی پێویستی بە خواردنەوەی زیاتر هەیە. لە بارودۆخێکی روحی ئاوادا وازی دەکاتو دەردێکی تر بەدەردەکانی زیاد دەکات. ( ئەم مەسەلەیە لەنێوان توێژە بالاترەکانی کۆمەڵگادا قوربانی زیاتریشی لێدەکەوێتەوە) ئەو تا زیاتر بخواتەوە دیسان زیاتر لەدەست دەدات. بەلام لەو بارودۆخەدا ژن لەماڵەوە دانیشتووەو پیشدەخواتەوە، وەك ئاژەڵی بارکێش کاردەکات، هیچ کاتێکی بۆ حەوانەوەو باشبوون نییە، پیاو زۆر باش کاردەکات، ئەو دەتوانێت لەو ئازادییەی بە شێوەی رێکەوت – بەهۆی پیاوبوونیەوە– هەیەتی کەڵك وەرگرێت. بەمجۆرەیە کە نارێکی پەیدادەبێتو ژن توانای دان بەخۆداگرتنی



نامێنێت. ئەو دوانیوەڕوان ماندوو مردوو لەکاری رۆژانە گەڕاوەتەوە ماڵ، بەشوێن جۆرێك شادیو خۆشبەختییەوەیە، ئەوە لە حاڵێکدا کە وەزعی دارایی خێزان بەردەوام خراپتر دەبێتو هەژاریو بەدبەختی دووبەرابەر گەورەتر دەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەڵێت " ئێمە لەباشترین جیهاندا ژیان بەسەردەبەین".

بەمجۆرە خێزانە کرێکارییەکان هەمیشە وێرانتر دەبن، تەنانەت ماوەی کارکردن کاریگەری خۆی لەسەر بلاوەپێکردنی خێزانی کرێکاری تاقیدەکاتەوە، کرێکار ناچارە رۆژانی پشوو بچێتەوە سەرکارو کاری زیادەش بکات. کاتی دەست بەتاڵی نامێنێتو ئەو چەند کاتژمێرەی بۆ خێزانەکەی خۆی تەرخانکردووە لەدەست دەچێت، زۆرجار کرێکار تەواوی رۆژ لەشوێنی کارەکەی دەمێنێتەوەو ناتوانێت پشووبداتو نانی نیوەرۆ بخواتو بڕواتەوە بۆ ماڵ، ئەو بەیانی زوو کاتێك کە منالەکانی لەخەوی قوڵدان، لەخەو هەڵدەستێتو پاش نیوەڕوان درەنگ دەگەڕێتەوە ماڵ، ئەگەر منالەکانی بەهەمانشێوەی بەیانی لەخەودابن، ئەوادەچێت بەلای مەنجەڵی خواردنەکەوە. هەزاران کرێکار، بەتایبەت کرێکارانی بیناسازی، لەشارە گەورەکان دوور لەماڵی خۆیان کاردەکەنو تەواوی هەفتە دوور لە خێزان بەسەردەبەن. ئەوان تەنها کۆتایی هەفتە دەگەڕێنەوە ماڵو لەبارودۆخێکی ئاوهایشدا ژیانی خێزانی زیاتر لەهەموو کاتێکی تر لەدەستدەچێت. بەتایبەت لەکارگەکانی چنین، واتە ئەو جێگایانەی کە هەزاران دەزگای چنینی هەڵمیو مەکینەی رستن بەدەستی هەرزانی کرێکارانی ژنو منداڵ خراونەتەکار.

لێرەدا ئەوەی لەسەرەوە لەسەر پیاوان وتمان بەسەر ژنانیشدا دێت، ژنو منال دەچن بۆ کارخانەو پیاو بێکارو نانبڕاو ماڵ دەمێنێتەوەو کاری ماڵ دەکات، لە ناوچەی کۆمنیتز دەتوانرێت ژنانێکی زۆر بەو حاڵەوە ببینرێن، ژنانێك کە تەنها لەزستاندا کاردەکەن، پیاوەکانیشیان وەك کرێکاری رۆژانە،

بیناسازیو دارتاشیو شتی لەمجۆرە بەزۆری یادەرامەتێکی کەمیان هەیە یان هیچ دەرامەتێکیان نییە، لەزۆربەی ناوچەکان ژنانی کرێکاری بیناسازی زستان لەکارگاکان بۆ کاردەگەڕێن، زۆرجار وارێکدەکەوێت لەبەرئەوەی ژنان کاردەکەن پیاوان کاروباری ماڵ بەڕێوە دەبەن.

" لەئەمریکای باکور، ئەو جێیەی کە گەشەی خێرای سەرمایەداری، تەواوی خراپەکارییەکانی وڵاتانی پیشەسازی ئەوروپایی لەپڕێکداو لە ئاستێکی فراواندا بەرهەمدەهێنێتەوە، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کرێکارانە بەناوو ناوبانگی خۆیەوە ناوبانگی پەیداکردووە، لەوێدا  ئەو شوێنە پیشەسازییانە – ئەو شارانەی کە تەنهای ژنان کاری تێدا دەکەن– لەبەرئەوەی پیاوان لەماڵ دەمێننەوە، بەشاری ژنان ناودەبرێن".(8)

ئەمڕۆ قبوڵکردنی ژنان لە هەموو کارە پیشەییەکان لەهەموو جێیەك لە گەشەسەندندایە، کۆمەڵگەی بۆرژوازی بەرزترین شارەزایی هەیە لە یاسای بەدەستهێنانی قازانجدا، لێرەدا ژن بابەتێکە بۆ وەبەرهێنانی هەرچی زیاتر، لەبەرئەوەی لەچاو پیاوان گوێڕایەڵترو بەپرەنسیپترو رازیتر خۆیان دەدەنە دەست هەلومەرجی کارو پەیوەندی بەرهەمهێنانی قازانج.(9) بەمجۆرەیە کە ژمارەی کارو جۆری پیشەکانی پەیوەندیدار بەکرێکارانەوە هەموو ساڵێك زیاد دەکات. گەشەکردنو فراوانبوونەوەی ئامرازەکانی کارو سادەبوونی پرۆسەی کار لەرێگای زیادبوونی کاردابەشکردنەوە، کێبەرکێی سەرمایەداران لەنێوان خۆیانو لەبازاڕی جیهانیدا، کێبەرکێی نێوان وڵاتە پیشەسازییەکا، زەمینەکانی بەکارخستنی هێزی کاری ژنانی بەردەوام بەرەوپێش بردووە، ئەمە دیاردەیەکە کە بۆ هەموو کۆمەڵگا پیشەسازییەکان هاوبەشە. بەو رادەیەی ژمارەی کرێکارانی ژن زیادبکات زیاتر وەك رکەبەری کرێکارانی پیاو دەردەکەون. دەرکەوتنی زۆرو زەوەند لە راپۆرتەکانی



لێکۆڵەرەوانی کارخانەکانو هەروەها دەرکەوتنیان لە ئامارە پێشکەشکراوەکانی دەربارەی کاری ژنان، راستی ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنن.

دەتوانرێت خراپترین جێگاوشوێنی کاری بەرفراوانی ژنان لەسایەی کارو بەرهەمهێناندا ببینرێت، کە تیایدا ژنان زۆربەن، بۆ نمونە پیشەسازی پۆشاكو جلوبەرگ، بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە ژنان نەك لە کارگا بەڵکو لەماڵەکانی خۆیاندا کار بۆ خاوەنکار دەکەن، لێکۆڵینەوە دەربارەی بارودۆخی ژنانی کرێکار لەکارگەکانی پۆشاكو جلوبەرگی ئامادەکراو کە لەساڵی 4886 لەلایەن ئەنجومەنی پیاوماقوڵانی ئەڵمانییەوە ئامادەکرا، دۆخی کرێی نەگونجاوی ئەو ژنانە ئاشکرادەکات. ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوە دەردەخەن کە ژنان ناچاردەبن بۆ بۆ بەدەستهێنانی دەرامەتێکی لاوەکی خۆیان پێشکەشبکەنو دەست بدەنە لەشفرۆشی.

دەوڵەتی مەسیحی زۆر بێهودە لەهەوڵی تاقیکردنەوەی پێویستبوونو زۆربوونی مەسیحیەتی خۆیدایە، ئەم دەوڵەتە وەك بۆرژوازی مەسیحی کاردەکات، کارێك کە مایەی هیچ جۆرە سەرسوڕمانێك نییە، هەموو دەیزانن کە دەوڵەتی مەسیحی تەنها سوپای بۆرژوازی مەسیحییە. دەوڵەت  بەتوندی دەربارەی یاسا بڕیاردەدات، مەبەست یاسایەکە کەبتوانێت ماوەی کاری ژنان لەئاستێکی قابیلی تەحەمولدا دیاریبکاتو یا کاری منداڵان قەدەغەبکات، بەهەمانشێوە کەناتوانێت بۆ زۆرێك لە کارمەندەکانی خۆی پشووی رۆژی یەکشەممە یا تەنانەت یەك رۆژ کاری ئاسایی ببەخشێتو ناچار زیان بەژیانی ئەوان دەگەیەنێت، کارمەندانی پۆستەو رێگای ئاسنو زیندانەکانو ئەوانی تریش دەبێت زۆربەی جار زیاتر لەکاتی دیاریکراو لەشوێنی کارەکەیان بمێننەوەو کاربکەن بەڵام کرێیەك وەرگرن کە لەگەڵ ئەو سەعاتکارە درێژانەدا نەگونجێت، بۆ نمونە لەچاو دەرامەتی کرێکارانو کارمەندانی بێ پلەوپایە کرێخانوویان زۆر زیاترە، ئەوان دەبێت

ڕەزیلییەکی زۆر بکەن لەگەڵ کەسانی تر خانوو بگرن و کرێی یەك هۆدە دایبینبکەن، یا تەنانەت مل بەهەردوو حاڵەتەکە بدەن،(40) پیرو لاو لەیەك ژووری بچووکدا ژیان بەسەردەبەن، هەردوو ڕەگەز تێکەڵ بەسەریەکدا کەوتوون و زۆربەی جار تووشی ڕووداوی ناخۆش دەبن، کە کردەوەی ناشیرین و هەستی شەرم لە مرۆڤەکاندا دروستدەکات و لەوبارەیەوە واقیعیەتێکی ترسناك هەیە، لەشارەکان و لادێکان باسی زۆر دەربارەی کێویبوون و بێئەدەببوونی لاوان لەئارادایە. دەبێت ببینین کە ئەو ڕووداوانە چ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر منالآن هەیە، بەتایبەت منالآنێك کە کاردەکەن، خراپترین شتێك کە دەکرێت تەصەوری بکەیت کاریگەری خراپی هەردولایەنی لاشەیی و ڕوحیە.

کارکردن لەبواری پیشەسازیدا بەتایبەت بۆ ژنانی خاوەن مێردو لەوەش خراپتر بۆ ژنانی سکپڕو زەیستان و منالەبەر شومترین عاقیبەتی بەدواوەیە، کارکردنی ئاوا لە کاتی سکپڕیدا نەخۆشی بەدیدێنێت کەکاریگەری خراپ دادەنێت هەم بۆ کۆرپەلەو هەم بۆ گیانی ژنەکە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی منالی ناکام و لەبارچوون و مردنی منال لەسکی دایکیدا.دایك ناچارە هەرچی زووتر بگەڕێتەوە کاگاو تا جێگاکەی نەگیرێت. بەرەنجامە سەرەتاییەکانی ئەوکارە بۆ منلانی بێچارە بریتییە لە کەمبوونەوەی چاودێری و کەمخۆراکی و....تاد ئاشکرایە کە ئەو منالانە لەپاڵ بوونی ئەو هەموو بەلایەدا ناتوانن ئارام بن و لە ئاکامدا بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشی ئازارەکانیان دەرمانی خەویان دەدەنێ، ئاکامی خراپی ئەمە زۆربوونی مەرگ و نەخۆشی و لەگەشەوەستان و بەیەك وشە شێوانی ڕەگەزییە، ژمارەیەکی زۆر لەمنالان گەورەدەبن بەبێئەوەی هەست بە خۆشی خۆشەویستی دایك و باوك بکەن و خۆشەویستی واقیعی دایكوباوکیان هەستپێبکەن، ئەوانە بەوجۆرە لەدایك



دەبن و گەورەدەبن و دەمرن، کرێکاران و هەموو خەڵك دەبینن کەئەوە تاوان و بەدکارییە لەسەریەك کەڵەکە دەبن.

لەسەرەتای ساڵەکانی دەیەی 60ی سەدەی ڕابردوو( مەبەست سەدەی نۆزدەیە–و.کوردی) لەناوچە ئینگلیزییەکانی چاندنی پەنبە ( جۆرە گیایەکە و.ك) کە لەئاکامی جەنگی ئازادیبەخشی کۆیلەکانی ئەمریکای باکور هەزاران ژن ناچار بەبێکاری کران، پزیشکەکان بە دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێش گەیشتن: ئەویش ئەوەی کە مردنی نالان کەمبۆوە، مەسەلەی ئەصڵی ئەوەبوو کە منالان لەو حاڵەتەدا لەزەتیان لەشیری دایکیان دەکرد و لەچاودێری باشتر بەهرەمەند بوون.

لەدەوروبەری ساڵەکانی دەیەی 70 لە ئەمریکای باکور بەتایبەتی لە نیۆیۆرك و ماساچوستپزیشکان دووبارە بەو بەهەمان ئەنجام گەیشتن، بێکاری ژنانی ناچارکرد واز لەکار بێنن و ئەمەش مۆڵەتی ئەوەی پێدان چاودێری منالەکانیان بکەن. لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوە نیشانی داوە کە لەبەر مانگرتنێکی گشتی لە سوید لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ساڵی 4909دا ئاستی مردن لە ستۆکهۆڵم و شارەگەورەکانی تری ئەو وڵاتە زۆر هاتەخوارەوە، بەجۆرێك کە پێشتر ڕوویندەداوە لەو وڵاتەدا، یەکێك لە بەناوبانگترین پزیشکەکانی ستۆکهۆڵم بڕوای خۆی لەو بارەیەوە ئاوا ڕاگەیاندووە: تائەو جێیەی کە ئاشکرابووە کەمبوونەوەی مەرگ بەو شێوە چاوەڕوان نەکراوەو بەهەمانشێوە بنەمای سەلامەتی خەڵك بەدڵنیاییەوە پەیوەندی هەیە بەو مانگرتنانەوە. بێگومان گرنگترین نیشاندەری بارودۆخ ئەوەیە کە چەندین دەستەی گەورە( سوپای بێکاران) لەبەر هەفتەکانی مانگرتن بواری ئەوەیان دەستکەوتووە کە لەدەوری یەك کۆببنەوەو لەژێر ئاسمانی ئازادو لە لەکەش و هەوایەکی ئازاددا قەرار بگرن، شتێك کە بۆ سەلامەتی گیان ئێجگار بەکەڵکە ئەم مەسەلەیە لە بابەت بڕیاری باشکردنی

ژوورەکانی کارکردنیشەوە راستە هەم ئیمانیشی هەیە. شوێنی کار دەبێت هەمیشە بەجۆرێك بێك کە سەلامەتی زیاترو مەترسی کەمتر بۆ ئەوانەی کاری تێدادەکەن مسۆگەر بکات، گرنگی قەدەغەکردنی خواردنەوەی ئەلکهولیش نابێت بەکەم سەیربکرێت.

لە پیشەوەری مالأنیشدا کە ناسیۆنال رۆمانتیسیستە ئابوورییەکان بە ئەمینی دەزانن، بارودۆخ هیچ باشتر نییە. لێرەدا ژنان لە بەیانی زووەوە تاشەو لەپاڵ پیاوەکاندا خەریکی کارن‌و منالأنی کەمتەمەنیش بە زۆرەملی دەخرێنە بەرکار. پیاوو ژن‌و هەموو خێزان‌و کەسەکان لەژوورێکی بچوکدا بەسەریەکدا کەوتوون‌و لە ناو پاشەرۆی کارو بۆنی ناخۆش‌و هالأوی وەرسکەردا ژیان بەسەردەبەن. شوێنی کارو شوێنی ژیان‌و ژووری نوستن هەموو بەیەکەوەن، ئەو ژوورانە لەراستیدا چاڵی بێهەواکێشن‌و مەترسیدارن بۆسەر تەندرووستی.

بارودۆخێکی بەتەواوی دژوارو بەردەوامیش لەحاڵی دژوارتربوونی کاروژیاندا هەروا ژنان‌و پیاوان ناچار بەکارێك دەکات کە لەبارودۆخی تردا نەفرەتی لێدەکەن. کارێك کە بۆنمونە لەساڵی 4877 لە مونیخ روویدا لە ناو لەشفرۆشانی رەسمی ژێرکۆنترۆڵی پۆلیس دا نزیکەی 203کەس لە هاوسەری کرێکاران کە زۆربەیان کرێکارانی دەستی بوون، ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی مێرددار بە بێئەوەی لەژێر کۆنترۆڵی پۆلیس دابن لەژێر گوشاری ناچاریدا دەستیاندایە لەشفرۆشیەهەستی ئابڕوو بەهای مرۆڤبوون بەتوندترین شێوە زەبری بەرکەوت.

## ژن لەداهاتوودا

ژن لە کۆمەڵگەی داهاتوودا لەڕووی ئابورییەوە بەتەواوی سەربەخۆیەو ڕووبەڕووی هیچ جۆرە دەسەڵات‌و چەوساندنەوەو پاشکۆیەتیەك نییە, لەبەرامبەر پیاودا وەك بونەوەرێکی ئازادو هاوشێوە دەبێت‌و چارەنووسی



خۆی بەدەستی خۆیەتی, پەروەردە کردنی ئەویش جگە لەهەندێ جیاوازی کەبەهۆی جیایی ڕەگەزی یەوە دروست بووە، وەك پەروەردە کردنی پیاوەو لەبارودۆخی سروشتی ژیاندا دەتوانێت هێزی دەروونی‌و هزری‌و ئامادەییەکانی لەسەر بنەمای پێویستیەکانی گەشە پێبدات‌و بەکاریان بخات، بۆ چالاکی نواندن لەهەر زەمینەیەکدا کەلەگەڵ خواست‌و ئارەزوو ئامادەییەکانیدا دێتەوە دەتوانێت هەڵبژێرێت‌و ئەو لەرووی کارەوە لەبارودۆخێکی هاوشێوەی پیاواندا دەبێت. بارودۆخی ژنانی کرێکار لەکاری عەمەلی‌و پیشەیی‌دا بەهەمان شێوە دەبێت. ژن لەبەشێکی تری ڕۆژدا پەروەردە کارو مامۆستاو پەرستار دەبێت، لەبەشی سێهەمدا کاری هونەری دەکات یاخود کارێکی عەمەلی دەکات، لەچوارەم بەشی ڕۆژدا کاری بەڕێوەبردن دەکات، لێکۆڵینەوە دەکات، کار دەخاتە ئەستۆی، لەخۆشیەکانی خۆشی دەبینێ‌و لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی یاخود لەگەڵ پیاوان بەو ئەندازەیەی خۆی دەیەوێت‌و ئیمکانیەتەکان بواری دەدەن کەیف‌و سەفا دەکات، لەهەڵبژاردنی خۆشەویستی‌دا وەك پیاو ئازادەو هیچ ڕێگریەکی لەبەردەمدا نی یە، خۆی پێشنیار بۆ هاوسەرگیری دەکات، یاخود پێشنیاری هاوسەرگیری بەبێ هیچ کۆت‌و بەندێك‌و بەمەیلی خۆی لەکەسانی دی قبوڵ بکات، ئەوە بڕیاری پەیمان بەستنێکی تایبەتیەو هیچ پێویستی بەکەسانی تر نیە لە نێوانیاندا، هەروەك هاوسەرگیریەکانی تا سەدەی ناوەڕاست کە ڕێککەوتنێکی تایبەتی بوو. لەم زەمینەیەدا سوسیالیزم شتێکی نوێ بەدی ناهێنێ بەڵکو لەقۆناغێکی بالأترو لەشێوەیەکی کۆمەلأیەتی تازەتردا هەر ئەو شتەی کەتا پێش موڵکایەتی تایبەتی لەکۆمەڵگادا باوبوو ئیعتیباری هەبوو دووبارە بەرهەم دێنێتەوە.

مرۆڤ خۆی دادوەری دەکات سەبارەت بەو پێشمەرجەی کە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی پێویستی بەکەسانی تر هەیە یاخود بەکەسانی تر زیان

ناگەیەنێت، تێرکردنی ئارەزووی سێکسی وەك هەر ئارەزوویەکی دیکەی سروشتی مەسەلەیەکی تایبەتیەو هیچ کەس مافی دەستێوەردانی نییە، هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە خۆی تێکەڵاوی مەسەلەی کەسێکی تر بکات، ئەوەی کەمن چۆن دەخۆم، چۆن بەشی زیندوومانەوە دەخۆم، چۆن دەخەوم‌و چۆن جل لەبەر دەکەم کاری تایبەتی منەو پەیوەندی منیش لەگەڵ کەسانی تر بەهەمان شێوەیە.

هەست، فێرکردن، سەربەخۆیی تەواو و هەموو تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی تاك لە کۆمەڵگەی داهاتوودا ڕێگر دەبن لەوەی کەتاك کارێك بکات بەزەرەری تەواوبێت. گرنگی بەخۆدان‌و ئاگاداربوون لە بوونی تایبەتی خۆ، لەلای ژنان‌و پیاوانی کۆمەڵگەی داهاتوو، لەچاو کۆمەڵگەی ئێستا، لەئاستێکی زۆر بەرزدا دەبێت.

مەسەلەیەکی بنەڕەتی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی داهاتوودا(واتە لە سوسیالیزمدا و.کوردی)هەموو جۆرە ترسێکی ئەحمەقانەو نەهێنی کاری مەسخەرە ئامێز لەباسکردنی مەسەلەی سێکسی لەناو دەچێت‌و پەیوەندی سێکسی زۆر سروشتی تر لەوەی ئەمڕۆ هەیە دروست دەبێت، ئەمڕۆ لەنێوان دوو کەسدا کە پەیوەندی ژن‌و مێردایەتی دەبەستن لادان‌و ناسازگاری‌و بەدوای ئەوانیشدا بێمەیلی سێکسی سەرهەڵدەدات، ئەخلاق دەیەوێت ئەو پەیوەندییە نا سروشتییە کەئەخلاقی تێدانەماوە چارەسەربکات لەو جێیەوە کە پەیوەندییەکانی تر لەبەرچاو ناگیرێت، زۆر ژنان ناچار دەکات پەیوەندی دەرەوەی هاوسەرێتی بگرن‌و یان تەنانەت لەشی خۆشیان بفرۆشن. جیهانی پیاوانە ناتوانێت لەوە باشتربێت. بەڵام گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ زۆرێك لەو قەدەغەکراوو فشارانەی ژیانی ژن‌و مێردایەتی فەراهەم دەکات‌و ڕێگادەگرێت لەوەی ئەو قەدەغە کراوانە بچنە ئایندەوە.



بەردەوام ژمارەیەکی زۆرتر لەڕێگرییەکان‌و ناکۆکییەکان‌و پەیوەندیە ناسروشتییەکانی هەلومەرجی ئەمڕۆی ژنان دەناسرێن. ئەم کارە لەمەسایلی کۆمەڵایەتی‌و لەداستانەکاندا نمونەیەکی زیندووە، بەڵام زۆربەی‌جار بەشێوەیەکی نەگونجاو دەردەبڕدرێت بەجۆرێك کەهاوسەرگیرییەکانی ئەمڕۆ زۆرکەم ئامانجەکانی خۆی دەپێکێ. هیچ کەسێك کە بیربکاتەوە ئەو راستی ئینکار ناکات‌و بەو پێیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئازادی هەڵبژاردنی عیشق‌و ئازادی کۆتاییهێنان بەو پەیوەندیانەی لەو عیشقەوە سەرچاوەی گرتووە بەکارێکی سروشتی دەزانێت، مەیلی نییە لەپێناوی گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی موجوددا کەمەر توندکاتەوە. ئەوانە باوەریان وایە کەتەنها چینە باڵاکان پێویستە خاوەن ئازادی پەیوەندی سێکسی بن. بۆ نمونە(ماتیلدە رایشهارد ئەشترومبەرگ)لەپلمیکێکدا دژی چالاکییەکانی ژنە نووسەرێك بەناوی(فانی لواڵد – Fanny Lewald)لەبەرامبەر مەسەلەی یەکسانی مافەکانی ژنان دەڵێت: "ئەگەر ئێوە(F.L)داوای یەکسانی مافی ژنان لەگەڵ پیاوان دەکەن بەو پێیە (گئورگەسند)یش لەسەرحەق دەبێت کە هەوڵدەدات بۆ ئازادبوونی خۆی، ئەوە هەوڵێکە لەپێناو شتێکدا کە لەمێژساڵە بەشێوەیەکی ئینکار نەکراو تابەتە بە پیاو. لەبەرئەوە هیچ دەلیلێکی عاقڵانە لەبەردەستدا نیە کە بۆچی دەبێت سەری ژن وەك پیاو لەیەکسانی مافدا بەشدار بێت بەڵام دڵی بەشدارنەبێت، بەپێچەوانەوە باشترە ژن لەسەر بنەمای سروشتی خۆی لەسەر حەق بێت‌و دواتر بەئەرکی خۆی بزانێت کەبە مێشکی خۆی فشار بهێنێ بۆ تێکشکاندنی دێوەزمەی فکری ڕەگەزی تر. بەتەواوی دەبێت مافی ئەوەی هەبێت هەر جۆرێك کەبەراستی دەزانێت سوڕی خوێنی دڵی خۆی خێرا بکات بۆ پاراستنی هاوسەنگی، لەبەر ئەوە بۆ نمونە هەموومان بەبێ ئەوەی لەڕووی ئەخلاقیەوە دڵتەنگ بین لەبابەتەکانی گۆتە دەیخوێنینەوە(تەنها بۆ ئەوەی

نمونەکـــەمان لەگـــەورەترین مرۆڤـــەکان وەرگرین)کەئـــەو بـــەزۆری لەهـــەر سەردەمێکدا چۆن گەرمی دڵی خۆی لەبەر پێی ژنێکی تازەدا دەرشت. مرۆڤی وشـیار ئەمـەو بەهەمانشـێوە رێگاکـانی تێرکردنـی رۆحـی گـەورەی ئـەو بەکارێکی سروشتی دەبینن، تەنها ئەخلاقپەرستێکی بیرتاریک سەرزەنشتی ئەو دەکات، کەبۆچی ئێوە دەتانەوێت"رۆحە گەورەکان"لەبەر خاتری ژنان سوکایەتی پێبکەن !...وای دادەنێت کە رەگەزی ژنان بەگشتی لەرەگەزی روحی گەورەی گئورگەسند بێت و هەر ژنێک بتوانێت(Lukrtia Florian) بێت. منداڵەکانیان هەموو زادەی خۆشەویستی بن، هەموو ئەو منالانە بە خۆشەویستی راستەقینەی دایکانەو لەخۆ بوردویی وشیارانەی پێویست پەروەردە کرابێتن، جیهان لەژێر بەیداخی ئەو بارودۆخەدا چی بەسەر دێت؟ بێ دوو دڵی جیهان دەتوانێت لەگەڵ بوونی هەموو ئەوانەشدا بوونی خۆی درێژە پێبدات و وەکو ئەمڕۆ پێش بکەوێت و زیاد لە پێویست خۆشحاڵ بێت".

بەڵام بۆچی تەنها(رۆحە گەورەکان)ئەو مافەیان هەبێت و کەسانی تر کە خاوەنی رۆحی گەورە نین ئەومافەیان نەبێت؟ ئایا تەنها یەک گۆتە یان یەک گئورسەند(دوو کەس لەهەموو ئەوانەی وەک ئەوانیان کردووەو دەیکەن) لەتوانایاندایە بەپێی ئارەزووەکانی دڵیان بژین؟ رووداوەکانی خۆشەویستی گۆتە نیوەی کتێبخانەیەکە بەڵام لایەنگرانی گۆتە گوێ بەوە نادەن بۆچی شتێک کە بۆ گۆتەیەک و گئورکەسەندێک وەک مەسەلەیەکی چاکسازی کراو قبوڵ دەکرێت، بەڵام بۆ کەسانی دی قەدەغەیە؟

لەدنیای ئازادی بورژوازی-دا ئیعتباردان بە ئازادی هەڵبژاردنی عیشق کارێکی نا مومکینە، بەڵێ لەم بارەیەوە بەڵگەکانی ئێمە دەگاتە ئەوپەڕی، بەڵام بەگشتی مرۆڤ لەهەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەدا قەراری گرتووە، ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆ تەنها لەبابەت زاراوە مادی و فکریەکان تەحەمول



دەکرێت بەگشتی ئازادیە هاوشێوەکانی لەتوانادایە، لەنووسینێکی jacquesدا گئورگەسەند باسی پیاوێکی ژندار دەکات کە پەیوەندی ناپاکانەی ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکی تردا داوەری دەکات: "هیچ کەس ناتوانێت دەربارەی خۆشەویستی فەرمان بدات، ئەگەر پیاو ئارەزوی لەژنە یا پێویستی پێیەتی کەس کەمتەرخەم نییە ئەوەی ژن بچوک دەکاتەوە درۆیە، ئەوەی کەدەبێتە مایەی تەلاقدان ئەو چەند کاتژمێرە نییە کەلەگەڵ دۆستەکەی بەسەریبردووە، بەڵکو شەوی دوای ئەوەیە کەلەگەڵ هاوسەرەکەی دەیباتە سەر".

jacques بەئەرکی خۆی دەزانێت کەلەروانگەی خۆیەوە جێگای خۆی بدات بە چاودێرێک و لەم بارەیەوە فەلسەفە لێبدات"بورل ئەگەر لەجێگای من بێت بەئاسانی ژنەکەی کوتەککاری دەکات و شەرمیش ناکات دواتر بچێتەوە پاڵی و ماچی بکات. پیاوانێک هەن کەبەبێ سەرنجدان بەشێوەی رۆوژهەڵاتی ژنە بێوەفاکانیان بەمەبەستی کوشتن دارکاری دەکەن، چونکە ژنەکانیان بەبەشێک لە سەروەتی یاسایی خۆیان دەزانن. پیاوێکی تر لەدۆستی ژنەکەی دەدات، ئەیکوژێت یا لەماڵ دەریدەکات، دوایش بەژنەکەی دەڵێت کەچەند ئەوی خۆشدەوێت بۆ ماچ و کەیف و سەفا، یاخود تورەو مۆن خۆی دەخاتە لاوەو یا لەگوماندا دەست لەخۆی بەردەدات. ئەمەیە کەلە خۆشەویستی ژن و مێردایەتیدا بەرێوەدەچێت، کەبە بڕوای من خۆشەویستی ئەم جۆرە کەسە دڵرەقانە هەیەو بەقەدەر خەیاڵی خۆشەویستی بەرازەکان دەبێت.

براندیس بەم چەند دێڕە سەرنجمان رادەکێشێت "ئەم راستیانەی کەبۆ جیهانی(فرهیختە)ی ئەمڕۆی ئێمە وەک شتێکی سەرەتایی ئەژمار دەکرێ، 50ساڵ لەمەوبەر بێگومان بێ وەڵام بوون". بەڵام هەر ئەم جیهانە پێشکەوتوو خاوەن ئیمکانە لەگەڵ ئەوەی کە دوای گئورگەسەندیش هاتووە، ناوێرێ لەبەرامبەر ووشە بەڵگەدارەکانی گئورگەسەند راستگۆیانە دانی پێدا

بنێت. ئەو بەهەمان شێوە کە لە ئاینو لە ئەخلاقدا، ریاکاری دەکات، لەهاوسەرگیریشدا ریاکاری دەکات، ئەوەی گۆتەو گئورگەسەند ئەنجامیان داوە ئەمڕۆ هەزاران کەس ئەنجامی دەدەن، کەناتوانن خۆیان بەوان پێناسە بکەنو پەیوەندیشیان بە کۆمەڵگاوە هەرماوە، مرۆڤ پێویستە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕەکان بێت، هەموو شتێك خۆی دێتە پێشەوە، کەئازادیەکانی گۆتەیەكو گئورکەسەندێك لەڕوانگەی ئەخلاقی بۆرژوازیەوە گۆڕا بە بەدئەخلاقی، لێرەوە ئەوان لەو یاسا ئەخلاقییانەی لە کۆمەڵگاوە هەڵقوڵاوە دوا دەکەونو لەگەڵ سروشتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێمە دەکەونە ناکۆکیەوە، هاوسەرگیری ناچاریو زۆرەملێ بەلای کۆمەڵگەی بۆرژوازیەوە ژنو مێردایەتییەکی ئاساییەو تاکە فۆرمی پەیوەندی سێکسیە کەئەخلاقی بێتو هەموو جۆرە پەیوەندیە سێکسیەکانی تر بێ ئەخلاقین. ژنو مێردایەتی بۆرژوازی کەئێمە بەدەلایلی حاشاهەڵنەگر سەلماندومانە بەرەنجامی پەیوەندی موڵکایەتی بۆرژوازیەو پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە موڵکایەتی تایبەتیو ماف میراتو لەوێشەوە تایبەتکردنی ماف میرات بەمناڵانی"شەرعی". زاراوەی(مناڵانی شەرعی) تەنانەت بۆ ئەوانەی میراتیشیان نیە، لەژێر گوشاری بارودۆخی کۆمەڵایەتی دا دەبێت بەکاری بهێنێتو قبوڵی بکات. هاوسەری لێرەدا یاسایەکی کۆمەڵایەتیەو سەرپێچی کردن لێی ڕووبەڕووی سزای دەوڵەت دەبێتەوە، بەجۆرێك کەئەو پیاو و ژنانەی خیانەت دەکەنو جیادەبنەوە وەك یاخی لەیاسا دەناسرێتو ماوەیەك زیندانی دەکرێت.

لەکۆمەڵگای سوسیالیستی دا هیچ شتێك لەئارادا نییە ببێت بە میرات، جگە لەوەی کە مرۆڤ بیەوێت ئامرازەکانی ناومالو پێویستیە تایبەتیەکانی خۆی وەك میرات لەبەر چاو بگرێت، بەم پێیە شێوەی ئەمڕۆی هاوسەرگیری لەناو دەچێتو هاوکات هەموو ئەو مەسەلانەی لەپەیوەندی میراتەوە



هاتوونەتە ئاراوە کۆتاییان دێت. لەسەر ئەو بنەمایە سۆسیالیزم بە پێویستی نەزانیوە دەربارەی هەڵوەشانەوەی میرات قسەبکات، سەروەتو سامانی تایبەتی، کەماف میراتگرتنی لەسەر دامەزراوە، لە ئارادا نیە. ژن ئازادەو مناڵەکانی ئازادی ئەو بەرتەسك ناکەنەوە. بەڵکو بەهۆی مناڵەوە خۆشیەکانی ژن زیاددەکات، ژنانی پەرستارو بەخێوکەر ژنانێك کە ئارەزوویان لە کوڕەو کچانی تەمەنی هەرزەکاری هەموویان ئازادو سەربەست دەبنو لەهەر شتێکدا پێویستیان بە کۆمەك بوو پشتیوانی واقیعی دەکرێن.

لەداهاتووشدا ڕەنگە پیاوانێك هەبن وەك (ئا. هامبۆڵت)بڵێت "من بۆ ئەوە دروست نەبووم ببمە باوکی خێزان، لەمەش واوەتر بەبڕوای من هاوسەرگیری هەڵەیەو مناڵ خستنەوەش تاوانە"واتای ئەمە چیە؟ توانای غەریزە سروشتیەکان ئەو جۆرە ئەنجامگیریانە راست دەکاتەوە، دوژمنکاری کەسێکی وەك ئا.هامبۆڵتو گومانی فەلسەفی کەسانی وەك شۆبنهاوەرو مین لەندەرو هاتمەن کە فەوتانی مرۆڤایەتی لە بەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی نمونەییدا دەبینن، ئێمە نالەرزێین. ئێمە روو دەکەینە ئێف ئار ڕاتسل کەبەڕاستی دەنووسێت:

"مرۆڤ مۆڵەتی ئەوەی نییە خۆی لە سەرو یاسا سروشتی یەکانەوە دابنێتو دەبێت لەکردەوەو بیرکردنەوەی خۆیدا دەست بداتە پەیڕەوی کردنی ئەو یاسایانەو ژیانی خۆی بەپشت بەستن بەیاسا سروشتیەکان بەڕێوەبەرێت. زەمانێك دادێ کە مرۆڤ هاوژیانی لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە پێیان دەوترێت خێزانو دەوڵەت نە لەسەر بناغەی یاسای سەدەها ساڵ پێشتر، بەڵکو لەسەر بناغەی بنەماکانی عەقڵو زانستی گونجاو لەگەڵ سروشت دیاری دەکات. سیاسەتو ئاکارو یاسا حقوقیەکانو مەسایلی لەو جۆرە کەئەمڕۆ لە هەموو سەرچاوەکان ئاو دەخۆنەوە تەنیا لەسەر بناغەی یاسای سروشتی ڕێکدەخرێن بوونێکی شایستە بە مرۆڤ بەواقعی بەدیدێت

که هەزاران ساڵه ئەفسانه لەباریەوه دەنووسرێت". ئەو کاته بەهەنگاوی ماددی نزیك دەبێتەوه، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەزاران ساڵ قۆناغی پێشڕەوی دەبڕێت تا سەرەنجام بەشوێنێك بگات که لێیەوه هاتووه، واته بگاتەوه به موڵکایەتی کۆمۆنیستی و یەکسانی تەواو و برایەتی نەك بۆ هاوپشکه میراتبەرەکان، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤەکان، ئەوەیه پێشکەوتنی گەورەکه مرۆڤ دەستی پێیدەگات، ئەوەی که کۆمەڵی بۆرژوازی بێهوده هەوڵی بۆداو عەمەلی نەبۆوه، واته ئازادی و یەکسانی و برایەتی هەموو مرۆڤەکان له سۆسیالیزمدا دەبێت بەراستی، کۆمەڵی بۆرژوازی تەنها لەتوانایدایه تیۆریٚ دروست بکات وەکو هەموو شتەکانی تر، لەم بارەیەوه هەموو تیوریەکانیان لەگەڵ پراکتیکدا بەیەك دەگەن. کاتێك که مرۆڤایەتی لەپێشڕەوی خۆیدا دەگەڕێتەوه خاڵی دەستپێکردنی، بەڵام لەقۆناغێکی زۆر باڵاتر لەوەی پێشتر بوویەتی و تێپەڕیوه. کۆمەڵگای سەرەتایی له ڕژێمی دایکسالاری، له(کلان) و له موڵکایەتی گشتی ئەم جۆره ژیانەیه: تەنها له شێوەی توندوتیژ ترو له قۆناغی دواکەوتوو. بزوتنەوەی گەشەسەندن کەلەوکاتەدا دەستی پێکردووه موڵکایەتی گشتی هەڵوەشاندەوه (جگه لەهەندیٚ پاشماوەی بچوك) وه ڕژێمی دایکایەتی لەناوبردو دواتر تەواوی کۆمەڵگای ئۆتۆمیزه کرد، بەڵام ئەو بزوتنەوەیه له قۆناغه جۆراو جۆرەکانیدا هێزه بەهەرمهێنەرەکانی کۆمەڵگاو چەند لایەنی پێویستیەکانی زۆر پەرەپێدا، لەدەرەوونی تیرەو نەتەوەکاندا نەتەوەو دەوڵەتی گەوره سەریانهەڵدا، ئێمه بینەری سەرهەڵدانی بارودۆخێك بووین که لەگەڵ پێویستیەکانی کۆمەڵدا ناکۆك بوو، ئەرکی ئایندەیه که ئەو ناکۆکیه نەهێڵێت و لەبارەی گۆڕینی موڵکایەتی و ئامرازی کار لەپێشکەوتووترین ئاستدا بۆ موڵکایەتی گشتی بڕیار بدات.

کۆمەڵگا بۆ شتێك دەگەڕێتەوه که زەمانێك خۆی دەیخواست و خۆی دروستی کردبوو، کۆمەڵگا ئیمکانی هەموو شتێك بەپێی بارودۆخی نویٚ و



ژیان و قۆناغی پێشکەوتووتری فەرهەنگی دڕەخسێنیٚ بەو مانایه هەموو ئەو شتانەی له پەیوەندیه سەرەتاییەکاندا دەتوانرا بۆ کەسان یاخود بۆچینێکی تایبەت ئیمتیاز بن بەهەمووانی دەبەخشێت، وەئێستا ژن دووباره ڕۆڵێکی چالاك دەگێڕیٚ، وەك ئەوەی له کۆمەڵی سەرەتایی دا هەیبوو. بەڵام نەك وەکو ژنی بەدەسەڵات بەڵکو وەکو خاوەن مافی یەکسان.

باخ ئۆفن له نوسینەکەیدا(مافی دایکایەتی)دەنووسێت(کۆتایی کاملبوونی دەوڵەت هاوکاته لەگەڵ دەستپێکردنی بوونی مرۆڤ، کەسەرەنجام دووباره یەکسانی واقیعی دەگەڕێتەوه، بوونی جێی ڕەزامەندی دایکایەتی دەست پێدەکاتەوەو کۆتایی به بەدوەرسورانی مرۆڤایەتی دێنێت".

مۆرکانیش رایدەگەیەنێت:

"لەسەردەمی پەیدابوونی تەمەدوندا گەشەی سەروەت ئەوەنده گەورەو شێوەی سەروەت ئەوەنده هەمه جۆرو بەکاربردنی ئەوەنده به کۆمەڵ و بەڕێوەبردنی ئەوەنده به خواستی خاوەنەکانیەتی که ئەو سەروەته لەبەرامبەر بەرهەمهێنەرانی دا وەك هێزێکی کۆنترۆڵ نەکراوی لێدێت. مرۆڤەکان لەڕووی شتێك کەخۆی دروستی کردووه بیٚ تواناو مەیدان دەوەستن، بەڵام سەردەمێك دێت کەتیایدا هەستی مرۆڤانه بەهێزتر دەبێت بۆ زاڵبوون بەسەر سەروەتدا، سەردەمێك که پەیوەندی دەوڵەت و موڵکایەتی موڵکایەتیەك که پارێزگاری لێدەکریٚ و سنوری مافی ئەوانەی هەیانه دیاریکراوه. بەرژەوەندی کۆمەڵگا بەشێوەی ڕەها لەسەر ئارەزووی تاکەکەس داناڕێژریٚ، بەجۆرێك کەهەردووکیان لەپەیوەندی یەکی عادیلانەو هاوسەنگ دا کەڵك لەیەکتر وەربگرن. ئەگەر جۆرێکی تر پێشکەوتن ببێته یاسای ئاینده(وەك ئەوەی لەرابردوودا هەمووه)ئیتر تەنیا بەدەستهێنانی سەروەت حوکمی کۆتایی مرۆڤایەتی ناکات، ماوەی نێوان سەرەتای تەمەدون و تا ئێستا تەنیا بەشێکی بچووك لەژیانی مرۆڤایەتی و بەشێکی بچوکی

ئایندەیە،دابەشبوونی کۆمـەڵگا بەشێوەیەکی مەترسیدار لەبەرامبـەر ئێمـەدا وەك بەرهەمی ڕەوەندێك لەئارادایە. رەوەندێك كە كۆكردنەوەی سەروەت تەنیا ئامانجیـەتی. ئـەو رەوەنـدەی کەلـەناو خۆیـدا رەگـەزی لـەناوبردنی خـۆی هـەڵگرتووە. دیموکراسـی لەبـەڕێوەبردنی برایـەتی لـە کۆمەڵـداو یەکسـانی لەمافداو فێرکردنی گشتی لەقۆناغێکی باڵاتردا، بۆ یەکەمجار لە بەردەوامی پێدانی تاقیکردنـەوەو عـەقڵو فێرکردنـی بەکـەڵك بـەکاردێت. ئەمـە لەوانەیـە دووبارە بێت، بەڵام لە ئاستێکی باڵاتر لەئازادیو یەکسانیو برایـەتی لەچاو نەوەکانی پێشوو.

بەمشێوەیە، پیاوانێـك سـەرەڕای جیـاوازی تیێڕوانینشیان لەسـەر بنـەمای لێکۆڵینەوەیـەکی زانسـتی دەگەنـە یـەك ئـەنجام: یەکسـانی تـەواوی مافـەکانی ژنو بەرابەرییان لەگەڵ پیاو، یەکێکە لەئامانجەکانی پێشکەوتنی فەرهـەنگی ئێمەیە، هـیچ هێزێکـی سـەر رووی زەوی ناتوانێت بـەری پێبگرێت. ئـەم کـارە تەنها بـەگۆڕینی شێوازێك مەیسـەر دەبێت، گۆڕینی شێوازێك کە باڵادەستی مـرۆڤ بەسـەر مرۆڤداو هـەروەها باڵادەستی سـەرمایەداران بەسـەر کرێکارانـدا هەڵدەوەشێنێتەوە. ئـەو "سـەردەمەزێڕینە" کـە هـەزاران ساڵە مـرۆڤ خـەوی پێوەدەبینێـتو ئـارەزووی دەکـات، دواجـار دێتـەدیو تیایـدا دەسـەڵاتی چـینایەتیو بەهەمانشـێوە دەسـەڵاتی پیـاو بەسـەر ژنـدا بەیـەکجاری لەناودەچێت.



# سۆشیالیزمو ژن

جان فریفیل

لەعەرەبییەوە: باوکی داوەر

خانـەوادە پێکهاتێکی کۆمەڵایـەتی نـەمر نییـە, بەدرێـژایی مێـژوو چـەندەها گۆڕانکاری بەسـەرداهاتووە, ئـەو گۆڕانکارییانـەش لەدوالێکدانـەوەدا هۆکـاری ئابووری رۆڵی گەورەی تێدا بینیوە.

کۆیلـەبوونی ژن لـەو قۆناغـەدا دەسـتی پێکـرد کـە خانـەوادە کەوتـە بەرهەڵسـتی لەگـەڵ هـۆزداو خاوەنداریـەتی تایبـەت گەشـەی کـردو کۆمـەڵ دابەش بوو بەسەر چەند چینێکداو ڕێگای‌خۆشکرد بۆ سـەرهەڵدانی دەوڵـەت بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر کێشەو ناکۆکی‌یە چینایەتییەکاندا.

لەوسـەردەمە کۆنانـەدا, کـە سـەدەی پـێش مێـژووە, پیـاو بەئـەرکی ڕاو هەڵدەسـتا, لەوشـکانی یـاخود لـەئاودا, ژنـیش هەڵدەسـتا بـە بـەخێوکردنی منداڵـەکانیو پاراستنی ئـەو منداڵانـە لەمەترسـی سـەرماو گـەرماو گیانـەوەرە مەترسـیدارەکان. هـەروەها ژن گـژوگیای کـۆدەکردەوەو ئامـادەی دەکـرد بۆچارەسـەرکردنی نەخۆشـیو بـرین, وە کۆکردنـەوەی بـەروبوومی ئاژەڵـە ماڵی‌یـەکانی لەئەسـتۆ بـوو هـەوڵو مانـدبوونی زۆری لـەو پێنـاوەدا

پێشکەشدەکرد. ئەم کارو چالاکیە بنەڕەتی‌یانە, پایەی بەرزتری دەدا بە ژن لەچاو پیاودا, بەتایبەت کە ئەو پارێزەری نەسڵی مرۆڤ بوو, چونکە هەر ژن بوو منالی بەخێودەکردو سەرپەرشتی دەکرد, ئەو دەستپێشکەری دەکردو شتە قەدەغەکان‌و بەتایبەت دیاردە پیرۆزەکان ئەو دیاری دەکرد, ئەوکلیلی کردنەوەی نهێنییەکانی سروشت بوو, بۆیە هەم جێگای ڕێزلێنان‌و هەم جێگای ترس بوو. لەبەرئەوە پیاو ڕێزی لەتواناکانی دەگرت‌و سەرپێچی فەرمانەکانی نەدەکرد، وە هەر لەسەر ئەو بنەمایە پیاو ژنی بەیەکسانی خۆی دادەنا لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌و هزریەوە, تەنانەت بەزیاتریش لەخۆی دایدەنا نەك کەمتر.

بەمجۆرە ژن چۆتە جیهانی ئەفسانەو خورافاتەوە, کە هەندێك جار پەیکەریان لە وێنەی خوا بۆ داتاشیوە. وەکو خوای بەرپرسی زاوزێ‌و جووتبوون دانراوە, وەك بەخشێنەری زیرەکی سەیرکراوەو پێشبینی دواڕۆژی کردووە, وە زۆرجاریش بەجنۆکەو جادوگەر ناوبراوە کە دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر زەوی‌دا هەیە, وەك نیشانە بۆ زیرەکی‌و زۆرزانی ژن. لەبەرئەوانە ژن هەڵگری نهێنیەکان‌و هێزە نادیارەکان بووەو هێزی سەروو سروشتی تێدا بەرجەستەبووە، هێزی جادوگەرێکی نارۆشن.

لە سەردەمی رژێمی (دایك سالاری)دا ژن دەسەڵاتێکی زۆری لەدەستدا بووە, ئینتیمای منداڵ بۆ دایك بووەو منداڵ چووەتە سەر هۆزی دایك. بەڵام دواتر ئاسن‌و زیوو مس دۆزرایەوەو چەك‌و ئامرازی کانزایی شەڕ پەیدابوون‌و شەڕەکان سەریانهەڵدا کەبوونە سەرچاوەی قازانج‌و بەرهەمی زۆر, ئەمەش زیاتر پایەی پیاوی گەورە کردو کاردابەشکردنی پێشووی سەروبن گۆڕی, کاری ژنانی کرد بەپلەدوو تایبەتی کرد بەماڵدارییەوە. وە لەگەڵ فراوانبوونەوەی مەودای خاوەنداریەتی تایبەتی‌و کەڵەکەبوونی سەرەوەت لەخێزانداو هاوکات لەگەڵ بوونی ئارەزووی بەردەوام بۆ



دەوڵەمەندبوون، کێشەی میرات سەریهەڵدا. کاتێك باوك خاوەنی چەك‌و ئامرازی ڕاوو نان پەیداکردن‌و خاوەن مەڕومالات‌و کۆیلە بوو، ویستی ببێتە خاوەنی منالەکانیشی، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا سەروەت‌و ماڵەکەی بەفیڕۆ نەچێت بەهۆی ئەوەی لە رژێمی دایکسالاریدا نەسەبی منداڵەکانی دەگەرایەوە بۆ هۆزی دایك، کە ئەو دەیویست ئەو نەسەبەو سەروەتەکەش بگەرێتەوە بۆ باوانیان. بۆیە پیاو تێکۆشا ژن لەسەر کورسی دەسەڵات بێنێتە خواری‌و ژنیش هەولی دەدا جێگاوشوێنی خۆی بپارێزێت، بەڵام دوای ململانێیەکی زۆرو درێژخایەن سەرەنجام پیاو سەرکەوت کە دەیخواست جێگاوشوێنی کۆمەڵایەتی گونجاوبێت لەگەڵ رۆڵی ئابووری.

بەو شێوەیە ئینتیمای منال بۆدایك‌و مافی دایك بۆ میرات هەڵوەشایەوەو ئیتر چەند ژنەو زەواجی کاتی جێگای تاکهاوسەری گرتەوەو هەر بۆ پیاو هەبوو هاوسەری قەبوڵ بکات یان هەڵیوەشێنێتەوە. ئیتر سستمی باوك سالاری جێگای سستمی دایك سالاری گرتەوە کە لەسەر پایەی دەسەڵاتی پیاو وەستاوە, کە دەیەوێت باوکایەتی خۆی بنوێنێت‌و هیچ گومانێك لەخاوەنداریەتی منالەکانی نەبێت بۆئەوەی سەرەوەت‌و سامانی بۆئەوان بمێنێتەوە.

بەوجۆرە ژن هەستی بەشکستی مێژوویی خۆی کرد, لەو رۆژگارەوە ئیدی دەسەڵاتداریەتی پیاو جێکەوت کەوەك ئامرازی کارکردن‌و منداڵ هێنان تەماشای ژن دەکات‌و ژنی‌کردووە بەپاشکۆی ماڵە مێردی لەجیاتی ئەوەی سەر بەبازنەی باوانی بێت.

وە هەندێك جار لەگەڵ مەڕو مالات‌و چەك دا مامەڵەیپێدەکراو دەگۆڕدرایەوەوگومانی هەرخیانەتێکیشی لێکرابێت کوژراوە لەبەر ئەوەی بەو کارە گومانی خستۆتە سەر ئەوەی منالەکانی هی پیاوەکەی بن.

ژن لەو ڕۆژگارەوە، لەرژێمەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری دا رووبەڕووی دووجۆر چەوسانەوە بۆتەوە, چەوسانەوەیەك لەناو کرمەڵگاداو چەوسانەوەیەك لەناوخێزاندا.

شەریعەت و ئاینەکانیش ئەمحاڵەتەی ژنانیان زیاتر جێخست و گرنگی ژنانیان تەنها لە وەچەخستنەوەدا کورتکردەوە، شەریعەتی مانو و ئاینی موسا فەرمان دەدەن بەدەرکردنی ئەو ژنانەی کە نەزۆکن. هەروەها پەرتوکە پیرۆزەکانی هیندیش ژنی بێبەش کردووە لە مافی ئازادی و خاوەنداریێتی سەروەت. ئەغریقیەکانیش لەڕووی دابینکردنی مافەکانی ژن, لەگەلانی ڕۆژهەلات باشتر نەبوون, باوك یان سەروەسیەتەکەی دەیانتوانی کچ بدەن بەو کەسەی کەخۆیان ئارەزووی دەکەن, وە بۆ مێردیش هەبوو ئاڵوگۆڕی پێبکات یاخود بیبەخشێت. ئەگەر ژن نەزۆك بوایە ئەوا وازلێنەهێنانی تاوانێك بوو دەرهەق بەخوا, ژن لەگۆشەگیرییەکی تەواودا دەژیا لەدەرەوەی خۆی دابڕابوو، لەکاتێکدا پیاو ژیانی خۆی تەرخاندەکرد بۆکارکردن لە هەموو بوارەکان و مەیدانەکان دا.

سەبارەت بەو هەلومەرجە نالەبارەی ژن، هاوارو ناڕەزایی بیرمەندانی ئەغریقمان نەبیست, بەپێچەوانەوە هاواری دژی ژنی نووسەران و بیرمەندانی ئەغریق زۆربوو، بۆنمونە فیساگۆرس پێیوابوو "پرەنسیپی چاکە یاساو رووناکی و پیاو درووست دەکات و پرەنسپی خراپەش ئاژاوەو تاریکی و ژن بەرهەمدێنێت". وە ئەبقرات رایگەیاند " ژن لە خزمەتی سکدایە. هەروەها ئەرستۆیش پێی وایە "مێ بۆیە مێیە چونکە لەڕووی سیما و سیفەتەکانیەوە کەم و کورتی هەیە" بەلام هەرچی ئەفلاتونە بانگەشەی بۆ هاوبەشی ژنان دەکرد.



ڕۆمانیە کۆنەکانیش باوەڕیان بەئازادی سەربەخۆ نەبوو بۆ ژن, بۆیە خستبوویانە ژێر چاودێری باوك. هەرچەندە لە دواییدا ئەم مافە بەجۆرێك لەجۆرەکان بەقازانجی ژن کەوتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحی, ژنان و کۆیلەکان هیوای گەورەیان بە ئازادی پەیداکرد, بەلام هەر زوو بێئومێدبوون کاتێك ئاینی مەسیحی لەئاینی هەژاران و بەشمەینەتانەوە بوو بەئاینی دەوڵەت. هەر بۆیە دەبینین قەشە بۆڵس دەڵێت، پیاو لەپێناو ژن دروست نەبووە, بەڵکو ژن لەپێناو پیاو دروست بووە.

هەروەها باوکان(قەشەکان) و کاربەدەستانی کەنیسە ژنیان بەدوژمن دەزانی. دەیانگوت ژن هۆی خراپبوونی مرۆڤو تەڵەی شەیتان و ماندووکەری رۆحە. تەرتولیان هاوار دەکات و دەڵێت ئەی ژن.. تۆ دەروازەی شەیتانیت, وە یۆحەناش دەمی ئاڵتوونی دەکاتەوەو دەڵێت: لەناو هەموو دڕندە مەترسیدارەکاندا هیچیان ئەوەندەی ژن زیان و ئازاری توندی نییە. وە توما ئەکوینی دەڵێت: ژن لەچارەی نوسراوە لەژێر سایەی پیاودا بژی و جگە لەوە هیچ دەسەلاتێکی نابێت و دنس لەوەش واوەتردەچێت و دەڵێت: ئەوەی ژنی وا پیس و قێزەون کردووە, پەیوەندی سێکسی و پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێیە, کە کاهینەکان خۆیان لێمەحروم کردووە. هەر ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی پاپا بیوسی نۆهەم، ساڵی (4854) باوەڕی ئەوەی راگەیاند کە سکپڕبوونی بێپیادەکردنی سێکس نەفرەتی هەتاهەتاییە لە ژن وەکو مێ.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ژن وەکو موڵك بۆ پیاو سەیردەکراو بەشێك بوو لەسەروەت و سامانی پیاوو چارەنووسی بەدەست ئەو بوو, پیاو بۆی هەبوو مامەڵەی خراپ لەگەڵ ژنەکەی بکات و لێیبدات و سزای گونجاوی بدات و بیبەخشێ و تەنانەت بیفرۆشێت. هەر کاتێکیش سەفەریان بکردایە (وە یان بچوونایە بۆ جەنگ) ژنەکانیان دەبەستەوە بە پشتێنێك, پێیان دەووت

(پشتێنی پاکی – حزام العفه). دایک هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر کوڕەکانیدا نەبوو, دوای ئەوەی تەمەنیان دەگەیشتە (7)ساڵ, وە بۆ ئەو منداڵە هەبوو کە خۆی بەخاوەنی دایکی بزانێت, بەتایبەتی کاتێك کە باوکی دەمرد.

ئەوەی باسمان کرد بارودۆخی ژنانی ناو چینی دەسەڵاتدار بوو, بەڵام هەرچی ژنی جووتیاران بوو وەك ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. (بێفەڕو سوكو نەزانو هاوڕاوی ژێردەستەی ئەو پیاوەی کە خۆی ژێردەستەی دەرەبەگە).

سەدەی بووژانەوەش هەلومەرجی ژیانی ژنی لەڕووی مافەکانییەوە بە تەواوی هەڵنەستاندەوە, بەڵام ئاڵوگۆڕو گەشەکردنێکی گەورە بوو لەرووی ئادابو ئاکارەوە. ڕێو رەسمی دەرەبەگایەتی پاشەکشەی کرد لە بەرامبەر شاڵاوی ئەو بیروباوەڕو هزرە نوێیانەی کە سەری هەڵدابوو کە هەموو بوارەکانی زانستو زانینی گرتبووەوە. چەندەها دۆزینەوەی نوێ دۆزرایەوە, کە هەمووی لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا بوو, هەستی تاکیەتیو مرۆڤایەتی زیاد دەکرد, وە هەروەها خەڵکیش بەرگرییان لێدەکرد, خەڵکی وا پەیدابوون کە لە دژی زوڵمو زۆری پیاو دەنگیان هەڵدەبڕیو ناڕەزایەتیان دەنواند بەرامبەر بە سوکایەتی کردن بەژن, وە مامەڵەکردن لەگەڵ ژن وەکو بوکە شووشەیەك. وە یان بەکارهێنانی ژن وەك ئامرازی نان دروستکردنو جل شۆردن, وە بەکارهێنانی لە پێناو پیاو. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ناڕەزایەتیو پشتگیریکردنانە لە ژن هێشتا ڕۆڵی کەمو کاتیو دابڕاوی دەبینی, وەکو کاری هەمیشەیی کاری بۆ نەکرا.

ژنی کرێکار لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کرێیەکی زۆر کەمی وەردەگرت, ڕەوتە مەزهەبییەکان دژی کاری ژنان بوون, وە ئەگەر بواری کارکردنیان ببوایە, ئەوا نەدەگەیشتە پلەی مامۆستاو وەستا. بەو پێیە حوکم بەسەر ژندا درا کە دەبێت هەر لەکونجیماڵەوە بمێنێتەوە, وە ئەگەر کاریشی کرد,



کرێی کارەکەی کەمبێت. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لەسەدەی هەژدەهەمدا، ئیتر بوار بۆ زۆر ژن رەخسا کاربکات, بەڵام ئامرازەکان ڕۆژ بەرۆژ لەگەشەکردن بوون، ئەو کارانەی کە ژن دەیان کرد کەم بایەخو بێبەهابوون, هەروەکو کاری دروومانو کارە پیشەییە بچووکەکانی دیکە, بۆیە رۆژ بەرۆژ بواری ململانێ زیاد دەبوو, بێکاری زیاد دەبوو, وە کرێی ژنان زیاتر بەرەو کەمبوون دەچوو.

شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی 4790 مەرجی پەردەی کچێنی لابردو لەساڵی 4792دا جیابوونەوەی بۆ پیاوو ژن وەك یەك ئازادکرد، بەڵام ئەو خواستەی کوندورسیەی رەتکردەوە کە لە ساڵی 4789 داوایکردبوو, مافی مەدەنی بە ژن بدرێت.

ئەوە لەکاتێکدا ژنان لەو رۆژانەی شۆڕشی تێدا سەرکەوت رۆڵی گەورەیان هەبوو, ئەوە ژنانی کرێکاری دەوروبەری شارو ژنانی سەوزە فرۆش بوون لە رۆژانی پێنجەمو شەشەمی تشرینی یەکەمی 4789دا دەروازەی بارەگای ئەنجومەنی شارەوانییان گرتو داوای نانیانکرد, وە لە دواییدا پەلاماری کۆشکی (ڤرسای)یان دا, کە نزیکەی 8000 ژن دەبوون. لەم بارەیەوە میشلیە دەڵێت "ئەگەر پیاوان (بەندیخانەی باستیل)یان ئازاد کرد, ئەوا ژنانیش دەستیانگرت بەسەر کۆشکی پاشایەتیدا.

کاتێك جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دەرچوو ئۆلیمپ دی گۆج, کە یەکێك بوو لە دامەزراوەکانی بزووتنەوەی ژنان، جاڕنامەی مافەکانی ژنانی ڕاگەیاند:

"ژن بەئازادی لەدایك دەبێتو پێویستە لە هەموو مافەکانیشیدا یەکسانبێت بەپیاو, پرنسیپی هەموو دەسەڵاتێك لەناوەڕۆکدا خۆی لەمیللەت دا دەبینێتەوە, کە لە ڕاستیدا ئەو میللەتە بریتییە لە یەکێتی پیاوو ژن. هاووڵاتیان پیاو بن یا ژن یەکسانن لە بەرامبەر یاسادا, وە دەبێت دەرگای دەسەڵات ئاوەڵابێت بۆ هەمووان, هەر کەس بەپێی توانایی و شارەزایی.

هەروەك چۆن ژن ڕووبەڕووبونەوەو بەرگری دەیخاتە ژێر پەتی قەنارەوە, هەر ئەو هێزو دەسەڵاتە دەكرێت بیباتە سەر كورسی دەسەڵات – بۆیە دەڵێم ژنان هەڵسن‌و ڕاپەڕن".

بەڵام رابەرە سەرەتاییەكانی رێكخراوەكانی ژنان – ئۆلیمپ دی‌گۆج‌و رۆزلاكۆمپ– لەسێدارەدران‌و حكومەتی شۆڕش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەو یاساغكردنی هەموو رێكخراوەكانی ژنانی دەركرد.

دوای هەڵوەشاندنەوەی كۆت‌و بەندەكانی رژێمی دەرەبەگی، بوارێكی فراوان لەبەردەم سەرمایەداریدا كرایەوە بۆ دەستبەسەراگرتنی هێزی‌كارو كەمكردنەوەی كرێ لەرێگای بەكارخستنی ژنان‌و منداڵانەوە، هەر لەو كاتەدا دەوڵەتی بۆرژوازی سیستەمی خێزانی وەك بنەمای سەردەمی سەرمایەداری جێگیركرد.

یاسای مەدەنی ناپلیۆن ژنی خستە ژێر فەرمانی پیاوەكەیەوە، لەو رووەوە كە ژن موڵكی مێردەكەیەتی‌و منداڵی بۆدێنێت وەك چۆن داری كیمیتری بەر بۆ خاوەنەكەی دەگرێت. ناپلیۆن لەبەردەم شورای دەوڵەت رایگەیان كە " بێگومان سروشت ژنەكانمانی كردووە بە كۆیلەی ئێمە، بۆیە پیاو مافی هەیە بەژنەكەی بڵێت: خانمەكەم ئەمڕۆ ناچیتە دەرەوە! ناچیت بۆ شانۆگەری! فلانكەس‌و فیساركەس نابینیت! بەمانایەكی تر: خانمەكەم تۆ بە روح‌و بە لاشە موڵكی منی!".

وە بەلزاك ئەم بارودۆخەی ژنانی بەوتەیەك گوزارشت لێكردووە كەدەڵێت: " تاكە تواناو نەمری ژن ئەوەیە دڵی پیاو بهەژێنێت... ژن موڵكێكە دەكرێ بەگرێبەست ببیتەخاوەنی، موڵكێكە خاوەندارێتیەكەی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی‌تر دەگوڕێت... ژن سەرەنجام هیچ نییە جگە لەپاشكۆی پیاو".

رۆمانەكانی بەلزاك بە وردی‌و راستگۆیانە دەسەڵاتی سەرمایەی بەسەر ژیانی خێزانی بۆرژوازیدا وەسفكردووە، كە زۆربەی پاڵەوانی ئەو رۆمانانە لە



كەسانێكن كە بەدوای ژنی دەوڵەمەنددا دەگەڕێن تا بەهۆی ئەوانەوە سەربكەون.

ئەدەبی رۆمانسی‌و نووسینی سۆسیالیستە خەیاڵیەكان ئەو بێهیواییانەیان دەخستەروو كە ئالأبوونە ئەو كۆمەڵگە نوێیەی بیرمەندانی سەردەمی روناكی بانگەشەیان بۆدەكرد. سانسیمۆن‌و فۆریە لەفەرنساو ئۆین لە ئینگلیەرە ئەو رەخنانەیان قوڵكردەوە كە لە ماتریالیستەكانی سەدەی پێشوو دەگیران. وە ئەو كۆمەڵگە پڕئاژاوەو كوێرو نەفامەیان سەركۆنە كرد كەتیایدا دەسەڵاتی چینێك جێگای دەسەڵاتی چینێكی تر دەگرێتەوە. وە ئەو كۆمەڵگایەی كە تیایدا سەرمایەداری لەرێگای ناكۆكیە كۆمەڵایەتییەكان‌و ئاژاوەی بەرهەمهێنانەوە گەشەی‌كردو ئەوەی كە هیوای گەلی لەناوبردو هەندێك لە مرۆڤەكانی كردە دڕندە بۆ گیانی ئەوانیترو كۆیلایەتی كۆنی ژنانی كردە هەتاهەتایی.

دیدرۆ بەزەیی بە وەزعی ژناندا دەهاتەوە:" بێگومان دڵڕەقی یاسامەدەنییەكانیش چووە پاڵ دڵڕەقی سروشت". وە هیلیفتیوس‌و دالامبیر داوای یەكسانی ژنانیان دەكرد لەگەڵ پیاو. وە سۆسیالیزمی خەیاڵی ئەو توراسە پڕبایەخەی تەبەنی كردو دەنگی ناڕەزایەتی بەدژی ئەو چارەنووسە هەڵبڕی كە لەكۆمەڵی بۆرژوازیدا بۆ ژنان دیاریكراوەو رێگاچارەشی خستەروو.

بەتایبەتی لایەنگرانی سانسیمۆن هەوڵیان دا ژنان لەو كەموكوڕیانە رزگاركەن كە چەوسانەوەیانی پاساودەدا، داوایاندەكرد لەزەتە هەستەوەرییەكانیان بۆ بگەڕێتەوە، لەو روانگەیەوە ئەوەی خوا دروستی كردووە پیس نابێت، لاشەی فرۆڤیش دروستكراوی خوایە، بەڵام ناتەواوی سانسیمۆنیزم لەوەدایە كە پشتی بە شیكردنەوەی چینایەتی نەبەستووە، لەرووی ئەركە سێكسیەكەیەوە دەڕوانێتە ژن نەك لەرووی ئەركە

کۆمەڵایەتیەکەیەوە، ئەو پێی وایە ئەرکی سێکسی رەمزی لاشەیە کە ئەمە قوتابخانەی سانسیمۆنیزمی پێدەوڵەمەند بوو. ئەو قوتابخانەیە دەیەویست لەرێگای (رێچکەی صوّفی– هەوەسباز)ەوە کۆمەڵگە نوێبکاتەوە. لێرەوە ئەندامەکانی تووشی بێهیوایی قوڵ بوون.

بەلام فۆرریە کە خاوەنی خەیاڵێکی زیندوو بەربڵاوی هیجائی بووەو هەستێکی بەرزی دادپەروەرانەی هەبووە، داوای رزگاری ژنانو یەکسانی هەردوو رەگەزو ئازادی سۆزەکانی کردووە. ئەو پێی وابوو فەیلەسوفەکان "چاویان لە ئاست مافەکانی ژنان نوقاندووە، ئەو مافانەی کە پێشێلکردنیان لەبنەڕەتەوە دەبێتەهۆی لەناوبردنی دادپەروەری". وە بەلای فۆریەوە باشترین میللەت ئەوەیە کە زۆرترین ئازادی بەژنان دەدات. ئەوە پێوانەی راستەقینەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە. وە لەکێبی ( تیۆری هەرچوار جوڵانەوەکە) دا وتوویەتی:

" بەپێی پێشکەوتنی ئافرەت بەرەو ئازادی،گەشەی کۆمەڵایەتیو ئاڵوگۆڕی قۆناغەکان دێنە ئاراوە، کەموکوڕی لەمافەکانی ژنانیش دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی هەررژێمێکی کۆمەڵایەتی. ... وە فراوانکردنەوەی دەسکەوتەکانی ژنان پرەنسیپی گشتی هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتییە."

بێگومان ژنانیش وەک پیاوان دەتوانن هەموو کارێک بکەن، ئەگەر بوارییان بۆ برەخسێنرێت توانا سروشتییەکانیان دەربخەن. ئەوان هاوتای پیاوانو هەندێجار لەوانیش بەتواناترن. لەو بارەیەوە فۆریە لە " جیهانی پیشەسازیو کاری هاوبەشی"دا دەڵێت: "بەیەکسانی ژنو پیاو ئاوازەکە نەشازنابێت وەک ئێمە بەنەزانی خۆمان نەشازمانکردو ژنانمان لەبواری پزیشکیو زانستی دوورخستەوە بۆئەوەی لە بواری درومانو چنیندا بیانهێلینەوە. فۆریە دەزانێت سروشت بەسەر هەردوو رەگەزەکەدا بەیەکسانی توانایی زانستو هونەری دابەشکردووە... ، لەبەر ئەوە ئەو فەیلەسوفانەی



دەیانەوێت وەک دوژمنکارییەک یەکێک لەو دوو رەگەزە لە لەیەکێک لە بوارە گرنگەکان دووربخەنەوە، بەو پیرە شەڕەنگیزانە بەراوردیان دەکات کە دوای ئەوەی بەشێوەیەکی هەمەجی کۆیلە رەشپێستەکانیان ئەشکەنجە دەدەن، دەلێن ئەوانە لەئاستی مرۆڤدانین. هەڵبەت بۆچوونی ئەو فەیلەسوفانە دەربارەی ژنان هەربەقەدەر بۆچوونی ئەو پیرانە دەربارەی رەشپێستەکان راستی تێدایە."

فۆریە لە رەخنەلێگرتنی " شارستانێتی" دا ،کە پێنجەمین قۆناغی گەشەی مرۆڤە، دژی بازرگانیو زەواج دەنگی هەڵبڕی کەدەبنە سەرچاوەی درۆو ریاکاری، درۆ لەپەیوەندییە ئابوورییەکانو ریاکاری لە پەیوەندی سێکسی دا، هاوسەری کەلەسەر بنەمای مامەڵەگەریو چاوچنۆکی دامەزرابێت خۆپەرستی وەک ناوەرۆکی پەیوەندی هاوسەری پەرەپێدەداتو ژن کۆیلەدەکات تەنانەت لە پێش زەواجیش، چونکە کچان ناچاردەکات وەک کاڵایەک خۆیان بخەنەڕوو کە حەتمەن کڕیارێک پەیدادەبێت نرخەکەی هەرچەند بێت. ئا بەم شێوەیە لەژێر پەردەی یاسادا بازرگانی بەلەشەوە دەکرێت.

" ئایا کچان کاڵایەک نین خرابیتنەڕوو بۆ فرۆشتن بۆ هەرکەسێک بیەوێت مامەڵەی بکاتو ببێت بەخاوەنی؟ وەیاخود رازیبوون بەو زەواجە درۆیەکو مەسەلەیەکی ناچاری نییە لە ژێرکاریگەری دەسەڵاتی ئەو بۆچوونەی هەر لە منداڵییەوە بەسەریدا سەپاوە؟بر

پیاویش لەم هاوسەرگیرییەدا وێڵی دوای بەرژەوەندی خۆیەتی، لەبەرئەوە ئەو فرۆشتنە ژنو پیاو هەردوکیان وەک یەک دەگرێتەوە." رێککەوتنی ئەو دوانەش لەسەر بازرگانیەک بۆ هاوسەرێتی بەچاکە دەژمێردرێت".

[2] تیۆری چوار جولانەوەکە" ل92

بەڵام فۆریەش وەك هەموو خەیاڵیەكان ئازادی ژن‌و بەرەڵایی سێكسی تێكەڵ كردووە. ئەو دەرك بەوە ناكات كە سەربەستی ژن پەیوەستە بە گەشەی مێژووییەوە. بۆیە تەواوی بۆچوونی خۆی لەوەدا چڕكردۆتەوە كە سەربەستی ژن تەنها پەیوەستە بە ئازادی سۆزو پەیوەندی سێكسییەوە.

وە لەراستیدا بیروباوەڕی خەیاڵییەكان رەنگدانەوەی ئەو قۆناغە لەسەرمایەدارییە كە تیایدا ئەندێشە هەوڵیدەدا ئەو كەموكوڕییانە پڕكاتەوە كە هێشتا هەلومەرجە بابەتیەكەی نەڕەخسابوو. لەبەر ئەوە زۆرترین شتێك كەلەتوانای خەیاڵییەكاندا بوو پەرەی پێبدەن بەهەشتە خەیاڵیەكان بوو...

ئەوژنانەی دەیانەوێت ژن رزگاربێت، دەبێت رووەو چینی كرێكار هەنگاوبنێن. فلۆراتریستان وایكرد كاتێك ساڵی 4843 داوای لەكرێكاران كرد لەسەندیكای كرێكاری كە پرەنسیپی یەكسانی ژن‌و پیاو بەدەستەوە بگرن:

"بیسەلمێنن ئێوە بەراستی داوای دادپەروەری دەكەن، ئێوە خۆتان دادپەروەرن‌و بەویژدانن، نیشانی بدەن كە ئێوە پیاوی بەهێز، ئێوە پیاوانی قۆڵڕووت ژنان لەگەڵ خۆتان بەیەكسان دەزانن.....".

لەوەڵام بە جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤ پێویستە جاڕنامەی مافەكانی ژنیش دەربچێت. تەنها ئەكاتە "یەكێتی مرۆڤایەتی دێتەدی".

بەڵام بیرۆكەی پەیوەستكردنی مەسەلەی ژنان بەمەسەلەی كرێكارانەوە لەبۆچوونی خراپەكاراندا تەنیا جەختێكی بێناوەرۆكە،كە ئەو بۆچوونە لەبانگەشە خەیاڵیەكانی فۆریەو خەونە رۆمانسیەكان دا نقوم بووە. لێرەوەیە كە فلۆراتریستان باوەڕی وابوو كە ژنان خەبات‌و گیانبازی بكەن بۆگەڵو سەرلەنوێ كۆمەڵگا لەرێگای خۆشەویستییەوە ببوژێننەوە.



"بەراستی پێتانەڵێم‌و دووبارە پێتانەڵێم كە ئێوە رزگارنابن تەنیا ئەوكاتە نەبێت كە فێربن چۆن خەڵكتان خۆشبوێت. ئێوە دەبێت ئەو راستیە بزانن، مادام ناتانەوێت هیچ لەبارەی ژنانەوە فێربن".

كاتێك ماركس‌و ئەنگڵس هاتن مەسەلەی ژنان جیهانی خەیاڵ‌و خۆشباوەڕی بەجێهێشت. ئەوان نەهاتن ماڵێك بۆ خۆشەویستی‌و شارێكی رەنگاڵەیی لەخەیاڵدا دروست بكەن‌و باوەڕیشیان بەئامۆژگاری رازاوە نەبوو، لەبەرئەوەی هەماهەنگی خێزان‌و بەهێزبوونی كەسایەتی ژن‌و ئاسودەیی منداڵ لە كۆمەڵگای بۆرژوازیدا كارێكی ئەستەمە.

داهێنەرانی سۆسیالیزمی زانستی( ماركس‌و ئەنگڵس) ئەوەیان فێری خەڵك دەكرد كە دەبێت ژن‌و پیاو بچنە شەڕی سەختەوە بۆ رزگاربوونی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەجۆرێك كە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا بگونجێت‌و ئەو یەكێتییەی( نێوان ژن‌وپیاو) كە سەرەنجام بۆی دەگەڕێتەوە ببێتە سەرچاوەی هێزی. لەبەرئەوە كێشەی ژن ناكرێت لەكێشە كۆمەڵایەتییەكان جیابكرێتەوە، ماركس‌و ئەنگڵس چارەسەری ئەم كێشەیەیان پەیوەستكردووە بە خەباتی چینایەتی‌و گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی كۆمەڵگاوە.

كاتێك ماركس بۆیەكەمجار لەساڵی 4842دا لە رۆژنامەی رینان دا بیروڕای خۆی سەبارەت بە ژن‌و هاوسەرگیری خستەڕوو تەمەنی تەنها 24 ساڵ بوو، دووساڵ دوای ئەوە ئینجا گەشەی كرد بەرەو كۆمۆنیزم، سەرەتا لە هیگڵەوە دەستی پێكردو دواتر لە هیگڵیە لاوەكان دووركەوتەوە. ئەوانە لەبەرلین لەگەڵ ماكس شتیرنەرو هەندێ لە ئیباحیەكان كۆمەڵەی (رزگاریخوازان) یان پێكهێنا كە زیادەڕۆییە زارەكیەكانیان ژیانێكی ئاژەڵی وێنادەكرد. ماركس لەكاتێكدا كە لەشەڕدابوو لەگەڵ كۆنەپەرستی پروسی‌و جینی دەسگیرانی نیشانەدەكرد لە حوزەیرانی 4843دا هیچی لەدەست نەهات جگە لەوەی فرەوێژی‌و بەدئاكاری كۆمەڵەی(رزگاریخوازان) رەتبكاتەوە.

ماركس له دوو وتاردا كه له رۆژنامه ريناندا بلأويكردنەوه هەڵويستى خۆى دەربارەى خێزان دياريكرد، لەهەردوولايەنى هاوسەرگيرى كردن و لێك جيابوونەوه، كه ئەو لايەنگرى يەكێتى زەواج و ئازادى تەلأق بوو.

لەوتارى يەكەمدا –لە 9ى ئابى 4842 – ماركس رەخنەى لە قوتابخانەى مافەمێژووييەكان و دامەزرێنەرەكەى گرت كەناوى هيگۆ بوو، وە لەوتارى دووەمدا – 45ى تشرينى يەكەمى 4842– رەخنەى لە پرۆژەى ياساى پروسيا گرت دەربارەى تەلأق، وە بۆچوونى هيگڵى تێكشكاند كەپێى وابوو زەواج قابيلى هەڵوەشانەوه نييە. وە جەختى لەسەر ئەوەكرد كە زەواج چەمكێك نييە لەچەمكەكان وەك هيگڵ دەڵێت بەڵكو واقيعێكى كۆمەڵايەتييە.

وە لە " رەشنووسى ئابووری و فەلسەفى" كە بە "رەشنووسى 48844" ناسراوە، ماركس چەند لاپەڕەيەكى جوان و ناوازەى لەبارەى پەيوەندى نێوان ژن و پياو نووسى و پێى داگرت لەسەر ئەوەى كە ئەو پەيوەنديە پێوانەى سەرەكى پێشكەوتنى كۆمەڵگايە، تيايدا بيرى ئەوەى رەتكردەوه كەژن هاوبەش بێت بۆهەمووان وەك لە"كۆمۆنەى رەمەكى"دا بانگەشەى بۆدەكراو لەو رووەوه كه بابەت و خۆراكى غەريزەى سێكسى مرۆڤێكى ترەو هەستى هەيەو شتێكى بێگيان نييە، غەريزەى سێكسى لە پێويستيە سروشتيەكانى تر جياكردەوه.

وە لەكتێبى" خێزانى پيرۆز"دا 4845 ماركس بۆيەكەمجارو بۆهەميشە فەلسەفەى ئايدياليستى هيگليە لاوەكانى تێكشكاند كە هەوڵياندەدا بە قسەى زل رژێمى مەوجود داپۆشن، يەكێك لەو لاوانە سزيليگا بوو رۆمانى " نهێنيەكانى پاريس"ى ( ئۆجين سۆ)ى بردە كەشكەلانى فەلەك. ماركس بيروڕاكانى " رۆدۆلف"ى پاڵەوانى ئۆجين سۆى شوبهاند بە ئارەزووەكانى فۆريە كە نوقمى ئەندێشە بوون. وە ئۆجين سۆ كە بە بانگەشەى نيمچە سۆسياليستى و بە نەزعەى خۆشەويستى كۆمەڵگەبەگشتى پف دراوە،



هێشتا زۆر دووره لەوەى پێى وابێت بارودۆخى ژنان لەكۆمەڵگەى نوێدا بارودۆخێكى نامرۆڤانەيە". وە ئامۆژگارى و چەنەبازييەكانى هيچ ناكات جگە لە داپۆشينى زۆردارى و خۆپەرستى و دڵڕەقى چينى دەسەڵاتدار، ماركس هەر بەو رەخنانەى فۆريە ئاراستەى خێزانى بۆرژوازى كردبوو دژى ئەو ئامۆژگارى و چەنەبازييانە وەستا و هەروەك فۆريە مۆرى شەرمەزارى نا بەناوچاوى هاوسەرى بۆرژوازييەوه.

ئەگەر دەروازەى فەلسەفە ماركسى بەرەو كۆمۆنيزم برد، ئەوە ئەنگڵس لەرێگاى سەرنجى كۆمەڵايەتى و ئابوورى سياسيەوە پێى گەيشته. كاتێكيش ماركس و ئەنگڵس لەساڵى 4844 لە پاريس بەيەك گەيشتن، بينييان كە هاوڕاييەكى تەواو لە بۆچوونياندا هەيە.

ئەنگڵس لە " بارودۆخى چينى كرێكار لە ئينگلتەرا" ئەو بارودۆخە ئابوورى و كۆمەڵايەتييەى لە ئاكامى گەشەى پيشەسازييەوه پەيدابووه، بە بێهيوايى كرێكاران و ئالودەبوون بەخواردنەوەو داوێنپيسى و هەڵوەشانەوەى خێزان و تێكشكانى جەستەيى و مەعنەوى وەصفكرد.

" كاتێك مرۆڤ دەخرێتە بارودۆخێكەوە كە تەنها بۆئاژەڵ شياوە، هيچ لەبەردەميا نامێنێتەوه جگە لەوەى ياخى ببێت يان ژيانى ئاژەڵى قبوڵبكات. بۆيە بۆرژوازى كەمترين مافى هەيە لەسەرزەنشتكردنى كرێكاران لەسەر خراپى سێكسى(4)".

ژنان و مناڵان قوربانى يەكەمى دەستى سەرمايەدارين، خاوەنكارانى رستن و چنين كرێكارى ژنيان بەلاوە باشترە لە پياو چونكە ژنان باشترو بەكرێى كەمتر كاردەكەن. ژنانى كرێكارى ئاوريشم لەشارى ليۆن ساڵى 4834 لە هاويندا لە كاتژمێر 3ى بەيانيەوە تا شەو، وە لە زستانيشدا لە كاتژمێر 5ى بەيانيەوە تا 44ى شەو واتە 47 سەعات لە وەرشەى شێدارو تاريكدا كاريان دەكرد. لەبەرە ئەوە زۆريان تووشى سيل دەبوون.

ئەو بارودۆخەبوو کە مارکس و ئەنگڵس دژایەتییان دەکرد، لە"مانفێستی کۆمۆنیست"دا رەخنەی مارکسیانە لە زەواجی بۆرژوازی باشترین گوزارشتی لێکراوە. هەر لەمانفێستدا مارکس و ئەنگڵس پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە تەنها لە کۆمەڵی سۆسیالیستی بێچین دا ژن رزگار دەبێت و لەشفرۆشی" رەسمی و نارەسمی" هەڵدەوەشێتەوە.

لە"سەرمایە"دا مارکس میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری لەبەریەك هەڵدەوەشێنێت و تاوانەکانی چینی دەسەڵاتدار ئاشکرادەکات کە شیلەی قازانجی خۆیان لە خوێنی ژنان و منداڵان بەدەست دێنن، وە لەهەمانکاتدا سەرنجمان رادەکێشێ بۆ لایەنی باشەی چوونەناوەوەی بەکۆمەڵی ژنان بۆ ناو کارگەکان دەدات، ئەوەش لەبەر ئەوەی پیشەسازی گەورە خێزانی کۆن لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت و ژنان لەدەستی مێردو منداڵان لەدەستی مێرد رزگاردەکات. ئەوە سەرەتای پەیدابوونی خێزانی نوێیە کە ژن ئیتر هەردایك نییە، لێرەوە مارکس مژدەبەخشێکی راستگۆبوو کە رزگاری ژنانی گرێ دا بە رزگاری چینی کرێکارەوە.

مارکس لەجیهانی واقیعی و لە بزووتنەوەی مێژووی دیالەکتیکییەوە بۆ شتەکان دەچوو، ناکۆکی نێوان کاری بەکۆمەڵ لەکارگەکان و خاوەندارێتی تاکەکەس بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەرەو ئەوە دەچێت کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان دژایەتی موڵکایەتی سەرمایەداری بکە، سیستەمی پرۆژەی ئازادو قازانج پرۆلیتاریا بەرهەمدێنێ، کەدوژمنی ئەمڕۆو گۆڕهەڵکەنی سبەینێی سەرمایەدارییە، پرۆلیتاریای پێکهاتوو لەژنان و پیاوان ناتوانێت رزگاربێت ئەگەر هاوکات لەگەڵ خۆی تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگا رزگار نەکات.

بێگومان بەشداری لەبەرهەمهێنان و رزگاری لە چەوسانەوەی سەرمایەداری دوو قۆناغی بنەڕەتین لە رزگاری ژنان. ئەو رۆژەی دیکتاتۆری سەرمایەداری



دەڕوخێت و چینی کرێکار سەردەکەوێت، هەموو پێوەندە حقوقی و سیاسی و ئابوورییەکانی ژنان دەپچڕێن. لەبەرئەوەی کۆیلایەتیەك کە لەسایەی دەسەڵاتی بۆرژوازیدا بەسەر ژندا سەپاوە، لاناچێت تەنها بەلەناوچوونی ئەو رژێمە نەبێت.

ئەمە هەڵبەت بەو مانایە نییە کە بیروڕای مارکس دەربارەی رۆڵی ئافرەت و دوارۆژی ئەو بەئاسانی و خێرایی چەسپاوە، لەوبارەیەوە ململانێی زۆری کردووە لەناوچینی کرێکاردا بەتایبەتی لە ئەنتەرناسیونالی یەکەم، کاریگەری تێکدەرانەی برۆدۆنیەکان کەدەیانویست ژن لەبواری بەرهەمهێنان دووربخەنەوە، لەم بارەیەوە مامۆستاکەیان (برۆدۆن) دەنووسێت: پیاوو ژن یەکسان نین، جیاوازی رەگەزی لەیەکی جیاکردوونەتەوە، بەجۆرێك کە هاوشێوەی جیاوازی ئاژەڵە جیاوازەکانە، بەو پێیە لەجیاتی ئەوەی چەپڵە بۆ ئازادی ژنان لێبدەم ئارەزووی شتێکی تر دەکەم. ئەگەر کاروبار بەو زیادەرۆییە لای من بچێتە پێش تا ئاستی ئەوەی ژن هەموو بڕیارێکیان لەدەست دەربهێنرێت، لەبەر ئەوەی ژن بە سروستی خۆی و بەپێی چارەنووسێك کە هەیەتی نە شەریکێکی باشە، نە هاوولاتیەکی باش و نەکارمەندێکی باشە".[3]

ئەوەی لەم بۆچوونانەی بردۆدۆن نزیك بوو روحیەتی خاوەندارە بچووکەکان بوو کە ئارەزوویان لە ستەمکاری ناوخێزان وەك بۆچوونەکانی ئایدۆلۆژیستە کۆنەپەرستەکانی لەبابەتی بۆناڵد کە دەنووسێت: " ژنان سەر بەخێزانن نەك سەر بە کۆمەڵگەی سیاسی، سروشت بۆ ئەرکی ماڵ دروستی کردوون نەك بۆ کاروباری گشتی".

[3] برۆدۆن" بیرەوەرییەکان دەبارەی موڵکایەتی"

سەرباری ئەوەی برۆدۆنیەکان دەیانویست ژنان لە کونجی ماڵ بپەستن، بەڵام مارکس توانی لەکۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی یەکەم کە لە 4866 لە جنێف بەسترا، بیروڕای خۆی زاڵ بکات.

شۆڕشی 4874ی پاریس هات‌و ژنان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان تێدا بینی، کە راستی هەڵوێستی مارکسی لە مەسەلەی ئازادی ژناندا بەکردەوە نیشان دا، زیاتر لە دەهەزار ژن بەشدارییانکرد لە بەرگری کردنێکی قارەمانانە لە کۆمۆنەی پاریس. وە کۆمیتەیەکیان لێپێکهات بەناوی" یەکێتی ژنان بۆ بەرگری لەپاریس‌و بۆ چاودێری بریندارەکان" وە شان بەشانی پیاوان جەنگان‌و چوونە سەنگەرو ژمارەیەکی زۆریان شەهید بوون.

کاتێککتێبەکەی لویس مۆرگان بەناوی" کۆمەڵگەی کۆن" لە ساڵی 4877 بڵاوبۆوە، مارکس جارێکی دیکە گەڕایەوە سەر گرنگیدان بە مەسەلەی ژنان، مارکس دەیویست کتێبێك لەبارەی مێژووی خێزانەوە بنووسێت، بەڵام دەستی مەرگ پێیگەیشت‌و ئەو پرۆژەیە کەوتە ئەستۆی ئەنگڵس، بەوشێوەیە کتێبە گرنگ‌و یەکلاکەرەوەکەی " بنەچەی خێزان‌و موڵکایەتی تایبەتی‌و دەوڵەت" کە تیایدا ئەنگڵس بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر پەیوەندی راستەوخۆی نێوان کۆیلەتی ژنان‌و سەرهەڵدانی موڵکایەتی تایبەتی نیشاندەدات.

بەراستی ئەگەر بمانەوێت چەند لایەڕەیەك بخەینەڕوو لە نووسینەکانی هەردوو دامەزرێنەری سۆسیالیزمی زانستی دەربارەی مەسەلەی ژنان‌و خێزان‌و زەواج‌و خۆشەویستی، لەماوەی 40 ساڵی خەباتی فکری‌و سیاسیان کە هەڵوێستیان هەر لەسەرەتاوە جێگیرو لێکهەڵپێکراوبوو کە بە تێپەربوونی کات دەوڵەمەندتر بووەو زیاتر ڕۆشن بۆتەوە، وە دەکرێت ئەو هەڵوێستە بەم شێوەیەی خوارەوە کورتبکەینەوە:



مرۆڤ بەتێقپەڕبوونی مێژووەکەی لەژیانی ئاژەڵی رزگاری بووە، کە لەسەردەمەکانی پێش مێژوودا کۆیلەی هۆکارە سروشتیەکان‌و کائینێکی دەسەوسان بوو، ووردەووردە مرۆڤی کۆمەڵایەتی جێگای مرۆڤی سرشتی گرتەوە، مرۆڤ نەوەستا لە زیادکردنی هۆشیاری خۆی‌و نەوەستا لە فراوانکردنی دەسەلاتی خۆی بەسەر سروشتدا، لە ساڵی( 4844)ەوە مارکس دیاریکرد کە هەڵوێستی پیاو بەرامبەر ژن، پلەی گۆڕانی رەفتاری مرۆڤی سروشتی بۆ رەفتاری مرۆڤانە دیاریدەکات".

دیارە خواستی مرۆڤانەی مارکسی تێکۆشانیکە مرۆڤ دەیکات لەپێناوی گەپێدان‌و تەکمیلکردنی لایەنەکانی، تێکۆشانێکە دژی نەریتە باوە سروشتی‌و کۆمەڵایەتیە داسەپاوەکان بە هیوای گۆڕینیان.

خۆشەویستی، کە کرانەوەیەکی جوانە بۆ کەسانی ئینسانی، هەم لەرووی کۆمەڵایەتی‌و هەم لەرووی فەردییەوە هەڕەشەی لێدەکرێت: کۆیلایەتی دەرەکی کە لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانەوە پەیدابووە، وە بەردەوام راگەیاندنی غەریزەی کوێرانە. لەتەواوی کۆمەڵگە چینایەتیەکانی مێژوودا ژنان چەوساونەتەوە، خۆشەویستی پێشێلکراوەو ستەمی‌لیکراوەو حەرامکراوە. هەندێکجار وەك پەرچەکردارێك لەبەرامبەر ریاکاری رەوشتی بۆررژوازی‌دا، هەندێ کەس زیادڕەوی لە ئارەزووی سێکسی دەکەن، کەوایە کەسانێك ئەگەر نەیانتوانی لەکۆیلایەتی کۆمەڵایەتی رزگاریان بێت دەبن بەکۆیلەی غەریزەکان.

مارکس‌و ئەنگڵس کاریگەرییە خراپەکانی ئابووری کە سەرمایەداری دەیسەپێنێت بەسەر پەیوەندی نێوان پیاوو ژن دا ریسوادەکەن‌و هەروەها یاخیبوونی ئاژاوەگێرانەش لە زەواجی بۆرژوازی رەتدەکەنەوە، چونکە ئەو یاخی بوونە رەتکردنەوەی یەکێتی هاوسەرییە. شێوەی " کۆمۆنیستە

سەرەتاییەکانە" کە داوای ئیباحەی گشتی دەکەن و بەناوی خۆشەویستی ئازادەوە بانگەشەی لەشفرۆشی گشتی دەکەن.

بێگومان ئازادی خۆشەویستی راستەقینە، ئازادی هاوسەرگیری و بەختەوەری خێزان، پەیوەستە بە کۆتاییهاتنی رژێمی سەرمایەداری. ئازادی زەواج و بەدوای ئەویشدا ئازادی هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان بەدی نایەت تا ئەوکاتەی موڵکایەتی تایبەتی هەڵنەوشێتەوە، کە لەگەڵیدا ئیعتیباراتی ئابووریش هەڵدەوەشێتەوەکە تا ئەمڕۆش رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە دیاریکردنی شەریکی ژیاندا.

ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ مارکسیزم: ژن رزگار نابێت تا سۆسیالیزم سەرنەکەوێت، بەڵام سۆسیالیزمیش بەدینایەت بەبێ بەشداری راستەوخۆی ژنان.

پێشەکی کتێبی" کۆمۆنیزم و ژن"
هەڵبژاردە لە دەقەکانی مارکسیزم



# پێشەکی کتێبی
# (ئافرەت و سۆسیالیزم)

جۆرج تەرابیشی

لە عەرەبییەوە مامۆستا عەلی سەلیم

لەڕەوتی مێژوودا بیروڕاو فەلسەفەی پێشکەتنخوازی وادەرکەوتووە و بیروڕای شۆڕشگێڕ بوونی هەبووە, بۆیە ناکرێت مۆرکی پێشکەوتنخوازی تەنها بەئایدیای سۆشیالیزمی زانستییەوە ببەستینەوە و تەنها بەوەوە پەیوەستی بکەین, بۆزیاتر پێداگرتن لەسەر ئەم ڕایە خودی بنیاتنەرانی سۆشیالیزمی زانستی, واتە (مارکس, ئەنگڵس) ئەم ڕایە دەسەپێنن کە سۆشیالیزمی زانستی هەرگیز بوونی نەئەبوو ئەگەر لەپێش خۆیدا بیروڕاو تێزی زانستی نەبووایە.

بەڵام لێرەدا سیمایەکی تایبەتی سۆشیالیزمی زانستی هەیە کە لەبیروڕا پێشکەوتخوازو شۆڕشگێڕیەکانی پێش خۆی جیایدەکاتەوە ئەویش شمولیەتی مارکسیزمە.

سەرەڕای خێرخوازی‌و شۆڕشگێڕی بیروڕاو فەلسەفەکانی سەردەمی بووژانەوە لەپێش بوونی مارکس‌و سۆشیالیزمی زانستی‌دا، دەبینین بەپێ‌ی هەلومەرجی مێژوویی لەتوانادا نەبووە ئەو ئایدیا کۆنانەی کە مرۆڤایەتی‌و ئازادی بەتەواوی‌و بێ‌کەم‌وکوڕی بینیویەتی، لەزۆر بواردا. هەرچەندە ئەم بیروڕا فەلسەفیانە مەبەستی ئازادی مرۆڤایەتیان هەبووە, بەڵام لەتوانایاندا نەبووە دابینی بکەن.

بۆیە دەکرێت بڵێین هەموو بیروڕاو تێزە شۆڕشگێڕەکانی پێش مارکس‌و پێش سۆسیالیزمی زانستی جزئی‌و ناکامڵ بوون. جزئین لەداماڵینی چەوسانەوەو لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەو لەدۆزینەوەی ڕێگاچارەی پێویست بۆی.

مارکسیزم‌و سۆسیالیزمی زانستی سوودی زۆریان لەو فەلسەفانەی پێش خۆیان وەرگرتووە, هەرچەندە دەرکیان بە کەم‌وکورتی ئەو دیدانە کردووە بەڵام بەمەبەستی واوەتر چوون، شێوازێکی نوێ بۆدیاردەو کێشەکان پێشکەش دەکەن.

هەر ئەمەش جیاوازی دەدا بەسیمای سۆسیالیزمی زانستی مارکس‌و ئەنگلس لەمەڕ سەربەستی تەواوی مرۆڤایەتی بەگشتی‌و سەربەستی ئافرەت بەتایبەتی.

ئەو جیهانەی سۆسیالیزمی زانستی بانگەوازی بۆدەکرد, جیهانێکی ئازادو سەرفرازی سەرجەم مرۆڤایەتی بوو, دوور لەهەموو دیاردەیەکی چەوسانەوەو داماڵین‌و نابەرابەری.

مارکس باسی لەمرۆڤی نوێ دەکرد, ئەو مرۆڤەی کە دووربێت لە هەموو چەوسانەوەیەک‌و نابەرابەریەک, ئەو باسی لەئازادیەک دەکرد کە سەردەمەکانی دیکە بەخۆیەوە نەدیبوو.



باسکردن لە ئازادی‌و ڕێگاچارەی مرۆڤایەتی پەیوەندی بەژیری مارکسەوە نیە, بەڵکو ئەوە گەشەکردنی مێژوو هەلومەرجی نوێ‌ی مرۆڤایەتی‌یە ئەو دیاردەیەی هێناوەتە پێشەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری بۆ یەکەمجار چینێك پەیدابوو کە خەبات بۆ ڕزگاری سەرتاسەری بکات بێ‌ئەوەی چینێکی دیکە ژێر دەستەبکات‌و خۆی ڕۆڵی ئەو چینە چەوسێنەرە بگرێتەوە, بۆ یەکەمجار چینێك لەهەوڵ‌و شۆڕشدایەو لەهەوڵی گۆڕانکاری ژێرخانی کۆمەڵدایە, بێ‌ئەوەی بیەوێت شوێن‌و مەقامی خۆی خۆشبکات, بەڵکو بەپێچەوانەوە لەو شۆڕشەیدا هەموو مرۆڤایەتی, تەنانەت خودی بۆرژوازی دەسەڵاتداریش ڕزگاردەکات.

بۆ یەکەمجار چینێك پەیدابوو کە ناتوانێت بەتەنها خۆی ڕزگاربکات, بەڵکو دەبێت لەخەباتی بێ‌یووچاندا بێت بۆئەوەی هەموو مرۆڤایەتی لەچنگی ڕژێمی سەرمایەداری ڕزگار بکات, ئەم چینە واتە چینی کرێکار ناتوانێت سنوورێك بۆ چەوسانەوەکان دابنێت ئەگەر سنوورێك بۆ بوونی وەك چینێك دیاری نەکات.

بۆیە دەبینین لەهەموو مێژوودا چینی کامڵ شۆڕشگێڕ نەبووە, بەڵکو نیمچە شۆڕشگێڕو نیمچە پێشکەوتنخواز هەبووە, تەنها کە کرێکار وەك چینێك هاتە مەیدان سیمای کامڵ شۆڕشگێڕی بەخۆوەگرت وە لەهەوڵی خۆڕێکخستن‌و ئامادەباشیە بۆ ڕزگاری سەرجەم مرۆڤایەتی‌و هەمو چینە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکان, پێش پەیدابوونی چینی کرێکار هەر ئەوەندە شۆڕشگێڕبوون هەتاکو دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست, ئەوسا دەبوونە دەسەڵاتدارو دڕندە لەگەڵ ئەو دۆستانەی کە تا دوێنێ هاوخەباتبوون‌و لەیەك سەنگەردابوون.

ئەمڕۆ ئێمە ئەوە تێگەیشتووین کە سۆشیالیزمی زانستی وەك ئایدیای چینی کرێکار لەهەوڵی نەمانی چەوسانەوەدایە بۆ چینی کرێکارو سەرجەم بەشەریەت, ئەگەر ئەوەمان زانی کە سۆشیالیزمی زانستی تاسەر شۆڕشگێڕە، بەپێچەوانەی چینە شۆڕشگێڕەکانی پێش خۆیەوە, ئەوا تێدەگەین کە بۆچی بنیاتنەرانی سۆسیالیزمی زانستی هەردووکیان ئەوەندە گرنگییان بەئازادی ئافرەت داوە.

ئەگەر بمانەوێت توندوتیژترین چەوسانەوەی مێژوویی دەستنیشان بکەین لەڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵدا, دەتوانین بڵێین کە چەوسانەوەی ئافرەت کۆنترین چەوسانەوەیە کە لەنێوان خودی مرۆڤو مرۆڤدا ڕوویداوە.

چونکە ئافرەت نەك بەتەنها چەوساوەیە, بەڵکو چەوساوەی دەستی چەوساوەیە لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا, بۆ نمونە ئەگەر مرۆڤی کرێکار لەژێر باری سەختی ژیاندا دەناڵێنێتو چەوسانەوەی چینایەتی تەنگی پێهەڵچنیوە بەدەستی سەرمایەدارانەوە, کەچی ئەویش سەختی ژیانو سەختی کارەکەی وای‌لێدەکات لە ڕقدا خێزانەکەی ئازارو ئەشکەنجەبداتو ژیانی لێ‌سەخت بکات.

ئەو کرێکارە چەوساوەیە کە سەرمایەداری دەیچەوسێنێتەوەو زێدەبایی لێ‌زەوت دەکات, کەچی ئەو ژیانی لەئافرەتەکەی سەخت کردووەو ژیانی پڕ ئەشکەنجە کردووە.

دەتوانین بڵێین یەکەم چەوسانەوە لە مێژوودا, چەوسانەوەی ئافرەت بووە لەلایەن پیاوەوە, وە ئەم چەوسانەوەیە بە چەوسانەوەی دوو جەمسەوە لەقەڵەم دەدرێت.

بۆیە بەڕێکەوت نەبووە کە بنیاتنەرانی سۆشیالیزمی زانستی نهێنی ئەو چەوسانەوە دوو جەمسەرەیان دۆزیوەتەوە, لەڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵو گەشەکردنی بەرهەمهێناندا.



گەشەکردنی موڵکایەتی تایبەت بەشێك بووە لە دابەشکردنی کۆمەڵ بەچەند بەشێك‌و بەچەند چینێکەوە. بۆیە دەبینین مارکس لەکتێبە کۆنەکانی‌دا بەشێکی زۆری باسەکانی سەبارەت بە کێشەی ئافرەت بووە, بەتایبەت لەکتێبی (المخگوگات الاقتصادیە والاجتماعیە).

چونکە مارکس سەرەتا لەفەلسەفەوە دەستی پێکردووە ئینجا بەرەو ئابوری‌و ئابوری سیاسی ڕێچکەی گرتووەو ئەم فەلسەفەی سۆسیالیزمی زانستی‌یەیان لەگەڵ هاوڕێی ماندوونەناسی ئەنگڵس بەدەست هێناوە, مارکس سەرەتای باسەکانی لەیەکسانی کۆمەڵایەتیەوە دەست پێکردووەو لەوێدا خەباتی توندوتۆڵی کردووە دژ بەسیستمی سەرمایەداری‌و خەباتی چینایەتی ئاراستەی ئەو چینە دەسەڵاتدارە کردووە. وە هەر لەپرۆسەی ئەو دراسەو هەوڵ‌و کۆششە بەو ڕاستیە گەیشتووە کە چینی کرێکار ئەرکێکی شکۆداری لەئەستۆدایە ڕووەو ڕزگاری خۆی‌و سەرجەم بەشەریەت, وە هەر بیری مارکسیزم بوو سیمای بەجیهانبوونی سەرمایەداری دەستنیشانکردو لەبەرانبەریدا خەباتی سەرتاسەری چینی کرێکاری ئاراستەکرد. هەر وەك چۆن سەرمایەداری لەئاستی وڵات‌و نەتەوەدا ئۆقرە ناگرێت، بەهەمان شێوە چینی کرێکار لەخەباتدا پشتی بەهاوچینی خۆی کە چینی کرێکاری هەموو جیهانە بەستووە, وە لەشەڕێکی سەرتاسەریدایە لەگەڵ چینی بۆرژازی هەموو جیهان. مارکس گرنگی تەواو بەچینی کرێکار دەدات‌و ئەو ئامرازە بەهێزەشی نیشان دەدات کە بەکاری بهێنێت لەپێناو ڕزگاری سەرتاسەری‌داو ئەویش بەپتەوکردنی ڕیزەکانی خۆی واتە ریزەکانی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداری.

بۆیە هەرگیز مەبەست‌و دوائامانجی لەبیرنەکردووە کە ئەویش سەرنگوونکردنی ئەو چینە دژی بەشەریەیەو لەناوچوونی جیهانە پڕ چەوسانەوەکەیەتی, وە بۆ ئەم مەبەستەش پێکهێنانی ڕژێمی سۆشیالیستی

بەڕێگاچارە داناوە کە لەو کۆمەڵگایەدا ئینسانەکان یەکسان دەبن و هیچ ئازارو چەوسانەوەیەك نامێنێت.

مارکس بۆگەیشتن بەسۆسیالیزمو سەرفرازی چینی کرێکار چەق دەبەستێت لەسەر پایەداربوونی ڕیزەکانی چینی کرێکار وە بۆ ئەو جەنگە سەختو ناهەموارە بانگەوازی یەکخستنی ڕیزەکانی کرێکار دەکات لەپارتی سەربەخۆی خۆیاندا. چونکە چینی بۆرژوازیو نیزامی سەرمایەداری، تەنها لەڕێی ئەو ئۆرگانە بەهێزەوە لەناودەچێت، چینی بۆرژوازیو ئایدۆلۆژی بۆرژوازی بەدەیان ئامرازی جۆراوجۆرەوە لەمەیدانە، بەڵام هەرچی چینی کرێکارە تەنها ڕێکخستنی ڕیزەکانی هێزی دەنێتەبەر ئەگینا کرێکار لەپێك دەستە.

ئەو جیهانەی کرێکار دەیەوێت جیهانێکی بێدژایەتیو بێ ناکۆکی چینایەتیەو دورە لەهەموو چەوسانەوەیەکی چینایەتیو مرۆڤایەتی. بەڵام ئەو جیهانە مرۆییە بەچارەسەکردنێکی جزئی کۆتایی نایەت، وە ئەو جیهانە مرۆییە بەمەبەستێکی جزئی سیمای کامڵی مرۆڤایەتی لەناو ئەبات، چونکە سەرمایەدار تەنها وەك ئامرازێك سەیری کرێکار دەکاتو تەنها لە قوڵو بازوویەوە سەیری دەکات نە وەك مرۆڤی کامڵو خاوەن هەستو شعور. بۆرژوازی کرێکار لەهەردوو بازوویەوە سەیر دەکات کە ئەمەش ڕوانینێکی نا ئینسانیە، هەر لەبەر ئەوەشە بیری سۆسیالیزمی زانستی لەخەباتێکی سەختدایە لەدژی ئەم چینە چەوسێنەرە.

وە لە هەوڵی رزگاری چینی کرێکارو زەحمەتکێشاندایە، تەنانەت خودی بۆرژوازیش ڕزگاری دەبێت لەو ژیانە پڕ ناکۆکیەی تێیدایە، وە رزکاری دەکات لەو حاڵەتە نامرۆڤایەتیەی کە تێیدا دەژی، هەروەك لینین دەڵێت "هیچ مرۆڤێك ئازاد نیە ئەگەر ئازادی یەکێکی تر زەوت بکات، بەڵکو خودی ئەو کەسەش ئازاد نیە کە یەکێکیتر دەچەوسێنێتەوە".



هەر بۆیە دەڵێین چینی کرێکار چینی بۆرژازیش ڕزگار دەکات نەك بەتەنها خۆی.

هەروەك لەپێشدا ڕوونمان کردەوە کە مارکس هەر لەسەرەتادا دەرکی بەو پەیوەندییە نابەرابەریەی پیاوو ژن کردووە کە ڕەنگدانەوەی چەوساندنەوەیەکی دوورو درێژی مێژوویییە، کە بۆ یەکەمجار پیاو توانیویەتی ئەو دابەشکردنی کارو دابەشکردنی ئینسانیە نابەرابەرەی بسەپێنێت، وە مارکس هێما بەو چەوسانەوە نابەرابەریە دەدات، وەك بەرجەستەی گەشەکردنی خاوەندارێتی تایبەت.

بەڵام لەبەرئەوەی چەوسانەوەی پیاوو ژن، هەروەها پەیوەندییە سێکسیەکانی نێوانیان، پەیوەندی نێوان مرۆڤو مرۆڤە بۆیە مارکس چارەسەری تەواوی ئەو کێشەیە تەنها بەلەناوبردنی خاوەندارێتی تایبەتەوە نابەستێتەوە، بەڵکو دەیووت ئازادیو بەرابەری ژنو پیاو لەهەلومەرجێکی لەبارترو گەشەکردووتر کە دوای سۆسیالیزم دێت، واتە سەردەمی کۆمۆنیزم، وە لەو قۆناغەش واوەترو پێشکەوتوو تر چارەسەری ئەو کێشەیە دەبێتو ڕووەو چاکترو بەرابەرتر دەچێت، ئەو کێشەیە کەوا کێشەیەکی مرۆڤیە بەهێڵێکی ڕاستەقینەو ئابوری چارەسەر ناکرێت، هەرچەندە سەربەخۆیی ئابوری مرۆڤەکان بڕبڕە پشتی هەموو هەوڵەکانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مرۆڤ، بۆیە مارکس کێشەی پەیوەندی نێوان پیاوو ژن بەکێشەیەکی چۆنایەتی دادەنێت، وە چارەسەری زۆر سەختە بەبێ چارەسەری کێشەکانی تری ڕژێمی سەرمایەداری، بەڵکو تەنها لەقۆناغی سۆسیالیزمو سەردەمێکی بالاتر لەو کە قۆناغی کۆمۆنیستیە، ئەم کێشانە ڕووە لەناوچوون دەچن، تەنها لەو هەلومەرجە بەرابەریەدا مرۆڤەکان لەهەمو خێرو بەرهەمێکی خۆیان بەهرەمەند دەبن.

بەڕاستی چەوسانەوەی پیاو بۆ ژن هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ پێش مێژوو دەگەڕێتەوە, کە هۆیەکەشی پەیوەندی بە باری ئابوریەوە هەیە, کە باری ژن گۆڕاو هەلومەرجی ئابوری پیاو چاکتربوو توانی ژن بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە, ئەمڕۆ ئەو کێشەیە تەنها کێشەکی ئابوری نیە, بەڵکو پوختەو چڕکراوەی ئاوێتەبوونی هەموو چەوسانەوەکانە, دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەم چەوسانەوەیەش دەرکێکی شمولی تێرو تەسەلی دەوێت کە دووربێت لە تاکڕەوی ئایدۆلۆژیانە.

بۆیە لەم سەردەمەدا پێوانەی ڕاست و دروستی هەر ئایدیۆلۆژیایەك, دەگەڕێتەوە بۆهەڵوێستی ڕاست و دروست بەرانبەر بەکێشەی چەوسانەوەی ئافرەت, هەر ئەمەش شمولیەت بەبیروباوەڕی مارکس دەدات کە سەرەتا لەو کێشە مرۆڤایەتیانەوە دەستی پێکردووە هەر لەو ساڵەی کە مارکس بووە بەمارکس دانی بەو کێشەیەدا ناوە,واتا هەر لەساڵی (4844)ەوە.

ئەوەی ئایدلۆژیا دەگرێتەوە مرۆڤی ئاساییش دەگرێتەوە بۆیە مارکس دەڵێت ئێمە ئەوکات پیاو بەمرۆڤێکی سەربەست و ئازاد دادەنێین کە دان بەمافی ئافرەتدا بنێت و ئازادیەکان ڕەچاوبکات, پێ‌داگرتن لەسەر کێشەی ئافرەت لە وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهانی بەناو سێ‌یەم گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە, کە تیایدا مرۆڤ بۆ گەڕانەوەی پێشمەرجە ئینسانیەکانی لەهەوڵدایە, مارکس کاتێك لەسەر کێشەی چینایەتی و باری ناهەمواری مرۆڤایەتی دەدوێت لەکۆمەڵگای سەرماریەداری, هەلومەرجی ناهەواری کۆمەڵگای بەتەواوەتی لەبەرچاوبووە, بەو مانایەی کە مارکس لەئەوروپادا دەژیا و کۆمەڵگای سەردەمی مارکس بەهرەمەندبووە لەدیموکراسی و گۆڕانکاریە دیموکراسیەکان و وە ڕەگ و ریشەی کۆنەپەرستیان لەبن هێنابوو, وە لە دەسەڵاتی کڵێسا و بیروباوەڕە ئەفسانەییەکانی سەدەی تاریکی پێش سەدەی بووژانەوە رزگاریان ببوو,



لێرەدا دەتوانین بڵێین دەسکەوتەکانی کۆمەڵگای دیموکراسی کە شۆڕشی بۆرژوازی ئەوروپا بەدی هێنابوو, یەکەم هەڵوێستی دیموکراسییان دان پیانانی مافی ئافرەتان بووە و هەڵوێستی بەرانبەریان هەبووە لە ئافرەت بەرانبەر بەپیاو, وەك بوونەوەرێکی مرۆڤی سەیری ئافرەتیان دەکرد, بەڵام چینی بۆرژوازی ئەم دیموکراسیەت و شۆڕشگێڕایەتیەی تاسەر نەبوو, هەر زوو هەڵوێستی گۆڕی بەرانبەر بەدیموکراسیەت و بەرانبەر بەکێشەی دیموکراسیەکان, وە یەکێك لەو مەیدانانەی کە هەڵوێستی تاسەر شۆڕشگێڕی تیادا نەما, مەسەلەی ئافرەت بوو, بۆیە مارکس بڕیاری‌دا لەم مەیدانەدا زیاتر کاربکات و پێ‌دابگرێت, چونکە چینی بۆرژوازی بەرانبەر بەم کێشەیە ڕاستگۆیی لەدەستداوە, ئەم کێشەیە پێویستی بەچارەسەکردنی شۆڕشگێڕانەیە و ئەوەش تەنها لەلایەن چینێکی شۆڕشگێڕەوە دەبێت کە هەڵگری بیروباوەری شۆڕشگێری و پێشکەوتنخوازی بێت, کە ئەویش چینی کرێکارە کە تاسەر شۆڕشگێڕە و هەڵوێستی شۆڕشگێڕی هەیە, بەرانبەر بەهەموو کێشەکانی سەردەمی ڕژێمی سەرمایەداری وە بەتایبەتی کێشەی ئافرەتان و هەموو کێشەکانی تری ئەم ڕژێمە.

ئەو چینە واتا چینی کرێکار کە هۆشمەندە بەبیری سۆسیالیستی زانستی لە هەوڵەکانی‌دا ڕاستگۆیانە بەرانبەر بەهەموو سەختی و ناهەمواریەك دێتە دەست و هەمو بەشەریەت رزگار دەکات, ئەو زەمینەیەی کە چینی بۆرژوازی دیموکراسی و لیبرالیەتی تیادا نواند لەئەورپای سەدەی نۆزەدەدا, ئەمڕۆ بەهەمان شێوە ئەو زەمینەیە لە هەموو جیهانی سێ‌یەمدا لەبارنیەو مەوجودیەتی نیە, بۆیە ئەو کێشەیە واتا کێشەی ئافرەت و چارەسەرکردنی هەلومەرجی ژیانی لەووڵاتانی عەرەبی و جیهانی سێ‌یەم ڕووبەڕووی سەختیەکی زۆر دەبێتەوە, وەماندووبوونی زۆری دەوێت, بەپێوانە لەگەڵ ئەوسای ئەوروپا. واتا بەپێوانە بەسەدەی نۆزدەی ئەوروپاوە.

بۆیە دەکرێت بەڕاشکاوانە بڵێین کە هەڵوێست بەرانبەر ئافرەت پێوانەی شۆڕشگێڕیە لەو ووڵاتانەو سیمای مرۆڤ دۆستیە بۆ ئەوکەسانەی کە بەرگری لەمافی ئافرەت دەکەن.

لەبەر ئەوە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تەنها بەچارسەرکردنی کێشە ئابووری و سیاسیەکانی ڕژێمی سەرمایەداری نایەتەدی و ڕەگ و ڕیشەی لەناوناچێت چونکە سیمای سەرمایەی ووڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیستی کۆنەپەرستانەیەو لەهیچ کاتێکدا لەهەوڵی بنەبڕکردنی ئەو کێشەیەدا نەبووە, چونکە چینی بۆرژوازی ناوخۆی ئەم ووڵاتانە ئەرکی بووە کە پارێزگاری لەو ڕێڕەوە کۆنەپەرستانەیە بکات.

من لێرەدا باس لەخووڕەوشت دەکەم، ڕێگاچارەیەك بە پێویست دەزانم. چونکە هیچ ماکێك ئەوەندەی ئەو ماکە کاریگەر نیە بەسەر کۆمەڵانی دواکەوتووی ئەم ناوچەیەوە, کۆمەڵگای ئەوروپی هەر لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی بۆرژوازی و گەشەکردنی سەرمایەداری دا ڕێگاچارەی سۆسیالیستیان گرتەبەرو لە ڕێگای خەباتی شیلگیرانەیان, دەیان بڕیاری گۆڕینی یاسای کۆنیان داو سەبارەت بەمەسەلەی ئافرەت بڕیاری یاسایی نوێیان بۆ باری کەسایەتی دەرکردو یاسای تایبەتییان بۆ مەسەلەی ژنهێنان و دابەشکردنی میرات دەرکرد.

وە دانیان بەمافەکانی ئافرەت هێنا, ئەو ڕێ و ڕەسم و عادەتە کۆنەپەرستانەیەی لەکۆمەڵگادا هەبوو ڕووبەڕووی بەرەنگاری شۆڕشگێڕانەی ڕابەرانەی سۆشیالیزم بوونەوە, ئەویش لەڕێگای بڕیاردانی یاسایی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی شۆڕشگێڕانەی ئەو کێشانەو جەماوەریان بۆ پیادەکردنی ئەو بڕیارو یاسا نوێیانە هاندەداو ئامۆژگارییان دەکردن بۆ پەیڕەوەکردنی ئەو یاسا شۆڕشگێڕانەیەی کە سەبارت بەمەسەلە دیموکراسیەکان دەرچوون و بەوەش ئەو ڕێ و ڕەسمە کۆنەپەرستانەیە لەناودەچێت.



ئەم شێوازە لەدیموکراسی لەسەرجەم ئەوروپا پیادەکرا, وە بوو بەڕێ و ڕەسمی نوێ لەکۆمەڵگای نوێی ئەوروپیدا. بەڵام بەپێچەوانەوە هیچ کام لەووڵاتانی عەرەبی و جیهانی هەنگاوی جدییان بۆ پەیڕەوکردنی ئەو بڕیارو یاسا شۆڕشگێڕانە نەنا, هیچ ووڵاتێکی عەرەبی دەستکاری یاسای کاروباری کەسایەتیان نەکرد کە تێیدا چارەسەری باری ژنهێنان و پەیوەندی نێوانیان بکرێت بەشێوازێکی پێشکەوتنخوازانە و شۆڕشگێڕانە.

لێرەدا دەکرێت هۆی چارەسەر نەکردنی شۆڕشگێڕانەی ئەم کێشانە لەووڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ئەم دوو خاڵە بگەڕێنینەوە:

4/ نەبوونی لێهاتوویی (جورئەت)ی شۆڕشگێڕانە.

2/ ڕۆڵی کۆنەپەرستانەی کۆمەڵگا لە هێشتنەوەی ئەو ڕێ و ڕەسمە کۆنەپەرستانەی کە زاڵن بەسەر کۆمەڵگادا.

بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەیەك ئاکام گەیشتووین ئەویش ناکۆکی و جیاوازی تووندوتیژی نێوان ژێرخانی کۆمەڵگاو سەرخانی کۆمەڵگایە, ناکۆکی لەنێوان خاوەندارێتی کۆمەڵگا لەئامرازەکانی بەرهەمهێنان و لەنێوان پەیوەندی کۆمەڵایەتی نیمچە دەرەبەگایەتی.

وە لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بڕیاردانی یاسایەکی شۆڕشگێڕانە بۆ کاروبارەکانی کەسایەتی زۆر پێویست و کاریگەرترە وەك لەبڕیاردان بۆ یاسای دابینکردن (قانون التأمیم).

ئێمە لێرەدا مەبەستمان پشتگوێ خستنی قۆناغەکان نیە لەباری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان, مەبەستمان ئەوە نیە کە خەڵك دابڕاوین و هەلومەرجی سەردەم ڕەچاونەکەن و هەموو بارێکی کۆمەڵایەتی بەیەك چاو سەیربکەن, بەڵکو لەسەر پێشەنگە شۆڕشگێڕەکانە کە جەماوەر ئامادەبکەن و هانیانبدەن بەرەو کاری شۆڕشگێڕانە تاوەکو نەکەونە داوی کۆنەپەرستانەی هەلپەرستانەوە. ئێمە سۆسیالزم بە دارە سحریەکەی موسا نازانین کە

بیهاویت‌و هەموو گۆڕانکاریەکی پێبکەیت، بەپێی ویست, وە لەنێوان شەوو ڕۆژێك چیت بوێت بۆت بکات. ئەم تێزە بەتایبەت لەجیهانی سێهەم دەبێت ئەو بۆچوونی داری سحریە ڕەتکاتەوە چونکە گۆڕانکاری سەرخانی کۆمەڵ, هەوڵ‌و تێکۆشانی زۆری دەوێت, دەتوانین بڵێین گۆڕینی ژێرخانی کۆمەڵ زۆر سووك‌و ئاسانترە وەك لەگۆڕینی سەرخانی کۆمەڵ. وە گۆڕانی سەرخانی کۆمەڵ تێکۆشانی بێووچانی دەوێت.

لە سەرووی هەموو کێشەکان, کێشەی ئافرەت, دەبێت زەمینەی لەباری بۆخۆشبکرێت کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. چونکە لەکێشە سەختەکانی کۆمەڵە, وە گەشەکردنی کۆمەڵ بەوەوە پەیوەستە, خاڵی لاوازی چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت خودی ئافرەت خۆیەتی, کە هەوڵ‌و تێکۆشانەکانی کەمتر دێنە بەرچاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی, ئەوە لەلایەك, لەلایەکی‌تر باری کۆمەڵایەتی بووەتە مایەی ڕێگەگرتن لەبەردەم گەشەکردن‌و چارەسەرکردنی کێشەکەیدا.

بۆیە دەبینین ئەرکی سەرشانی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان زۆر سەخت‌و ناهەموار بووە لەم بارەوە, وە هێزو گوڕێکی زۆری وویستوە, وە جورئەتێکی چاکی دەوێت بۆ بەدەستهێنانی ئیرادەی خۆی‌و دروستکردنی هەلومەرجی بابەتی, وە لەهەردوو حاڵەتەکەدا پێویستی بەجورئەتی ڕوبەڕوونەوە دەکرد بۆ بەرهەڵستی کردنی کۆنەپەرستان هێرش بردنەسەریان لەناو ماڵی خۆیاندا, وەمەبەست لەماڵی خۆیدا ری‌و ڕەسمی کۆمەڵایەتی کۆنەپەرستی کۆمەڵە, لەبەرانبەر کێشەی ئافرەت‌و نابەرابەری پیاوو ژن.

لێرەدا دەتوانین بڵێین دەبێت کەسە سۆسیالیست‌و شۆڕشگێڕەکان خاوەن ئیرادەی پۆڵایین بن, بۆئەوەی فێری ئەوە بن کە چۆن دووربن لەئایدیای خێرخوازانەو خەیاڵی‌و دووربن لەکەوتنە داوی (عمومیات), ئەرکی سەرشانی کەسە سۆسیالیستەکانە کە بەخۆیاندا بێنەوەو لێپرسینەوەی



زاتیان هەبێت, چونکە لێپرسینەوە بۆکادری سۆسیالیست‌و شۆڕشگێڕ زۆر پێویستە, وە دەبێت ئەوەش بزانین کە شۆڕشگێڕی ڕەها لەوجوددا نیە, چونکە هەرچەندێك مرۆڤ شۆڕشگێڕو بەهەڵوێست بێت, بەشێکی کەم لەڕێ‌و ڕەسمی کۆمەڵ هەڵدەگرێت, بەتایبەت لەهەڵوێست وەرگرتن‌و مامەڵەکردن لەسەر مەسەلەی ئافرەت, کە هەر لەگەڵ شیری دایکدا ڕاهاتوون لەسەر ئەو جۆرە پەروەدە کردنە, بۆیە هەرگیز ناکرێت بەیاسایەك یان بەهەڵوێست گۆڕینێك بەرانبەر بەمەسەلەی ئافرەت بیروڕامان بگۆڕین, کە وەك ڕێ‌و ڕەسمی کۆمەڵایەتی تەمەنی بەقەد درێژایی مێژووی نابەرابەری کۆمەڵایەتیە, لەم بارەیەوە نمونەیەك دەهێنمەوە کە چۆن ئادەمیزاد بەتایبەتی پیاو هەڵگری ڕێ‌و ڕەسمی کۆمەڵایەتیە, هەرچەند کەسێکی رۆشنبیرو پێشکەوتنخوازیش بێت.

روناکبیرێکی پێشکەوتنخواز جارێکیان لەکۆڕێکدا باس لەسەر مەسەلەیەکی زانستی دەکات‌و باسەکەی دێتە سەر ئازادی ئافرەت بەڵام لەکۆتایی کۆڕەکەدا, ئەم پرسیارەی ئاراستەی بەشداربووان کرد, ئایا ئافرەت خواوەندە یاخود شەیتانە؟

ئەو ڕوناکبیرە لەبیری دەچێت کە ئافرەتیش هەر وەکو پیاو ئەویش مرۆڤە, ئێمە دەڵێین ئافرەت بەرابەرە لەگەڵ پیاو, بەڵێ بەڕاستی وایە, بەڵام ئایا ئەوەی وادەڵێت چووەتە بنج‌و بنەوانی ئەم ووتەیەوە؟, ئەبێت ئەوەی کە بۆ پیاو بەشیاوو گونجاوی دەزانین بۆ ئافرەتیش بەهەمان شێوە, جا ئەو ئافرەتە خیزانمان بێت یاخود خوشك یان کچمان بێت, بۆ چارەکردنی ئەم گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەو بۆ بەدیهاتنی ئازادی سەربەخۆیی ڕاستەقینە دەبێت سەرەتا لەپیاوەوە دەست پێبکەین وە سەرنجێك لەڕەوشت‌و ڕەفتارمان بدەین بەرانبەر بەئافرەت‌و بەشێك لەو مافە بەزۆر سەپاوانەی کە بەسەر ئافرەتماندا سەپاندووە فەرامۆش بکەین, هەرچەندە ئەم چارەسەرە بەبێ شۆڕشی

سۆسیالیستی کارێکی گرانەو بەڵام ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکی ئینسان دۆستو هەڵگری بیری سۆسیالیستی شۆڕشگێڕە کە لەخۆیەوە دەست پێبکاتو گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە بەسەر خۆیدا بهێنێت, وە چاوەڕوانی گۆڕانکاری کۆمەلگا نەکات, چونکە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تەنها بەبانگەواز نابێت, بەڵکو دەبێت هەوڵی جدی بۆ بدرێت, بەو شێوەیە یەکسانیو بەرابەری لەنێو خەڵکە بیرمەندو ئینسان دۆستو سۆشیالیستەکاندا بڵاودەبێتەوەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی نزیك دەکاتەوە.

وە دەبێت ئافرەتیش ماکی گۆڕانکاری تێدابێتو لەهەوڵی بێووچاندا بێت سەبارەت بەکێشەکەی خۆیو بڕیاری شۆڕشگێڕانە بدات.

بێگومان تەنها ڕێگاچارە ڕێگای سۆشیالیزمە کە ڕۆڵی کایگەری هەیە لە رزگاری ئافرەتو سەرجەم مرۆڤایەتیدا. بەڵام پێکهێنانی جیهانی سۆسیالیزمیش بەبێ هەوڵی ئافرەت نابێت. لەووڵاتانی عەرەبیو جیهانی سێیەم زۆر شانازی بەزۆری دانیشتوانیان دەکەن, بەڵام ئەوەیان لەبیر دەچێتەوە کاتێك باس لەو چەند سەد ملیۆنە بەشەرە دەکەن ئەوان نیوەیان فەرامۆش کردووە, چونکە هەموو کۆمەڵگایەکی لەپیاو لەژن پێکدێتو نیوەی کۆمەڵ ژنە, کەواتە ئەوانە نیوەی کۆمەڵیان فەرامۆش کردووە.

چونکە بەپێی ڕێو ڕەسمی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە دەبێت ئافرەت لەکونجی ماڵەوە نەچێتە دەرەوەو تەنها کاری ماڵەوەی پێدەسپێردرێتو تەنها ئەو کاتانە بەکاریان دێنن کە لەتەنگوچەڵەمەو جەنگدابن.

نمونە لەم بارەیەوە زۆرە, لەشەڕەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا, هەموو وولاتانی سەمایەداری کارگەکانیان بەئافرەتان دەبرد بەڕێوە, لەعێراقیشدا لەکاتی جەنگی عێراق– ئێران هەموو ئافرەتە خوێندەوارەکانیان بەکاردەهێنا, بەتایبەت لەو جێگایانەی کە پیاو چۆڵی کردبوو چووبوونە بەرەکانی جەنگەوە.



بەڵام وولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا بەهۆی شۆڕشی پیشەسازیو گەشەکردنی نیزامی سەرماریەدای لەوولاتانەو گەشەکردنی بیری دیموکراسی لیبرالی, مەسەلەی ئافرەتو کارکردنی وەکو پیاو مەسەلەیەکی بەرچاوە, ئێستا ئەو رێژەیە دەگاتە 45٪ بەتایبەت لەکەرتی پیشەسازی, وە ئەم ڕێژەیە لە سۆڤیەتی پێشووش دەبینراو بەزیاترەوەش.

ئێمە دەزانین لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا ڕێژەی بێکاری زۆرەو ئەم دیاردەیە کێشەی زۆربەی ئەو وولاتانەیە, بەڵام چارەسەرکردنی بێکاری بەکارنەکردنی ئافرەتو دوورخستنەوەی لەکار چارە ناکرێت, بەڵکو ئەو کێشەیە بەزیاتر کارکردنو فراوانکردنی پرۆژەکانو رێکخراوبوونی کۆمەڵگا دەبێت.

ئەوانەی داوای فەرامۆشکردنی ڕۆڵی ئافرەتو دەرکردنیان لەکارگەو کارخانەکان دەکەن خەڵکانی دژی ماڤ مرۆڤو ماڤ ئافرەتنو خاوەن هەڵوێستی پێشکەوتخوازی نین, بەڵکو دەیانەوێت کۆمەڵگا هەروا بەدواکەتوویی بمێنێتەوە.

# لينينو مەسەلەی سێكس

كلارا زاتكنين

لەعەرەبییەوە: باوكی داوەر

زۆرجار هاوڕێ لینین لەگەڵ مندا باسی مەسەلەی ئافرەتی دەكردو گرنگی پێدەدا, دەیگوت كێشەی ئافرەت ڕۆڵی گرنگی هەیە لەبەرنامەی ئێمەدا, چونكە بزووتنەوەی ئافرەتان لە ڕوانگەی لینین دا پایەیەكی بنەڕەتی هەیەو لە هەلومەرجی ئێستادا بەشێگی گرنگە لە بزووتنەوەی جەماوەری, ئەو دەیگوت یەكسانی پیاو لەگەڵ ژن لە پرنسیپە سەرەكیەكانی باوەڕی كۆمۆنیستییە.

یەكەم گفتوگۆمان سەبارەت بەمەسەلەی ژنان لەگەڵ لینیندا لە پاییزی ساڵی 4920 دا بوو, لەنوسینگەكەی خۆی لە كرملین لەسەر مێزەكەی دانیشتبوو كە پڕ بوو لە كتێبی جۆراوجۆر، كە نیشانەی سەرقاڵی و مەشغەڵەتی ئەوبوون, بەڵام وەك لێكۆڵەرەوەكانی تر سەرمێزەكەی پشێوو پەرتوبلاو نەبوو, دوای ئەوەی بەخێرهاتنێكی گەرمی كردم ووتی:-

"ئەركی سەرەكی ئێمە پێكهێنانی بزووتنەوەی جیهانی ژنانە لەسەر بنەمای تیۆرییەكی ڕوونو دیاریكراو, ئاشكرایە كە ئێمە ناتوانین كارێكی لەو جۆرە بكەین ئەگەر تیۆریی ماركسیستی چالاكانە پیادەنەكەین. بۆیە ئێمە وەكو كۆمۆنیست دەبێت هەڵگری بیروڕاو پرنسیپە بنەڕەتییەكانی باوەڕی ماركسیستی بین سەبارەت بەم مەسەلەیە, دەبێت ئێمە بەپێچەوانەی هەموو پارتەكانی دیكەو بەجیاو دابڕاو لەوان, هەڵوێستی جددیمان هەبێتو ڕاشكاوانەش دەریببڕین, كۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی دووەم كەمو كورتی زۆری هەبوو سەبارەت بەم بابەتەو كاتی پێویستی بۆتەرخان نەكرد, كە دەبوایە ئەم بابەتە لە كۆنگرەدا بەجددی گفتوگۆی لە سەر بكرایە, ئەم كەموكورتییە دەكەوێتە ئەستۆی لیژنەی بەڕێوەبەری كۆنگرە كە هەر خەریكی باسی لاوەكی بوو و كێشەی سەرەكییەكانی وەلانا بوو. دەبوایە لیژنەی بەڕێوبەری كۆنگرە شێوازی بڕیارو بابەتەكانی وەك ئەركی جددیو پێویست سەیر بكردایە, بەڵام تاكو ئێستا كارەكانی كۆنگرە نەچووەتە پێش, بۆیە بەپێویستی دەزانم یارمەتیتان بدەین".

من پێشتر بیروڕای لەو جۆرەم لە لینین بیستبوو, بۆیە بەلامەوە غەریب نەبوونو بەبیستنیان خۆشحاڵ بوومو سەری ڕەزامەندیم بۆ دەلەقاند. وە من چالاكیەكانی ئافرەتانی ڕووسیام لەو هەڵوێستو كارانەی لە شۆڕشی ئۆكتۆبەری مەزندا نواندبوویانو قارەمانانە ڕووبەڕووی دوژمنی چینایەتی خۆیان ببونەوە بەدژی ئەو زوڵمو زۆرەی نیزامی بۆرژوازی بەرامبەر چینی كرێكار, بەرز دەنرخاند، چ ئەو داواكارییانە لە پێناو بەدیهێنانی مافە پێشێلكراوەكانی ئافرەتانی جیهان دابووبێت بەگشتی، یان ئافرەتانی روسیا بەتایبەتی.

من دەمزانی چالاكییەكانی ئافرەتانی ناو پارتی بەلشەفی بەنرخو بەگوڕە, وە دەمزانی ئافرەتانی ئەو پارتە لە ئاستی مەسئولیەتی مێژوویی خۆیاندان بەرامبەر بەكێشەی كرێكاران بەگشتیو مافەكانی خۆیان بەتایبەتی، چونكە ئەو پارتە تاكە پارت بوو لەو ڕۆژەدا هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی هەبێت بەرامبەر بەزۆر بابەتی كاریگەرو هەستیار لەمەڕ بزووتنەوەی ماركسیو

کۆمۆنیستی, وه ئەو پارته (پارتی بەلشەڤ) خاوەنی کۆمەڵێك کادری بەتواناو لێهاتوو بوو کە دەیتوانی کاری لەو جۆره هەڵسووڕێنێت‌و بەرەو پێشەوەی ببات‌و لە هەمان کاتیشدا پێشەوایی‌و ڕابەری مێژوویی خۆیان بنوێنن. سەرنجم دا لینین بەقسەکان خۆشحاڵ بوو, سەری ڕەزامەندی دەلەقاند. لینین ووتی:

"بەڵێ راستەو زۆریش راستە لە پترۆگرادو لێرەش لە مۆسکۆو لە هەموو شارە پیشەسازییەکان هەڵوێستی ئافرەتانی پرۆلیتاریا زۆر قارەمانانە بووەو جێی شانازییە هەردەم ئەو چالاکییانە بەرزڕابگرین, دەتوانم بڵێم بەبێ چالاکییەکانی ئافرەتانی پرۆلیتاریا دوور نەبوو کە ئەو شۆڕشە مەزنەمان سەرنەگرێت، باوەڕ بکە کلارا سەرەڕای ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی دەیچێژن ئافرەتانی پرۆلیتاریای روسیا هێشتا بەگوڕو چالاکن‌و لەپێناو پارێزگاری شوراکاندا لە ئامادەباشی بەردەوامدان, ئەوان سەربەستی‌و سەرفرازیی کرێکارو کۆمۆنیزمیان دەوێت. بەڵێ کرێکارە ئافرەتەکانمان هەروەکو گشت پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی رووسیا خەباتگێڕی چینایەتی سەرسەختن, بۆیە شایستەی خۆشەویستی‌و رێزلێنانن لای ئێمە.

بەڵێ پارتەکەمان ئافرەتی کۆمۆنیست‌و جێ‌متمانەی هەیە, کە زۆر زیرەك‌و چالاکن لە کارەکانیان بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە کاردەکەن‌و لە تواناياندا هەیە جێگاو پلەو پایەی بەرز بگرن لە شوراکان‌و لیژنەکانی جێ‌بەجێ‌کردندا (اللجان التنفیذیة)وە ڕۆڵی بالأیان هەبێت لە کۆمۆسیۆنی گەل‌و بەڕێوبەرایەتی کردنیدا, وە هەروەها دەتوانن رۆڵی چالاکیان هەبێت لە هێزی بەرگری سووردا.

ئەم ڕۆڵەی ژنانی کرێکاری رووسیا جێگای شانازی ئێمەو نیشاندانی رۆڵی ئافرەتە لە بوارە جۆربەجۆرەکان‌و سەلماندنی تواناکانیانە لە هەموو بوارێکدا.



بەڵێ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەنگاو دەنێت بەرەو یەکسانی کۆمەلأیەتی تەواو بۆ ئافرەت. ئەوە هەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە هەوڵدەدات چەوسانەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا لەڕەگ‌وڕیشە هەڵکەنێت.

بۆ جەختکردن لەسەر یەکسانی نێوان پیاوو ژن ئێمە دەڵێین لە ئەمڕۆدا بەبێ بوونی بزووتنەوەیەکی جیهانی ئافرەتان، بزووتنەوەی نێونەتەوەییمان کورت دێنێت‌و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت, بۆیە رێکخستنی ئافرەتان بەکارێکی زۆر پێویست دەزانین‌و لەسەر شانی ئێمەیە کە چاودێری کاری شۆڕشگێڕانەمان بین هەتا کۆتایی.

پێم بڵێ کاری کۆمۆنیستی گەیشتووەتە کوێ لەووڵاتانی ئەوروپیدا؟"

کلارا لەوەڵامدا دەڵێت: منیش هەرچی زانیاریم کۆکردبووەوە سەبارەت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەووڵاتانە پێشکەش بە (لینین)م کرد. هەرچەندە ئەو زانیاریانە بەهۆی ئەو پەیوەندیە کەم‌و نارێکخراوەی بەسەر پارت‌و رێکخراوەکانی ئەنتەرناسیونالیزمی(2)دا زاڵبوو، کاتی‌و دیاریکراو بوون, کاتێك ئەم باسانەم بۆ لینین دەکرد, ئەو بەووردی گوێی لێئەگرتم, بێئەوەی بێزاری‌و ناڕەحەتی لێوە دەرکەوێت, بەڵکوگرنگی بەسەرنجە ووردەکانیش دەداو دەچووە بنج‌و بنەوانیان.

من کەم کەسم بینیوە وەکو لینین وردبین‌و بەو شێوەیە گوێ بگرێت‌و ئاوا بەزوویی تێبگات, من ئەمەم لەسەرنج‌و پرسیارە وردەکانیەوە هەست پێدەکرد کە ئاراستەی منی دەکردو دەینووسییەوەووەکو تێبینی لای خۆی تۆماری دەکردن. من کاتێك باسی ئەڵمانیام بۆ لینین دەکرد ئەو لە من زیاتر شارەزای هەلومەرجی ئەووولأتە بوو, پێموت رۆزا لۆکسمۆرگ بیروڕای تۆی زۆر لا پەسەندە سەبارت بەگرنگیدان بە ڕۆڵی ئافرەتی شۆڕشگێڕ, بۆیە کە پارتی کۆمۆنیست لە ئەڵمانیا پێکهێنرا. ڕۆزا دەبوایە هەر زوو رۆژنامەیەکی هەبێت سەبارەت بە بزووتنەوی ئافرەتان.

کلارا درێژەیدا بە قسەکانی: ووتی لیوجونمیش یادی بەخێر لەگەڵ مندا بوو کاتێك پلانمان دادەڕشت, بەتایبەت پێش تیرۆرکردنی بەسیو شەش سەعات, ئێمە لە هەوڵی چالاکیو پلاندانانندا بووین, ئەو کارو ئەرکانەمان دەخستە ڕوو کە پێویست بوون لە پێناو ڕێکخستنی ئافرەتانی کرێکارداو ئەو کێشانەمان هەر زوو لە کۆنگرەی پرۆژەکەی پارت چارەسەردەکرد, وە دەستی کرد بەکاری مەنهەجی لە ڕیزەکانی کرێکاراندا, هەرچەندە ئێمە لە سەرەتادایین, بەڵام لە سەرەتایەکی باشەوە دەستمان پێکردووە.

لینینووتی:-

ئەمە کارێکی خراپ نییەو هەرگیز کارێکی خراپتتان نەکردووە... بەڵام گوێم لە چەند هاوڕێیەکی ئافرەتی ڕووسو ئەڵمانی بوو کە شتی زۆر سەیرو سەمەرەیان باس دەکرد, باسیان بۆ کردم کە ئافرەتێکی کۆمۆنیستی بەتوانا هەیە لە هامبۆرگ ڕۆژنامەیەك بۆ (لەشفرۆشان) دەردەکاتو لە هەوڵی ڕێکخستنیاندایە بۆ کارو خەباتی شۆڕشگێڕانە. هەروەك چۆن ڕۆزا لۆکسمبۆرگ لە بارەی ئەو ئافرەتە لە شفرۆشەی نوسیبووەوە بەرگری لێدەکرد کە گیرابوو لە سەر کاری لەشفرۆشیو ڕەچاو نەکردنی هەندێك لە یاساکانی پۆلیس سەبارەت بە کێشەکەی خۆی.

ڕاستە (لەشفرۆشان) گیرۆدەو تووشبووی کۆمەڵگای بۆرژواییینو لەبەر دوو شت شایەنی ئەوەن دڵگران بین لەبارەیانەوە. لە لایەك گیرۆدەی ڕژێمی خاوەندارییەتی تایبەتی بەدکارنو لەلایەکی تریشەوە گیرۆدەی ڕیاکاری ئاکاری بەدکارین, تەنها ئەو کەسانەی کە بێدڵو بێچاون ئەم کێشانە نابینینو هەستی پێناکەن. بەڵام ئایا لە ئەڵمانیا ئافرەتی کرێکار نییە بیخەنە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوەو ڕۆژنامەیان بۆ چاپبکەن؟

پێویست ناکات ئەمانە بخرێنە ڕیزی خەباتەوە, بەڕای من ئەمە لادانێکی نەخۆشانەیە, ئەمە ئەو بانگەشەیەمان دێنێتەوە یاد کە لەشفرۆشان وەکو



هەر ئافرەتێکی تر دەبینێت, ڕاستە دیاردەی لەشفرۆشی کێشەیەکی گەورەو کوشندەی ڕژێمی سەرمایەدارییە، بەڵام دەرك کردن بەم کێشانە بەس نیە, ئەگەر هەوڵی بۆ نەدرێتو ڕێگاچارەی بۆ دانەنرێت بەتەنها ڕەخنە لە کاری ڕیاکارانەی بۆرژوازیو دەستنیشانکردنی دیاردەکانو هەڵوێستو سۆزی کۆمەڵایەتی، کێشەکان لە ڕەگو ریشەوە هەڵناکێشن, ئێستا لەشفرۆشی گواستراوەتەوەو بووە بە ڤایرۆسی کۆمەڵگای سەرمایەداریو ئەم کێشەیە لەووڵاتانی ئێمە کێشەی تری بەدوای خۆیدا هێناوە, چارەسەرکردنی کێشەکە هەروا سووكو ئاسان نییە, بۆیە دەبێت کێشەی لەشفرۆشی بگەڕێنینەوە بۆ ناو کارگەو کارخانەکانی بەرهەمهێنانو لەوێدا ڕۆڵی ئابووریو کۆمەڵایەتی خۆی بنوێنێت, ئەم کارەش سەختو ئاڵۆزەو دابینکردنی لە هەلومەرجی ئەمڕۆداو بەپێی باری ئابووری ووڵاتمان سەختە. ئەمە ئەو کێشە سەختەی ئافرەتانە کە ئەمڕۆ بەزەقی ڕووبەڕوومان بووەتەوەو ڕێگاچارەی لێمان دەوێت, ئەم کێشەیە بەوە ناچێت ئەمڕۆ لەووڵاتی یەکێتی شورەویدا چارەسەر کرابێت, بەڵام بابگەڕێینەوە سەر باری تایبەتی ئێوە لە ئەڵمانیا, نابێتو ناکرێت پارت بەهیچ شێوەیەك چاوپۆشی لەو بێپرەنسیپیانە بکات لە نێو ئەندامانیدا. ئەمە تۆوی گومانو تێکەو لێکە لە کارەکاندا دروست دەکاتو هێزەکانمان لاواز دەکات, ئایا ئێوە چیتان لەم بارەیەوە کردووە؟

لینین بەبێئەوەی چاوەڕێی وەڵامی من بکات, بەردەوام بوو لەسەر قسەکانیو وتی "کلارا تۆش هەڵەکانت کەمنین, گوێم لێبوو کە تۆ گرنگی بەو باسو خواستانە دەدەیتو بووەتە میحوەری کارەکانت، بەڕای من باوەڕم نەکرد, دەوڵەتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای تاقو تەنیا ئەمڕۆ لەهەوڵو کۆششە لەدژی هەموو دوژمنانی سەرسەختی چینایەتی خۆیدا لەهەموو جیهان. وە هەلومەرجی ئەڵمانیاشوا دەخوازێت کە پشتگیریو تووندوتۆڵییەکی بەهێز

لەگەڵ هێزی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا ببەستێت. لەدژی هێرشی دژە شۆڕشەکان, کە هەروا دێن و هێز کۆدەکەنەوە لەپێناو دژایەتی کردن و لەناودانی ئەو ئەزموونە. ئا لەو کاتە ئافرەتە کۆمۆنیستە چالاکەکان کێشەی سێکسی و هاوسەری لە ڕابووردووو داهاتووو ئێستادا چارەسەردەکەن.وە دەرك بەوە دەکەن کە ئەرکی پێویستی ئەوان لە ئێستادا ڕۆشنبیرکردنی کرێکارە ئافرەتەکانە بەم شێوازە لەبیرکردنەوە, لەم بارەوە نامیلکەیەکی ئافرەتێکی کۆمۆنیستی ڤییەنی نەمساوی هەیە کە لەبارەی کێشەی سێکسی دەدەوێت کە زۆر ناسراوو بڵاوە ئەم نوسراوەیە.

بەڵام ئەم نوسراوەیە زۆر سادەیە, وە لە ڕاستیەوە زۆر دوورە. ئافرەتان پێشتریش لەلایەن (بیبڵەوە) ئەم جۆرە شتانەیان بیستووە, هەرچەندە بۆچوونەکانی بیبڵ بەو شێوەیەووشك نیە بەڵکو لەشێوەی پڕوپاگەندە لە دژی نیزامی بۆرژوازیو سەرمایەدارییەو سەرتاپای هێرشکردنە سەر بۆرژوازیو نیزامەکەیەتی, کتێبەکە پشت بەتێزەکانی فرۆید دەبەستێت سەبارەت بەسێکس و سیمایەکی زانستی دەداتێ (واتا سیمایەکی زانستی بەتێزەکانی فرۆید دەدرێت) بەڵام لەڕاستیدا ئەو تێزانە دوورن لە کاری بابەتی و بۆچوونی زانستی و خودی تیۆری فرۆید سەبارەت بەسێکس تەنها خۆ خەریك کردنە بەحەزە کاتییەکان کە بەحەزی کاتی و مۆدە ناو دەبرێت.

لینین وتی من باوەڕم بەو جۆرە بابەت و تێزانە نییە کە لە ڕێگای نامیلکەو کتێبەکانەوە باس لە سێکس دەکەن, بەکورتی باوەڕم بەو ئەدەبە نیە کە ئەمڕۆ لەنێو ئایدیا و پەروەردەی کۆمەڵی بۆرژوازیدا برەوی هەیەو گەشەی پێدەدرێت, من ئەوە بەڕاست نازانم کە خەڵکانێك هەن بەبەردەوامی بیریان لای سێکسە. هەروەك ئەو پیاوە هیندییە وان کە لەبەر ئەوەی ناوکی لەدەرەوەیە هەر بیری لای ناوکیەتی.



من پێموایە ئەو هەموو تێزو بەرهەمە فراوانەی سەبارەت بەسێکس هەیە, ڕەنگدانەوەی پێویستی‌یە سێکسیەکانی مرۆڤە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا کە بوارێکی وا نامۆی دروست کردووە کە تەنانەت ئەدیب و نوسەرەکانیش دەرباز نەبوون لێی, بەڵکو ئەو نامۆبوونە وای لە مرۆڤەکان کردووە، مرۆڤی سادە بن یا نووسەر، هەموو دیاردە سێسکییەکان لە پێویستی و خواستە سێکسیەکانی خۆیانەوە شیبکەنەوەو گوزارشتی لێبکەن. ئەمەش وای لەو مرۆڤانە کردووە بە ئاکاری بۆرژوازییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە بکەن و بانگەوازی ئازادی سێکسی بکەن و دیاردەکە بەنامۆیی سەیربکەن و شیبکەنەوە, ئەم ڕێز لێگرتنەی بیرمەندانی بۆرژوازی بۆ سێکس بەڕاستی جێی بێزاری و دڵتەنگی منە, لەڕاستیدا تێڕوانینی مارکسستی بۆ ئەم کێشەیە بەپێچەوانەی تێڕوانینی بۆرژوازییە کە بەشێوەی زۆر سەیرو سەمەرە ئەڕوانێتە کێشەی سێکس. ئەو گرنگیدانەی هزری بۆرژوازی هەرچەندە لەروخساردا وەك پەرۆشی دەوێت بەڵام لە ئاکامدا گرنگیدان و بایەخدانێکی بۆرژوازییانەیەو ئەوەی ئەم بابەتە ئەوروژێنێت خەڵکانێکی ڕۆشنفکری بۆرژوازی و ووردە بۆرژوازین و ئەو جۆرە بۆچوونانە لەڕاستیەوە زۆر دوورن و لەگەڵ خواستی پرۆلیتاریادا نایەنەوە, وەهەروەها دوورە لە خواستی پارت و ڕێکخراوە پرۆلیتارییەکان کەخەبات دەکەن بۆ ڕۆشنکردنەوەو ئاشناکردنی چینی پرۆلیتار بەماهیەتی چینایەتی شۆڕشگێڕانە, من هەستم بەوە کردووە کە کێشەی سێکس و هاوسەری لەسایەی ڕژێمی سەرمایەداری و خاوەندارییەتی تایبەتی‌دا چەندە ئاڵۆزی دروستکردووەو دەکات. ئەو کێشەیە مەسەلەی هەرە گەورەو قورس و پڕئازاری ئافرەتانی سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانە. ئێمە چەندەها جار ووتوومانە کە جەنگ ئاکامەکانی ئەم کێشەی زیاتر کردووە, وە پەیوەندی نێوان پیاوو ژنی توندو تیژتر کردووە. ئەگەر ئەم کێشەیە لەگەڵ

سەردەمو هەلومەرجی پێش جەنگ پێوانەو بەراوورد بکرێت, دەبینین زۆر کێشەی نادیاربوون, بەڵام لە هەلومەرجی جەنگو لە هەلومەرجی شۆڕش ئەو کێشانە وەدەردەکەون, هەر لەگەڵ یەکەم بەیانییەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە مژدەی سەرکەوتن بوو بەسەر هەموو بیروڕا کۆنو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان, ئیتر ئەو پەیوەندییە کۆنانە کەوتوونەتە بەر هێرشی بەرینی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە, وە ئیتر ئەو پەیوەندییانە ڕۆژ بەرۆژ دەشکێنەوەو باویان نامێنێتو ڕووەو نەمان دەچن, بیروڕاو هزری نوێ سەبارەت بە سێکس دێتە کایەوەو تۆوی بیروڕای نوێ دەچێنرێت, کە هێشتا سیمای وەدەرنەکەوتووەو دیاری نەکراوە لەپەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤدا, ئەوەی زیاتر گرنگی بەم بابەتە دەداتو دەیوروژێنێت, سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نوێیە لە پەیوەندیەکان, هەر ئەوەشە کاردانەوەی کاریگەر دروست دەکات لەسەر نەریتە کۆنەکانو زیاتر نابەجێییو ناڕاستییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازیی دەردەخات. لەڕەوتی مێژووشدا هەروا بووە, شێوازەکانی پەیوەندی خانەوادەییو ژیانی هاوسەری بەپێی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە, وە هەر ئەوەش وامان لێدەکات کە ئەو بیروڕا کۆنانە لە ڕەگەوە هەڵتەکێنین کە نەمری بە کۆمەڵگای بۆرژوازی دەدەن, دەبێت ئەوە لە بیروهۆشی خانەوادەکان دەربێنین, لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت ڕەخنەی ئێمە, واتا ڕەخنەی پرۆلیتاریا سەبارەت بە کێشەی سێکسو هاوسەری, لە پێناو خۆجیاکردنەوە بێت لەگەڵ پەیوەندییە بۆرژواییەکان, هەرچی ڕێو ڕەسمو عادەتی بۆرژوایی هەیە دەبێت ڕسوا بکرێنو هەموو ئەو ئاکارە سێکسییە نامۆیانەی نیزامی سەرمایەداری دەبێت ڕسوا بکرێنو پەردە لەڕوویان هەڵبماڵرێت.

دەبێت ڕێیەکان هەموو بەرەو یەك ئاراستە بڕۆن, بۆیە هەر شیکردنەوەیەکی بنەڕەتی مارکسییانە دەبێت لەسەر لێکدانەوەی سەرخانی



کۆمەڵی بۆرژوازییو دیاردە نامۆو شێواوەکانی ئەو کۆمەڵگە گەندەڵە پێ دابگرێتو ڕژێمی سەرمایەداریو یاسا بنەڕەتیەکانی بداتە بەر ڕەخنەو سیمای گەندەڵی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریو خاوەنداریەتی تایبەتی دەربخاتو ئاکامی شیکردنەوەکە بگاتە ئەو ئامانجەی کە دەڵێت (دەبێت قرتاجە بڕوخێت) ئێمەش دەڵێین (دەبێت ڕژێمی سەرمایەداری بڕوخێت).

لینین بەپێکەنینو سەربادانەوە ووتی: باشە، لەرخسارتدا دیارە وەکو پارێزەرێك کە بەرگری لە هاوڕێیانیو لەپارتەکەی بکات, ئەوەی دەیڵێیت بەراستی دەزانیت. بەڵام ئەو ڕایەی ئێوە پێویستی بە دان بەهەڵەدانانە نەوەك پاساو بۆهێنانەوە, چونکە هەڵە هەر هەڵەیە، ئایا تۆ دەتوانیت دڵنیام بکەیت کە لە کۆبوونەوەکانتاندا تەنها لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووییەوە، کە باش تێیگەیشتبن، باس لەکێشەی سێکسو هاوسەری دەکەن؟ ئەمە پێویستی بەشارەزایی قووڵو فراوان هەیە, لە زانستی مارکسیستی ڕوونو دیارو دەوڵەمەند. ئایا ئێوە لە هەلومەرجی ئێستادا هێزیوا پێویستتان هەیە؟ ئەگەروەڵامەکەت بەڵێیە, ئەوا نەدەبوو ئەو نامیلکەیەی لەسەرەوە باسمان کرد, بکەن بە بابەتی کۆڕی ئێوارانتانو لە نێو هاوڕێکانتان گفتوگۆی لەسەر بکەن, ئێوە تا ئێستاش ئەو نامیلکەیە بڵاودەکەنەوەو پێی لەسەر دادەگرن, لەجیاتی ئەوەی ڕەخنەی لێبگرن, ئایا ئەمە لەدوالێکدانەوەدا بەرەو فێرکردنێکی ناتەواوو نامارکسی ناچێت سەبارەت بە مەسەلەی سێکس؟ بەدڵنیاییەوە دەچێت بەرەو تێنەگەیشتن لە مانای سێکسو هاوسەری کە خۆی بەشێکە لە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەکیتر. مەسەلەکە بەپێچەوانەوە دەکاتەوە کێشە کۆمەڵایەتییە گەورەکەدەکاتە بەشێك لە کێشەی سێکسو درێژکراوەی ئەو. بەو شێوەیە ئەوەی سەرەکیە دەچێتە دواوەو دەبێتە پلە دوو. ئەوەش نەك هەر زیان بە ڕۆشنی کێشەکە دەگەیەنێت بەڵکو دەبێتە هۆی شێواندنی ئەندێشە بەشێوەیەکی گشتیو وشیاری

چینایەتی ژنانی کرێکار. دەشێوێنێت, لێرەدا تێبینیەك هەیە سوودی خۆی هەیە, دەڵێن سلێمانی حەکیم ووتوویەتی هەموو شتێك لەوەختی خۆیدا, بەڵام وەرە تۆ پێم بڵێ, ئەمە کاتێکی باشە ئێوە بێن بەدرێژایی چەند مانگ ژنانی کرێکار بەوەوە سەقاڵ بکەن, کە چۆن دەبێت خۆشەویستی بکەن و چۆن نابێت بیکەن، وە یان باسی چۆنیەتی هەوەسبازی میللەتەدواکەوتووەکانیان بۆ بکەن لە کۆن و ئێستاو داهاتوودا؟

ئەمەیە کە بەشانازییەوە پێی دەڵێن هەڵویستی ماتریالیستی مێژوویی! ئێستا دەبێت هەموو بیرو هۆشی کرێکارانی ژن ڕووەو سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریا ئاراستە بکرێت, چونکە ئەو شۆڕشە هەلومەرجێکی نوێ لە پەیوەندی سێکسی و هاوسەری نێوان ژن و پیاو بەدی دێنێت. بەڵام ئێستا دەبێت بەپلەی یەکەم باس لە مەسەلەی تر بکرێت, نەك باسکردن لەشێوازی هاوسەری لای هیندییە سوورەکان و ئوستralیەکان, وەیان هاوسەری خێزانەکانی سەردەمە کۆنەکان.

مێژوو ئەرکی پێکهێنانی شوراو پەیمانی ڤێرسای و کاریگەری لەسەر ژیانی ئافرەتانی ئەڵمانیاو مەسەلەی بێکاری و کەمی کرێ و زۆری باج و مەسایلی گرنگی لەو بابەتە دەخاتە خشتەی سەرەکی کارەکانی پرۆلیتاریای ئەڵمانەوە،بەکورتی من هەمیشە رام وابووە کەئەم شێوازە لە رۆشنبیرکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان شێوازێکی ناچاری نییە. تۆ چۆن لەم کارانە بێدەنك بوویت کە دەبوایە کەڵکت لە نفوزی خۆت وەربگرتایە".

منیش بۆ هاوڕێ بەڕێزمم ڕۆشنکردەوە کە هیچ بۆنەیەکم لەدەست خۆم نەداوە بۆ رەخنەلێگرتن و بەرپەرچدانەوەی سەرکردە ژنەکانی هاورێمان و لەهەموو بۆنەیەکشدا دەنگم بیستراوە. ئەبێت ئەوەش بزانیت کە لە نێوانماندا هیچ کەس پێغەمبەر نییە, بەم رەخنانەم کاریگەریم خستە سەر گومانێك کە منی وەك وەفاداری پاشماوەی دیدی سۆشیال دیموکراتی و رۆحی ووردە



بۆرژوازی کات بەسەرچوو دەبینی، وە رەخنەکانم لە کۆتاییدا بەردار بوون. مەسەلەی سێکس و هاوسەریش سەرەکی نەبوون لەدانیشتن و ئێوارە کۆڕەکانماندا.

لینین بەردەوام بوو لە دەربڕینی بیروڕاکانی ووتی:

من دەزانم لەسەرم و خۆشم هەروەها زۆر شارەزانیم لە سەردەمی نوێ. بەڵام ئەوە نامورووژێنێت, چونکە لەناو گەنجەکاندا نەزان و گەمژەکان هێشتا بەتەواوی سەریان لە هێلکەی تەصەوراتی بۆرژوازی نەجوقاوە, خۆیان زۆر بەزاناو زیرەك دەزانن. بەڕاستی بزووتنەوەی لاوانیش تووش بووە بە نەخۆشی رەوتی نوێ و ئەوەی کە هەموو گرنگیەك لە کێشەی سێکس دا کۆدەکەنەوە.

لینین بەتەنزەوە ددانی بە ووشەی (نوێ)دا دەناوبەبێزارییەوە ووتی: پێیان ووتم گوایە کێشەی سێکسی بووەتە بابەتی سەرەکی دیراسەکانتان (لە رێکخراوەی لاوانی ئێوە). وە هەموو باس و خواسەکانتان ڕووەو ئەم بابەتە چووە, بەڵام ئەمە کارێکی زۆر مەترسیدارە بۆ بزووتنەوەی لەناودانی هێزو تەندروستی لاوان.

تۆ دەبێت دژی ئەم دیاردەیەش خەبات بکەیت چونکە خاڵی هاوبەش زۆرە لەنێوان بزوتنەوەی ئافرەتان و بزووتنەوەی لاوان, وە دەبێت ئافرەتانی کۆمۆنیستی هاوڕێمان لەهەموو شوێنێك بەشداری بکەن لە کاری مەنهەجیدا، لەئاکامی ئەمەدا ئافرەتان پایەیان بەرز دەبێتەوەو لە جیهانی دایکایەتی تاکەوە بۆ جیهانی دایکایەتی کۆمەڵایەتی دەچن و رۆڵی گرنگ دەگێڕن لەپێشخستن و بەئاگاهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکیەکانی ئافرەتان، تا ئەوجێیەی خۆی بەسەر بیری تەسی وردەبۆرژوازی و دیدی تاکڕەوانەی لە ژیانی ماڵ و خێزاندا سەردەکەوێت

بەشێکی زۆر لەلاوانمان لەگەڵ ئەوەدان چاو بخشێنرێتەوە بەسەر تێڕوانینی بۆرژوازی بۆ "ئەخلاق" لەکێشەی سێکسیدا. پێویستە ئەوە بڵێم کەئەو لاوانە هەڵبژاردەیەکن سیخناخکراون بەبەڵێن, وەکو وتت بەها ئایدۆلۆژییەکانی کۆن لەدۆخی جەنگو سەرهەڵدانی شۆڕش دا خەریکە هەرەس دێنێ و ئەو هێزە لەدەست دەدات کەپشتی پێدەبەست. بەڵام بەها نوێیەکانیش زۆر بەهێمنی گەشە دەکەن.

تێڕوانینەکان سەبارەت بەپەیوەندی نێوان ژنو پیاو گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا هاتووە, هەروەك چۆن گۆڕانکاری بەسەر بیروباوەڕو سۆزدا هات. وە سەر لەنوێ مافی تاكو مافی کۆ دیاری کرایەوەو ئەرکی تاك دەستنیشان کرا, ئەمەش پێویستییەکی مێژووییە, بەڵام پڕ لە ئازارو لەسەرخۆیەو زۆرجار لەنێوان لەنێوچوونو لەدایکبوونەوەدایە, ئەمە بواری پەیوەندیە سێکسییەکانیش دەگرێتەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بەهاوسەریو خێزانەوە هەیە, بێگومان داڕووخانی هاوسەری بۆرژوازیو بۆگەنبوونو هەڵوەشانەوەی، هاوکات لەگەڵ گرانی جیابوونەوەو ئازادی پیاوو کۆیلایەتی ژن، وە ئەو درۆو دەلەسانەی ناوەرۆکی ئاکاری سێکسیو پەیوەندییە سێکسیەکان پێکدێنێت, ئەمانە هەمووی وا لەخەڵکی بەشەرەفو بەئەمەك دەکات لەناخەوە قێزی بێتەوە.

ئەو کۆتو بەندانەی یاساکانی دەوڵەتی بۆرژوازی هاوسەرێتیو خێزانیان پێ گیرۆدەکردووە، ئەو نەخۆشیەو جیاوازیەکان پەرەپێدەدات، ئەوانە کۆتێکن کە ریگانادات حورمەتی بەخاوەنداریەتی تایبەت بخاتە ژێرپێ, کە رەوایی دەدات بە پیسیو گەندەڵیو گۆڕینەوەی هەموو شتێك بەپارە, سەرەڕای بوونی بناغەی درۆینەی کۆمەڵی بۆرژوازی (بەڕێز), خەڵکی شۆڕش بەرامبەر ئەو تێکدانەی سروشت دەکەن. لەسەردەمێکدا کە وولاتە زلهێزەکان لەناو دەچنو شێوازی دەسەلاتداریەتی کۆن هەڵدەوەشێنەوەو جیهانی



کۆمەڵی تەواوکار, لەناو دەچێت، لەو کاتەدا هەستو سۆزی تاکی دابڕاو بەخێرایی دەگۆڕێت.

تینوویەتیو پەرۆشی بۆ خۆشییەکانی ژیان لەلای مرۆڤەکان زۆر بەئاسانی هەست پێدەکرێن کە زۆر ستەمە بەئاسانی دەست بەرداری بێت. شێوەکانی هاوسەریو خانەوادەو پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەزی (نێرو مێ) لە کۆمەڵی بۆرژوازیدا پەیوەندییەکی پەسەند نییەو هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی شۆڕشی کرێکاری ئاڵوگۆڕیش لەم بوارەدا بەدیدێت. وە رۆشنیشە کە ئەو مەسەلە ئاڵۆزانە دەبێتە جێگتی گرنگی پێدانی ژنانو لاوان بەشێوەیەکی یەکسان. ژنانو لاوان لەو تێکەڵاوبوونەی بواری پەیوەندیە سێکسیەکان گومان پەیدادەکەن، وە لاوان بەجدی بەدژی ئەو بارودۆخە ناڕەزایەتی نیشاندەدەنو لەتوانایاندا نیە ئەم هەموو ئاڵۆزییە تەحەمول بکەن, زۆر هەڵەیەکی گەورەشە, ئەگەر لاوان وەك راهیب سەیر بکەین, بەڵام بەبڕوای من ئەستەمیش نییە ئەو کێشە سێکسیانەی هۆکارە سروشتیەکان لەریزی پێشەوە دایاننناون، لەم ساڵانەدا ببنە مەشغەڵەی یەکەمی لاوان. بەرئەنجامی ئەمەش هەندێ کات بێهیواییە.

لاوان لەهەڵوێستی نوێیاندا سەبارەت بە ژیانی سێکس، لەرووی پرەنسیپەوە ناگەڕێنەوە بۆ تیۆری. زۆرن ئەوانەی هەڵوێستی خۆیان بە"شۆڕشگێر یاخود بەکۆمۆنیست" دەزانن و باوەڕی تەواویشیان بەوە هەیە. وەمن گەورەترین کەسم کە ئەو باوەڕەی خۆیانم بەسەردا دەسەپێنن، هەڵبەت منیش زاهیدی نەسەلمێن نیم، بێگومان ژیانی سێکسی نوێ بۆ لاوانو تەنانەت بۆ گەورەکانیش، لەزۆربەی کاتەکاندا بەتەواوی بۆرژوازیانەیە.یەکێك لەروخسارەکانی بۆرژوازیە، ئەمانە هیچکامیان پەیوەندییان بەئازادی خۆشەویستیەوە نیە، بەو شێوەیەی کە ئێمە کۆمۆنیستەکان لێی حاڵی دەبین. بێگومان تۆ ئەو پەندە بەناوبانگە دەزانیت

کەدەڵێت: تێرکردنی غەریزە سێکسیەکان و پێویستیەکانی خۆشەویستی، لەکۆمەڵی کۆمۆنیستیدا شتێکی واوەتر لە هەڵنجانی پەرداخێك ئاو نییە، تیۆری " جامە ئاو" ئەمە لاوانی ئێمەی کەلەپچەکردووە.

ئەو تیۆرییە نامۆو شکست خوازبوو بۆ سەرجەم گەنج و لاوەکانمان، کەچی هەڵگران و لایەنگرانی ئەم تیۆریە، بەتیۆریەکی مارکسی رەسەن خۆیان دەناسێنن، بەراستی سوپاس بۆ ئەو ڕەوت و لایەنانە کە هەموو گۆڕانکارییەکی سەرپێیی و گۆرانکارییەك لەسەر خانی کۆمەڵ، ئایدیۆلۆجیا راستەوخۆو بەهێڵێکی راست، وەبەبێ هیچ هەڵوێستەیەك بەبنەمای ئابووریەوە دەبەستنەوە!

بەڵام هەرگیز تێڕوانینی راست لەمەڕ ئەو چەمکە بەو شێوەیە نیە، چونکە زۆر لەکۆنەوە ئەنگلس ئەم مەبەستەی بە شێوەیەکی ماتریالیستی مێژوویی روونکردووەتەوە.

بۆیە من پێموایە تیۆری (پەرداخی ئاو) هەرگیز مارکسیانە نیە، بەڵکو دژایەتیەکی تەواوی کۆمەڵگایە. چونکە لەژیانی سێکسی تەنها دەسکەوتە سروشتیەکان بەتاکە پێوەر وەرناگیرێت، بەڵکو هەموو دەسکەوتە رۆشنبیریەکان سوودی لێوەردەگیرێت، جا چ شاکاربێت وە یاخود کاری مایە پووچ.

ئەنگلس لەپەرتووکە بەناوبانگەکەی (بنەمای خێزان و خاوەنداریێتی تایبەت و دەوڵەت)، ڕۆڵ و گرنگیی و گەشەکردنی خۆشەویستی سێکسی نیشان دەدات وە باس لە پەروەردەو پایەداربوون و بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری سێکسی دەکات.

پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەز (نێرو مێ) تەنها دەربڕینێکی کارکردنی ئابوری کۆمەڵایەتی و پێویستیە جەستەییەکانیان نیە، کە جیاوازی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە تەنها بەشیکردنەوەی فیزیۆلۆجی بنوێنێت.



ئەو ڕەوتەی کە جیاوازییەکان دەگێڕێتەوە بۆ بنەما و ژێرخانی ئابوری، بەدەر لەپەیوەست بوونی بەهەر ئایدیۆلۆجیایەکەوە، ئەو ڕەوتە بێگومان مارکسی نیە، بەڵکو رەوتێکی عەقلانیە، بێشك تینووەو هەر لەهەوڵی تێربوون و ڕەوینەوەی تینوویەتیەکەیەتی، بەڵام دەکرێت مرۆڤی ئاسایی لە هەلومەرجی ئاساییدا، لەسەر زگ ڕابکشێت و لەئاوی گۆمی پیس بخوات؟ وە یان لەپەرداخێك ئاو بخوات کە سەدان لێویان لێدابێت؟

لەوەش گرنگتر لەباری کۆمەڵایەتییەوە، بەڕاستی خواردنەوەی ئاو مەسەلەیەکی تاکە کەسیە، بەڵام مەسەلەی خۆشەویستی دوو کەسی تایبەتن و کەسی سێهەم لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت، لێرەدا سەرچاوەی مەبەستەکە جیاوازەو بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی رۆڵی تیادا دەبینێت.

لێرەدا من وەکو کۆمۆنیستێك هیچ سەرنجێکم ڕووەو (پەرداخی ئاو) ناڕوات، هەرچەندە بەڕەنگ و رووخساری ((لەخۆشەویستی سۆزدار) خۆی دەنوێنێت. بەهەرحاڵ ئەمە بیرۆکەیەکی نوێ نیە، بیروڕای بەناو مارکسی لەو جۆرە لەمێژوودا زۆر بەرچاوکەوتووە. تۆ ئەگەر بێتەوە یادت لە ئەدەبی ئەڵمانی لەناوەڕاستی سەدەی پێشوو بیروڕای لەو شێوەیە هەبوو، کە بانگەوازی هزری (ئازادی دڵ)ی دەکرد، کە لەلایەن دیدی بۆرژوازی بەعەمەلی دەگۆڕدرا بۆ ئازادی جەستەیی.

ئەو بۆچوون و تێزە غەیرە مادیانە لەو رۆژگارەدا بەگەرمی پروپاگەندەی بۆ دەکرا، بەڵام هەرچی پیادەکردنە، هەروا بەئاسانی داوەریی لەسەر ناکەم، وە سەبارەت بەو باسە مەبەستم زوهد نواندن نیە.

چونکە وەکو کۆمۆنیستێك مەبەستم نیە زوهد بەگەنج و لاوان پێشنیار بکەم، بەڵکو ئەرکی سەرشانمە ڕێگای راستەقینەو ڕێگای پڕخۆشی و شادی و ژیانێکی سەرفرازییان بۆ بخوازم.

کەچی ئەمڕۆ ئەوەی دەیبینیم لەنێو گەنجاندا زیاتر شپرزەیی سێکسی‌یە، کە ڕەنگدانەوەی نامۆیی‌و بارگرانی مرۆڤی گەنجە نەوەکو هەستکردن بەخۆشی‌و شادی ژیان لەو ڕوانگەیەوە.

وە ئەو هەلومەرجە سێکسیەی کە هەیە لە بەهای مرۆڤ کەمدەکاتەوە، نەوەکو پایە بەرزکردنەوەی بەهای مرۆڤایەتی. وە هەروەها ئەو هەلومەرجە سێکسی‌یە ئاڵۆزو نامۆیە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم لاوان بەرامبەر بەجێگەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانیان لەکاتی راپەڕین‌و شۆڕشدا.

ئەوەی بەلای لاوان‌و گەنجانەوە گرنگە، خۆشکردنی زەمینەی لەبارە، لەمەیدانەکانی وەرزش‌و مەلەوانی‌و پاڵەوانیەتی راکردن‌و هەموو جۆرە راهێنانەکانی تری جەستەیی، وە هەروەها گرنگیدانە بەڕەوشت‌و ئاکارە جۆراوجۆرەکان‌و لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە بابەتییەکان. ئەم بوارانە خۆشی بەخشن بەلاوان، نەوەکو ڕاهێنانیان بە نوسینی راپۆرت‌و گفتوگۆی بێکۆتایی لەمەڕ سێکس‌و بابەتە سێکسی‌یەکان وە هەست کردن بەخۆشیەکانی ژیان لەم ڕووانگەیەوە.

بیرۆکەی هزری ساغ لەجەستەی ساغدایە، نەترس، نەدون جوانی نەڕەسوایی ئەڵمانی) وەك چەقی سنوور بەندین).

تۆ هاوڕێ‌و دۆستەکەی خۆت (هوز) باش دەناسی، راستە لاوێکی بێخەوشە، بەهرەمەندە، پایەبەرزە، بەڵام دەترسم هیچی لێ‌پەیدانەکەیت، چونکە دەبینم، ئەمپەرو ئەوپەری زۆرە بەتایبەت لە ڕەفتارە سۆزداریەکانی، وە ئەمەش هیچ پێشکەش بەخەباتی سیاسی‌و خەباتی شۆڕشگێڕانە ناکات.

بەڕاستی من باوەڕی تەواوم بەو ئافرەتانە نیە، کە ئەندێشە تێکەڵ بەسیاسەت دەکەن، وە باوەڕیشم بەو پیاوانە نیە کە هەر کراسی کورتی ئافرەتە جوانەکان دەبینن هەموو شتێکیان لەبیردەچێتەوە، دەکەونە داوی ئەو



ئافرەتە جوانانە، بەڕاستی ئەو مرۆڤانە بۆ شۆڕش‌و راپەڕین‌و خەباتی بێووچان دەست نادەن.

لینین هەڵسایە سەر پێ‌و جۆرێك لەتووڕەیی پێوە دەرکەوت‌و بەتووندی دایە سەرمێزەکەی بەردەمی، چەند هەنگاوێکی بەتووڕەیی نا لە ژوورەکەدا ئەوسا ووتی:

شۆڕش پێویست بەکۆکردنەوەی هێز هەیە لەلایەن تاك‌و جەماوەرەوە، هەڵوێستەش لەگەڵ هەوەسبازی‌و چوونە ناو دنیای سێکسبازی نایەتەوە، هەروەکو چۆن پاڵەوانە سێکسبازە ڕسواکانی (دانوتریو) پیادەیان دەکرد. شپرزەیی لەژیانی سێکسی نیشانەی شکستی کۆمەڵگای بۆرژوازیە، بەپێچەوانەی چینی پرۆلیتاریا هەڵکەوتوو، کە هەرچەندە چینێکی چەوساوەو ژێردەستە بەڵام پێویستی بەسەرخۆشی‌و بەخۆ گێژکردن‌و هەڵپەسەو داواکاری سەرخۆشی‌و زۆر خواردنەوەو زۆر پیادەکردنی سێکسی ناکات. چینی پرۆلیتاریای راپەڕیو، گەندەڵی سەرمایەی لەبیرنەچووە، وەهەموو دڕندەیی‌و چەوسانەوەکانی سەرمایەداری لەبەرچاوە، وە پرۆلیتاریا هەموو گوڕو هێزی خەباتی خۆی بەکارهێناوە وە زەمینەی لەباری رەخساندووە بۆ سوودوەرگرتن لەکۆمۆنیزم وەکو ئیلهام بەخش‌و فێرگەی راستەقینە.

ئەوەی پرۆلیتاریا پێویستیەتی لەکۆمۆنیزم تەنها هۆشیارکردنەوەو ڕوونکردنەوەیە. بۆیە من پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە نابێت سازش‌و ساردی لەخەبات بکەین، وە هەروەها نابێت کات بەفیڕۆ بدەین، وە نابێت هێزی خۆمان خراپ بەکاربهێنین. فێربوونی ئارامی‌و ئاسایشی دەروونی‌و زاڵبوون بەسەر کردارو کاردانەوە دەروونیەکان کۆیلایەتی ناگەیەنێت، وە ئەمەش لەپرۆسەی خۆشەویستی‌دا پێویستە.

بەڵام لێمببورە کلارا کە زۆر لەبابەتە سەرەکییەکە دوورکەوتمەوە، پێمخۆش بوو ئاگادارم بکەیتەوە، لەو دەرچوونە لە بابەتەکەمان.

دڵەڕاوکەو پەرۆشیم بۆ ئەو بابەتە وای لێکردم، کە زیاد لەپێویست ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەم، داهاتووی گەنجانم زۆر بەلاوە گرنگەو زۆر بیروهۆشم بەو مەبەستەوە خەریك کردووە. چونکە گەنجان بەشێکی گرنگی شۆڕشن. وە ئەگەر کاردانەوەی خراپ بەسەر گەنجان پەیدابێت، لە ڕێگای گەندەڵی و هزری بۆرژواییەوە، بەو مانایەیە زیان دەگاتە شۆڕش. هەروەکو چۆن ڕەگی دار پەلی زۆرە، کرمێ بوونی پەلێك زیان لەپەلەکانی تریش دەدات، هەر ئاواش بیرو هزری خراپ ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت بۆ سەرجەم لاوانی ئێمە. کێشەی سێکسی لەکێشە گەورەکانی ڕژێمی چینایەتی‌یە، وە بەتایبەت سەرمایەداری، وە ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە بەسەر لاوانەوە بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی.

لینین زۆر بەووردی و قەناعەتەوە دەدوا، وە من دەمزانی هەموو ووشەیەك کە لە زاری دێتە دەر، لەکانگای دڵیەوە دێتە دەرەوەو ئامانج و مەبەستیەتی ڕاستی بسەپێنێت، سیماو ڕەنگ و بۆی ئەو ڕاستیەی دەسەلماند. وە جووڵەی دەستی نیشانەی هزری ڕاستەقینەی ئەوی دەنواند.

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕادەکێشام سەبارەت بە لینین فراوانی زانیاری و بایەخدانی بوو بەهەموو بوارەکانی ژیان، ئەو تەنها بایەخی بەسیاسەت نەئەدا، بەڵکو بایەخی بەبچووکترین دیاردەکانی ڕۆژانەی ژیان دەدا، ئەو تەنها شارەزایی لەووردو درشتی روسیای شورەوی نەبوو، بەڵکو شارەزایی لەسەرجەم جیهانی سەرمایەداری هەبوو.

لینین وەك مارکسییەکی شارەزا سەیری هەر دیاردەیەکی بکردایە جا ئەگەر لاوەکیش بوایە یاخود لەهەر شێوەك و لەهەر جێگایەکی ئەم جیهانە بووایە، پەیوەستی دەکرد بەکێشە گەورەکانی جیهانەوەو گرنگی و بایەخی



بەسەرجەم کێشەکان دەداو لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی کێشەکانی دەنرخاندو دەناساند. وە هەموو توانا و هێزی لەپێناو ئەو مەبەستە گەورەیەدا بوو کە دەبێت شۆڕش ئامادەکاری بۆ بکرێت، چونکە کێشەی سەرەکی هەموو جەماوەر پەیوەستە بەسەرکەوتنی ئەو شۆڕشەوە.

لینین هەموو کێشەکانی لەو ڕووانگەیەوە پێوانە دەکرد کە چەندێك ڕۆڵی دەبێت بەسەر هێزی شۆڕشگێڕو کۆڵنەدەری جەماوەرو چەندێك مەبەستەکانی شۆڕش دەپێکێت، چ لەسەر ئاستی ناسیونالیستی وە یان ئەنتەرناسیونالی، چونکە ئەو کێشەیە، گەورەترین کێشە بوو بەبەرچاوی لینینەوە.

لەگەڵ بەهەند وەرگرتن و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی مێژووی هەموو وولاتانی جیهان، لە هەموو قۆناغە جیاجیاکاندا، شۆڕشی پرۆلیتاری بەشۆڕشێکی جیهانی و سەرتاسەری دەزانی، کە ناکرێت ئەو شۆڕشە دابەش و لێك جیابکرێتەوە.

کلارا بەدەنگی بەرزەوە بانگەوازی کرد:

(بەداخەوە هاوڕێ لینین.. ئێستا سەدان بگرە هەزاران خەڵکی پرۆلیتارو هەژاری ئەم وولاتە ئەو ووتە بەپێزانەی تۆ نابیستن، تۆ باش دەزانیت ئەو بیروڕایەی تۆ بەو نامۆییە نیەو قەناعەتی تەواوم پێی هەیە بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە، دەبێت دۆستانی ئێمەو تەنانەت دوژمنانی ئێمەش گوێ بیستی ئەم ووتانەی تۆبن.

لینین بەڕوونی و سنگ فراوانیەوە پێدەکەنی و ووتی:–

دەکرێت ڕۆژێك سەبارەت بەم بابەتە شتێك بنووسم، بەڵام ئێستا نا، بەڵکو لەڕۆژگارێکی دیکەدا، ئەمڕۆ دەبێت هەموو هێزمان ڕووەو بابەتێکی تر ئاراستە بکەین. ئێستا کێشەی گەورەو ئاڵۆزترمان لەبەردەمدایە، تائێستا دەسەڵاتی شورەوی لەمەترسی‌دایەو پێویستی بە خەبات و بەرگرییە، وە

هێشتا هەموو مەترسیەکان لەلایەن نەیارانی شورەوی‌یەوە نەڕەویونەتەوەو، دەبێت هەموو هەوڵی ئێمە لە پێناو یەکلاکردنەوەی ئامانجەکانی شەڕ لەگەڵ پۆلۆنیا بێت.

تائێستا (ورانجل) لەباشوور ماوەتەوە، بۆیە پێموایە دەبێت سەرکەوتن هەر بەدەست بهێنین، وە ئەوەش وای لە وولاتە ئیمپریالیستەکانی وەك ئینگلیزو فەرەنسا کردووە کە بە باشی بیر لەو هەلومەرجە بکەنەوە، بەڵام لەوەش گرنگتر بنیاتنانەوەی وولاتە، ئەویش تەنها بەسەرکەوتن لەجەنگ دا نایەتە دی.

لە هەلومەرجێکی داهاتوو دەکرێت زیاتر بیر لەو کێشەیە بکرێتەوە واتە بیر لەکێشەی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ و کێشەی ئیزدیواج و پێکهێنانی خێزان بکرێتەوەو گرنگی و بایەخی زیاتری پێبدرێت. بەڵام تا ئەو ڕۆژە دەبێت خەباتی بێووچان بکەین و بوار نەڕەخسێنین ئەو کێشانە بەڕێگای غەیرە مارکسییانە چارەسەربکرێن، وە بوار نەدەین بۆ دروستبوونی زەمینەو پێگەی چەوت و لادانی سێکسی کە زیانبەخشە. لەدواییدا لینین سەیری کاتژمێرەکەی کردوو، ووتی: (کاتی من تەواوبوو، لەپێویست زیاتر قسەم کرد، ئیتر ئەرکی ئێمەیە لەسەر ئەم بابەت و تێڕوانینانە قسەی زیاتر بکەین و بیگەیەنینە ئافرەتانی کۆمۆنیست – سەبارەت بەئێوە من دڵنیام لەکاری کۆمۆنیستیتان و هەوڵەکانی ئێوە جێی شانازیە، بۆیە هەر ئەوەندە لەسەر ئەم بابەتە دەدوێم – ئیتر با بەرەو کار بڕۆین.



# سەبارەت بەخۆشەویستی ئازاد

لینین

لەعەرەبیەوە:مامۆستا عەلی سەلیم

کچە تێکۆشەری فەرەنسی (ئیناسا ئارمان)، کەلەسەردەمی لینیندا ژیاوە، لەسەرەتای ساڵی 4945دا, لەدووتوێی نامیلکەیەکدا پڕۆژەیەکی سەبارەت بە"خۆشەویستی ئازاد" نووسی، کەپەیوەندی نێوان پیاوو ژنی تیادا دیاری کردبوو.

ئیناسا ئارمان نوسخەیەکی ئەو بابەتەی ناردووە بۆ(لینین) کە ئەوسا لەسویسرا بوو. لینین پێشوازیەکی گەرمی لەو نوسینە کردو هاوکات ڕەخنەشی لێگرت، کەبانگەشەی کرێکارانی دەکرد بۆ خۆشەویستی ئازاد، ئەویش لەدوونامەدا کەبۆی نارد. دەقی ئەو دوو نامەیە ساڵی 4939 بۆ یەکەمجار لەمۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە.

## نامەی یەکەم

45ی‌کانونی دووەمی 4945

هاوڕێی ئازیزم..

تکات لێدەکەم بابەتەکەت زیاتر ڕوونبکەیتەوە ئەگینا زۆر شتی گرنگ تیایدا بەنادیاری دەمێنێتەوە.

*سەرەتا دەمەوێ ڕای خۆمت بۆدەربڕم سەبارەت بەخاڵێکی دیاریکراو:*

ئامۆژگاریت *دەکەم بڕگەی سێهەم لابەریت: کە داوای* خۆشەویستی ئازاد دەکات. ئەوە داخوازیەکی کرێکاری نییە بەڵکو بۆرژوازیە.

تۆ مەبەستت چیە لەخۆشەویستی ئازاد؟ خەڵك چی لێ تێدەگەن؟ ئازادی لەچی؟

4) ئازادی لە کێشەو بەرەی ماددی لەخۆشەویستیدا؟

2) ئازادی لەمەشغەڵەی پەیداکردنی ئیمکانات؟

3) ئازادی لەبیروڕا کۆنەکانی ئایین؟

4) ئازادی لەدەسەڵاتی باوکسالاری؟

5) ئازادی لەبیروڕای کۆنی کۆمەڵگا.

6) ئازادی لەژینگەی پۆخەڵی (جوتیاری, ووردە بۆرژوازی, ڕۆشنفکری بۆرژوازی)؟

7) ئازادی لە ڕێگریەکانی یاساو دادگاو پۆلیس؟

8- ئازادی لەپیادەکردنی خۆشەویستی جددی؟

9) ئازادی لەنەبوونی منداڵ؟

40) ئازادی سێکسی؟ ... تاد.

تۆ زۆرێك لەو خاڵانەت دەستنیشان کردووە(هەموویان نا), بەڵام بەتەئکید مەبەستت خاڵەکانی (8, 9, 40)نیە, بەڵکو خاڵەکانی (4-7) یان شتێکی نزیك لە خاڵەکانی(7،4)ت مەبەستە.

بەڵام پێویستە بەنیسبەت خاڵانی(4-7)یشەوە صیغەیەکی‌تر دابنرێ، لەبەرئەوەی دەربڕینی"خۆشەویستی ئازاد" گونجاو نییە بۆ ئەو گرنگی‌پێدانانە.

بێگومان جمهورو خوێنەری ئەو نامیلکەیە شتێکی لەبابەتی خاڵەکانی (8-40) لە"خۆشەویستی ئازاد"تێدەگەن, تەنانەت ئەگەر تۆ مەبەستیشت



ئەوە نەبێت. چونکە چینەداراو زۆربلێو بەدەسەڵاتەکان لەکۆمەڵگای ئێستادا "خۆشەویستی ئازاد" بە خاڵەکانی 8-40 تێدەگەن، بۆیە ئەو خواستە کرێکاری نیە، بەڵکو بۆرژوازیە.

بەڵام بەنیسبەت چینی کرێکارەوە خاڵەکانی (4و2) گرنگترین خاڵن، ئینجا خاڵەکانی (3-7)، بەڵام ئەوە خۆشەویستی ئازاد نییە بەمانای بەرتەسکی ووشەکە.

دیارە تۆ وەکو خۆت مەبەستت ئەو مەسەلەیە نییە، بەڵام مەسەلەکە مەسەلەی لۆژیکی بابەتی پەیوەندی چینایەتیە لەخۆشەویستیدا.

هاوڕێیانە دەستت دەگوشم

* * *

## نامەی دووەم

24ی کانونی دووەمی 4945

هاوڕێی ئازیزم

داوای لێبووردنت لێدەکەم کە وەڵامەکەم دواکەوت، دوێنێ دەمویست وەڵامت بدەمەوە, بەڵام بارودۆخ بواری نەدام و هەلم بۆ نەڕەخسا.

ئەوەی پەیوەندی بەو نامیلکەیەوە هەیە, پێموایە (خواستی خۆشەویستی ئازاد) نادروستەو سەربەخۆ لەخواستو ئیرادەی تۆ (هەروەك ئاماژەم پێدا“ مەسەلەکە مەسەلەی پەیوەندی بابەتییانەی چینایەتیە نەك مەسەلەی ئارەزووە زاتیەکانت)، لەهەل‌ومەرجی کۆمەڵایەتی ئێستادا وەك داخوازیەکی بۆرژوازی دەردەکەوێ نەك کرێکاری.

تۆ بەوە ڕازی‌نیت. باشە، بابەتەکە باجارێکی‌تر بخەینەوە ڕوو.

بەویستی خۆم 40 (دە) لێکدانەوەم دیاریکردبوو( کەلە ململانێی چینەکاندا بوونی هەیە) وە تێبینیم کردووە ئەو لێکدانەوانەی 4-7 بەبڕوای

من نمونەیی و لەبارن بۆ ژنانی کرێکار, بەڵام لێکدانەوەکانی (40،8) نمونەیین بەنیسبەت ژنانی بۆرژوازییەوە.

وە ئەگەر ئەوە رەتدەکەیتەوە پێویستە لەسەرت ئەمانەی خوارەوە بسەلمێنیت:

4) ئەو لێکدانەوانە ڕاست نین (ئەوکاتە دەبێت بگۆڕدرێن بە هی‌تر یان هەڵەکان وەڵام بدرێنەوە).

2) یان بڵێین ئەم لێکدانەوانە تەواونین (وئەوکات دەبێت تەواوبکرێن).

3) یان بڵێین ئەو خاڵانە دابەش ناکرێن بۆ لێکدانەوەی پرۆلیتاری و بۆرژوازی.

بەڵام تۆ هیچ کامێك لەوانە ناکەیت.

وە تۆ دژی خاڵەکانی (4 تا 7) ناوەستی, ئایا(بەشێوەیەکی گشتی) ئەمانە بەڕاست دادەنێیت؟ ئەوەی تۆ دەینووسیت سەبارەت بە لەشفرۆشی ژنانی کرێکارو شوێنکەوتنیان :"کەهەرگیز ناڵێن نا" بەتەواوی لەگەڵ خاڵەکانە 4بۆ7 دەگونجێ. دیارە ئێمە لەسەر ئەو بابەتە هیچ ناکۆکیەکمان نییە.

دواتر تۆ ئەوە رەتناکەیتەوە کە ئەوە لێکدانەوەیەکی کرێکارییە. دەمێنێتەوە خاڵەکانی (8بۆ40). تۆ بەتەواوی لێیان تێ‌نەگەیشتوویت و ناڕەزاییش دەردەبڕیت. "من تێناگەم چۆن دەکرێ خۆشەویستی ئازادو خاڵی 40 یەکبخرێن" (ئەوانە قسەی خۆتن).

کەوایە روونەبێتەوە کە من یەکیاندەخەمو تۆش ئامادەییت هەیە بۆ تێکشکاندنم.

ئەوە چۆن؟

بێگومان ژنانی بۆرژواز خۆشەویستی ئازد بەخاڵەکانی (8 تا 40) تێدەگەن, ئەمە ڕای منە, ئایا نکوڵی لەوە دەکەیت؟. کەوایە ئەوەم پێبڵێ کە



ژنانی بۆرژواز لەخۆشەویستی ئازاد تێی دەگەن. تۆ نایڵێیت, بەڵام ئایا وێژەو ژیان نایسەلمێنێت کەژنانی بۆرژواز رێك بەوجۆرە لێی تێدەگەن؟ ئەودووانە ئەو راستیە دەسەلمێنن، تۆش بەبێدەنگیەکەت دانی پێدادەنێیت.

ئەگەر حاڵەتەکە بەو جۆرەیە، ئەوە لەهەڵوێستی چینایەتییانەوە سەرچاوەی گرتووەو هەرگیز ئینکاری ئەوە ناکرێت.

پێویستە هێڵێکی جیاکەرەوەی رۆشن دابنێین. ئێمە لەروانگەی چینی کرێکارەوە بەرامبەریان دەوەستین. پێویستە ئەوراستیە بابەتیە لەبەرچاوبگرین کە ژنانی بۆرژواز ئاوان، ئەگەر دژیان نەوەستین ئەو بڕگانە لەنامیلکەکەت دەردەکێشن و بەشێوازی خۆیان لێکیدەدەنەوەو نامیلکەکەت دەکەن بە چەکێك بەدەست خۆیانەوەو سروشتی بیرکردنەوەکانت لەبەردەم ژنانی کرێکار دەشێوێنن و مێشکیان تێکدەدەن(بەوەی کە دەیانترسێنن گوایە تۆ بیروڕای نامۆیان ئاراستە دەکەیت). بەڵام لەڕاستی‌دا ئەوان ئەو شتەیان لەبەردەستدایەو دەوڵەمەندن لە ڕۆژنامەوانیداو تاد....

تۆ بەوازهێنانت لە روانگەی بابەتی و چینایەتی هێرش دەکەیتە سەرمن و تاوانبارم دەکەیت کە خۆشەویستی ئازاد لەگەڵ خاڵەکانی 8بۆ40 یەکدەخەم. جوانەو بەراستی جوانە !..

تۆ نووسیوتە"تەنانەت ئارەزوویەکی راگوزەرو پەیوەندیەکی کاتی زۆر عاشقانەترو پاکترە لە ماچی بێخۆشەویستی کەبەشێوەی رۆتین لەنێوان ژن و مێرددا دەگۆڕدرێتەوە"، ئەمەت لەنامیلکەکەت نوسیوە. جوانە!

ئایا ئەوە ناڕەزایەتیەکی مەنتقیە کە دەڵێی ماچی بێ‌خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد ڕەنگدانەی ناپاکی نێوانیانە؟ باشە رازیم بەڵام دەتەوێ دژی چی بوەستیت؟ بەماچی پڕ لەخۆشەویستی؟ وەك دەردەکەوێ بەنەخێر، چونکە تۆ دژایەتی دەکەیت بە"ئارەزوو" ( بۆچی ناڵێیت خۆشەویستی سەرپێیی؟). (بۆچی سەرپێیی؟) بەرئەنجامی لۆژیکی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە کە ماچی

بێخۆشەویستی (راگوزەر) جیاکراوەتەوە لەماچی بێخۆشەویستی نێوان ژن‌و مێرد....

بەراستی جێگای سەرسوڕمانە، ئایا باشتر نەبوو لەنامیلکە جەماوەریەکەتدا هاوسەرێتی پرۆلیتاری دامەزراو لەسەر خۆشەویستی بکەیت بەبەدیلی زەواجی بۆگەن‌و نزمی دانەمەزراو لەسەر خۆشەویستی( بڕوانە خاڵی 5و6ی ئەوەی من). (ئەگەر هەر پێدادەگری لەسەر ئەوە، پێویستە ئەوەش زیادکەی کەپەیوەندە ئارەزووکارانەی راگوزەریش دەکرێ هەم پیس‌و هەم پاك بێت). تۆ بەدیلە چینایەتیە جیاوازەکان لێك جیاناکەیتەوە، بەڵکو خەریکی حاڵەتە جیاوازەکان بەراورد دەکەیت!, من گومانم نیە ئەویش دەکرێت ڕووبدات, بەڵام ئایا مەسەلەکە مەسەلەی حاڵەتە تایبەتەکانە، ئەگەر وەك حاڵەتی تایبەتی وەریبگرین، بۆنمونە حاڵەتێکی تاك لە ماچێکی بێخۆشەویستی نێوان ژن‌و مێردو ماچێکی پاکی پەیوەندیەکی راگوزەر، بابەتێکی لەم جۆرە تەنها بۆ ڕۆمان دەشێت(لەبەرئەوەی شتی بنەڕەتی لەڕۆماندا وەصفی تاك‌و شیکردنەوەی تایبەتمەندی‌و سایکۆلوژی تاکەکانە, بەڵام ئایا ئەوە بۆ نامیلکەیەك دەشێ؟

وابزانم مەبەستی من بەتەواوی تێگەیشتیت سەبارەت بەو نمونانەی خستمە بەردەست, هەروەك چۆن لەگەڵ (هیلین کای)[4] دا ووتم ناکرێت باسی پسپۆڕی شارەزایی لەخۆشەویستی‌و عیشقدا بکەین, ئەوە تەنها لە خۆشەویستی‌و عیشقی سەرپێیی(عابر)دا دەگونجێت.

من نامەوێت بەرامبەرکێ لەگەڵ تۆدا بکەم, خۆزگەم دەخواست کە ئەم نامەیەم نەنوسیایە تا لەدیدارێکدا ئەم باسانەمان یەکلادەکردەوە, بەڵام بەهەرحاڵ بەو ئاواتەم نامیلکەکە باشبێت, ئیمکانی ئەوەنەبێت رستەیەکی

[4] هیلین کای نوسەرێکی سویدیە،کە لەسالانی 4926.4849) ژیاوەو بەرگری لەمەسەلەی گەل‌و ژنان کردووە



لێدەرکێشن کەشەرمەزارت بکات, (چونکە وەك پەندێکی ڕووسی دەڵێت "کەوچکێکی بچووك لەتالاو شوشەیەکی گەورەی هەنگوین دەشێوێنێت").

وە بەو هیوایەم کە هیچ کەسێك شتێکت بۆ هەڵنەبەستێت کە تۆ مەبەستت نەبووە, وە منیش ئەم نامانەم بۆیە ئاراستە کردی بۆئەوەی نامیلکەکەت پوختتر دەربچێت, چونکە ئەم باسە پێویستە شێوەیەکی جددی‌و بابەتی هەبێ, لەبەرئەوەی باس لە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی دەکات, ئەویش کێشەی ئافرەتە, وە پەیڕەوکردنی ڕێبازی پرۆلیتاری لەپەیوەندی نێوان ژن‌و پیاو بەئەرکی سەرشانی ڕابەرانی پرۆلیتاری دەزانێت.

ئەم بابەتە بۆ هاوڕێکانت باس بکە, وە بیگۆڕە سەر زمانی فەڕەنسی هەروەك چۆن دەتگۆڕیە سەر زمانی ئینگلیزی, وە باسی ئەو دە خاڵە بکە کە دەستنیشانم کردووەو جیاوازیم کردووە لەنێوان خواستی پرۆلیتاری‌و بۆرژوازی لەنێوان خاڵەکاندا. وە باسەکانمان سەبارەت بە خۆشەویستی‌و عیشقی سەرپێیی‌و تێڕوانینی تێرو تەسەلی لەسەر بکە, دەبینین ئەم تاقیکردنەوە بچووکە سوودێکی زۆری دەبێت بۆئەوەی ەو خەڵکانەی لەدەرەوەن‌و چی‌دەڵێن سەبارەت بەم باسەو ڕەنگدانەوەی چۆنیان دەبێت‌و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم نامیلکەیە دەکەن.

لەکۆتایی‌دا دەستت بەتووندی دەگوشم‌و خوازیاری ئەوەم سەر ئێشەکەت بەزووترین کات نەمێنێت‌و لەش ساغ بیت.

# ژن لەروانگەی کریکارییەوە

مەحمود ئەحمەد

لە فارسییەوە: عەلی مەولود

ژنـان نیـوەی کۆمـەڵن‌و دەبێـت بەئەنـدازەی قـەوارەی کۆمەڵایەتیشـیان لـە بەڕێوەبردنی کۆمـەڵگادا ڕۆڵیـان هـەبێت، بـەڵام دەبیـنین لەسایەی دەسـەڵاتی سەرمایەداریدا بەتایبەت لەوڵاتانی ژێردەستی ئیمپریالیزم یاخود لە وڵاتانی کەمدەرامەتـدا ژنـان بەوڕادەیـە بەشـدار نـین‌و لـەدیاریکردنی چارەنووسـی کۆمەڵدا خاوەنی ڕا نین‌و زۆررتریش لە بواری خزمەتگوزاریدا بەکاردەخرێن.

ئەو بێمافیانەی دەرهەق بەژنان دەکرێت بەشێك لەو بێمافیانەیە کە بەسەر کۆمـەڵگادا سەپاوە، ئەگەرچی ژنـان قوربـانی سـەرەکین. چەوسانەوەی ژنـان خـۆی بەشـێکی گـرنگ‌و پێویسـتی شـێوەی بەرهـەمهێنانی سـەرمایەدارییەو سـەرەنجام چەوسـانەوەی چـینی کرێکاریشـە، چـونکە هێرشکردنەسـەر مافـەکانی ژنـان‌و ڕاگرتنیـان لەجێوشـوێنی ئێسـتادا ڕاسـتەوخۆ هێرشـکردنە بۆسەر کۆمەڵگاو لەکارخستنی نیوەی هێزوتوانای کۆمەڵگایە. سەرمایەداری بەکەڵکوەرگرتن لە نەریتە کۆن‌و دواکەوتووەکانی وەك خێزان‌و ئاین‌و نەتەوەو موڵکایـەتی تایبـەتی بەئاسـانی توانیویـەتی کۆمـەڵگا کـۆنترۆڵ بکـات‌و بـەو هۆیەوە دەسەڵاتی خۆی پاراستووە. سەرمایەداری ناهێڵێت بارودۆخی ئێستا بگۆڕێت، چونکە مانەوەی نەزانی‌و دواکەوتوویی‌و خورافە ژێردەستەیی ژنان دەپارێزێـت‌و لـەوان سـود وەردەگرێـت. چەوسـانەوەی ژنـان وەکـو هـەموو



مەسەلەکانی دیکە ریشەی ئابووری هەیەو سەرمایەداری بە کـەڵکوەرگرتن لـە نایەکسـانی‌و سـتەم‌و هـەڵاواردنی ڕەگـەزی قـازانجی زۆری کـردووەو لـەم ڕێگایـەوە سـەرمایەی لەسـەریەکناوە، هەربۆیـە بـۆ ڕێگـاگرتنیش لـە هێـرش بۆسـەر ژنـان‌و بـۆ هێنانەمەیـدانی ئـەوان لـەپێناوی بـەهێزکردنی یـەکێتی کرێکـاران‌و خـەڵکی زەحمـەتکێش‌و هـەروەها لەخـەباتی ئەوانـدا دژی سـتەم‌و نایەکسانی دەبێت ریشەی ئابووری ستەمکێشی ژنان ڕۆشن نیشـانبدرێت، تـا مەسەلەی یەکڕیزی بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی ئاسانتر بکات.

کۆتاییهێنـان بـە هـەموو کێشـەو ئازارو نەهامەتییـەکانی ژنـان‌و کرێکـاران‌و خـەڵکی زیحمـەتکێش لـەرژێمی سـەرمایەداریدا پەیوەسـتە بـە یـەکگرتنی خۆیانەوە، ئەوان بەگشـتی هێـزێکن هـەرکاتێك ئیرادەبکـەن دەتـوانن بـەو ژیانـە مەشەقەتبارو نامرۆڤانەیـەی ژێردەسـەڵاتی ناسـازگاری سـەرمایەداری کۆتـایی بێـنن‌و لەجێگاکەیـدا کۆمەڵگایـەکی مرۆڤانـەو ئـازادو یەکسـان دابمـەزرێنن. هێـزی سـەرەکی ئەم ئەرکەش چینی کرێکارە کە بەناسینی هێـزی کۆمەڵایـەتی خۆی حەتمەن دەست بۆ ئەمکارە دەبات.

هەروەك ئاماژەی پێکرا یەکێك لە بەرجەستەترین ناعەدالەتییەکان لـەرژێمی سـەرمایەداریدا چەوسـاندنەوەی ژنانـە، بۆیـە مەسـەلەی ژنـان ڕاسـتەوخۆ مەسەلەی کرێکارانە، ژنان نیوەی کۆمـەڵی مرۆڤیـان پێکهێنـاوە، ئەگـەر چینی کرێکار باسی ئازادی مرۆڤایـەتی دەکات‌و دەیـەوێت کۆمەڵگایـەکی مرۆڤانـەو یەکسان دابمەزرێنێت، ئەوکارە بەبێ خەباتی لێبڕاوانە بۆ چارەسەری کێشـەی ژنان‌و کۆتاییهێنان بە نایەکسانی ژن‌و پیاو لەتوانادا نییە. تـا مەسـەلەی ژنـان وەك ئێستا بێچارەسەر بێت‌و ئەوان کۆیلە بن‌و لەکونجی ماڵ زیندانی بکرێن‌و لەمەیدانی ژیانی کۆمەڵایەتی( لەناویشیاندا لەمەیدانی خەبات) ئامادەنەبێت، سـەرکەوتن لـەتوانادا نییـە، بـەبێ ژنـان ئەگـەر کرێکـارانی پیـاو بتـوانن لەبـەرزترین‌و باشـترین ئاسـتدا ڕیـزی خۆیـان ڕێکبخـەن هێشـتا نیـوەی هێـزی

خۆیان رێکبخستووەو نیوەی هێزی کۆمەڵایەتی خۆیان هێناوەتە مەیدانی خەبات، کەوایە چینی کرێکار بۆگەیشتن بەئامانجەکانی دەبێت ریزی خۆی( ژنانو پیاوان) ریکبخات. بەو پێیە هەر لەئیستاوە دەبێت ئەو نەریتە پێشکەوتوانەی بەکردەوە یەکسانی ژنو پیاو دەسەلمێنن لەریزی خۆیانو لەناو خێزانەکانیاندا جێبخەن. ناتوانرێت ئەوکارە هەڵگیرێت بۆ داهاتوو، چونکە ئەگەر شتێك لەناوخۆیاندا جێنەکەوتبێت، ناتوانن داوابکەن لەکۆمەڵگادا جێبەجێ ببێت.کەواتە دەبێت لەپێشدا خۆیان کار بەوەبکەن تا دواتر هەموو کۆمەڵ بگرێتەوە. کرێکارێك ئەگەر باوەڕی بەئازادی هەبێت حەتمەن لەخۆیەوە دەست پێدەکات.

پێویستە خۆمان لەنەریتە کۆنو ژەنگگرتووەکان دووربگرینو پەیڕەوی لە نەریتە نوێو پێشڕەوەکان بکەین. پێویستە ئازادی ژنانو یەکسانییان لەگەڵ پیاو لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کرێکاران پیادە بکرێت. تا لەم رێگایەوە نمونەی کۆمەڵگەی ئازادو یەکسان لەخێزانە کرێکارییەکاندا بەدیبکرێتو وەك ئەڵتەناتیڤ بۆ کۆمەڵگەی ئیستا خۆی نیشان بدات. ئەوکاتە کەلێیان پرسین ئێوە چیتان دەوێت؟ ئەو نەریتە پێشڕەوانە دەخەینەروو کە لەناو خۆماندا جێمانخستووە. ئەمە پوختەی باسێکە کە ساڵی 4992 لەگەڵ یەکێك لەدۆستەکانم نووسیمان لەژێر ناونیشانی( مەسەلەی ژنان مەسەلەی کرێکارانە). 44ساڵ دوای ئەو نووسینە کە یەکسانی ژنان لەیەکسانی ئابووریدا دەبینێتو چینی کرێکار بەخاوەنی توانای بەئەنجامگەیاندنی ئەو یەکسانییە دەزانێت، ئێستا چەندین نمونە بەرچاودەکەوێت کە ژنانی خوێدەواریش بە تاقیکردنەوەی جۆراوجۆر بەو ئەنجامە گەیشتوون کە بەبێ یەکسانی ئابووری بەمافی یەکسان ناگەن.

دوو بابەت کە بڵاوکراوەی "شهروند" بڵاوی کردوونەوە ئەوە نیشان دەدات کە ژنان بۆ گەیشتن بە یەکسانی ئابووری هاتوونەتە مەیدانو تێدەکۆشن لەو



پێناوەدا. لە یەکێك لە ژمارەکانی "شهروند" هەواڵێك هەبوو کە باسی شونەکردنی کچانی ئێرانی دەکات، سەرەڕای ئەوەی تەمەنیشیان چووەتە سەرێ، هەواڵەکە هۆی ئەو شوونەکردنە بۆ هۆکاری ئابووری دەگێڕێتەوەو رۆشنی دەکاتەوە کە کچانی ئێرانی دەیانەوێت یەکەمشت لەرووی ئابوورییەوە سەربەخۆبن ئەوسا زەواج بکەن. تا نەبنە پاشکۆی مێردو خێزان.

کچانی خوێنەوار تێگەیشتوون کە بۆ رزگاربوون لە پلەدوویی و بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی پێویستییان بە ئیمکاناتی ئابووری هەیە، ئەمە ئاڵوگۆڕێکی گەورەیە، ئەوان تەبلیغاتو رێبازی زەینگەراو ئایدیالی‌یان تاقیکردەوەو ئەنجام بەوە گەیشتوون کە تەنیا یەکسانی ئابووری دەتوانێت یەکسانی لەبوارەکانی تردا بەدیبێنێت. لەمبارەیەوە لەژمارە 590ی"شهروند" (دالاس) راپۆرتێك هەیە بەناوی "راپۆرتی کۆبوونەوەیەك سەبارەت بە- ژن لەچاپکراوەکانی ئێراندا-" ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجومەنی رۆژنامەوانانی ژن بەرپایانکردبوو، کە تیایدا عەباس عەبدیو ئەمیر موحیبییانو شادی سەدرو فریبا داودی موهاجیرو لەیلا فرهادپور بەشداربوون.

عەباس عەبدی بۆچوونی خۆی راگەیاند کە گوزارشت لە بۆچوونی رەوتی ریفۆرمخوازیش دەکات، ئەو چارەسەری کێشەی ژنان حەواڵەدەکات بۆ دوای دامەزراندنی حکومەتێکی خەڵك سالار، گوایە ئەوکاتە هاوسەنگی بەقازانجی لاوازەکان واتە ژنان دەگۆڕێت. ئەوان پێیانوایە90٪ی کێشەی ژنانو پیاوانی رۆژنامەنووس هاوبەشن تەنها 40٪ی ئەوکێشانە پەیوەندییان بە هەڵاواردنی رەگەزییەوە هەیە. بە بڕوای عەبدی ریشەی ئەو بڕە کەمەش لەکۆمەڵگادایە، عەبدی داوادەکات خستنەرووی خواستەکانی ژنان بەجۆرێك نەبێت رووبەڕووبوونەوە دروست بکات، بەڵکو بەجۆرێك بێت کە یارمەتی‌دەریان

بێت بۆ پێشکەوتنی خەڵك سالاری، هەروەها داوادەکات لەئاستێکدا خواستەکان بخرێنەڕوو کە قبوڵبکرێن‌و ئەویش لەکاتی خۆیدا، لەکۆتایی‌دا عەبدی دەڵێت:" لەرژێمی خەڵك سالاردا ئەم مەسەلەیە بەو جۆرە چارەسەردەبێت کە ژنان دەنگ بدەن بەو حزبەی خواستەکانیان بێنێتەدی".

دەبینین مەبەستی عەبدی گەڕان بەدوای چارەسەردا نییە بۆ نەهێشتنی ستەمی سەر ژنان، بەڵکو ئەو سەرنجی ژنان رادەکێشێت تا پاریزگاری‌و پشتیوانی لە رەوتەکەی بکەن. چونکە عەبدی‌و رەوتەکەی بەباشی هێزی گەورەو ترسناکی ژنان دەناسن‌و دەیانەوێت بەقازانجی رەوتەکەیان لەو هێزە سود وەربگرن، تا بەو هۆیەوە رەوتی محافەزەکار وادار بکەن لەبەرامبەریاندا نەرمی بنوێنێت، بەڵکو لەم رێگایەوە جێپێیەك بۆ بەهێزبوونی خۆیان بکەنەوە. واتە عەبدی هێزی ژنانی هەر بەو رادەیە لامەبەستە کە بۆ گەشەی رەوتەکەی پێویستی پێیەتی.

3 رۆژنامەنووسەکەی تر کە ژنن دژی بۆچوونەکانی عەبدی وەستانەوە، شادی سەدر ئاماژەی بەوەکرد کە " هەرکاتێك دەربارەی مەسەلەی ژنان قسەدەکەین یەکسەر مەسەلەی چەندایەتی دێتە ئاراوە، بەڵام هیچ ئاماژە بەوە ناکرێت کە بۆچی کۆمەڵگا بەوجۆرە لەسەر بنەمای رەگەزو هەڵاواردن دابەشبووەو بۆ چارەسەری ئەمەش کارێك ناکرێت". ئەوان قبوڵیانە کە لەکومەڵگەیەکی دیموکراتدا ژنان ئاسانتردەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن، بەڵام لەناوەرۆکدا پێویستی بەدیهاتنی دیموکراسییان بەلاوە کێشە نییە. هەروەها دەڵێت:" لەم کۆمەڵگایەدا ژنان هەم وەك مرۆڤو هەم وەك ژن سوکایەتییان پێدەکرێت‌و جیاوازی‌دەکرێن".

لەیلا فەرهادپووریش ئاماژەی بەوەکرد کە" بەبێ لەناوبردنی ئاسەوارەکانی هەژاری‌و مناڵەبەری‌و هەڵاواردنی رەگەزی، ناکرێت باس لە گەیشتن بە شایستەسالاری‌و دادپەروەری بکەین". ئەمیری موحیبیانیش بۆ



چارەسەری مەسەلەی ژنان پێشنیاری‌کرد چەمکی دادپەروەری لەجێگای چەمکی خەڵك سالاری بەکاربهێنرێت‌و ئەو باوەڕیشی وابوو کە " لەدیموکراسیشدا ژنان یەکسەر بەمافەکانیان ناگەن".

ئەو وتانە لەکاتێکدا لەدەمی ژنانی رۆژنامەنووس دێنەدەر کەئێران بۆ ژنان دۆزەخە، ئەوان باوەڕیان وایە کە تاهەژاری بمێنێت مافی یەکسانی ژن‌و پیاو بەدینایەت، تاقیکردنەوەی 25ساڵی حکومەتی کۆماری ئیسلامی کە وەڵامی داخوازییەکانی ژنان لە دووتوێی لاپەڕەکانی شەریعەت دەردەکێشرێن‌و بەو ئەحکامانە ژنان بەردەباران دەکرێن، ژنانی بەو ئەنجامە گەیاندووە کە جگە لە بەدەستهێنانی یەکسانی ئابووری هەموو ریگاکانی تر ئایدیالی ناواقیعین.

بەو پێیە ژنانی رۆژنامەنووس لەلایەکەوە دەستی" ڕەد" یان بە سنگی عەباس عەبدی‌یەوە نا و لەلایەکی تریشەوە لەوەڵامی ئەوەی کەدەڵێت" شێوەی خستنەڕووی مەسەلەی ژنان بەجۆرێك نەبێت کە پێکدادان درووست بکات". شادی سەدر وتی " باسکردن لەریبازی وا کە کەمترین روبەڕوبونەوەو پێدادان بەدیبێنێت، لەراستیدا هەر درووشمەو ناواقیعییە". لەکۆمەڵگەی ئێمەدا مەسەلەی ژنان خۆی ورووژێنەرو هەستیارە، لەلایەك لەگەڵ شەریعەت‌و لەلایەك لەگەڵ حکومەت لەلایەکی تریش لەگەڵ کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا رووبەڕووە.".

سەرەنجام تائێرە باسی 44ساڵ پێشوتری ئێمەیە، باسی موجەڕەدو تایبەتی چەن کەسێك نییە، بەڵکو بوعدی کۆمەڵایەتیشی هەیە، ئەمڕۆ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەکۆمەڵێك لەشکرو سوپای پاسدارانییەوە چاودێری سنوورەکان دەکات‌و چاوەڕوانی ئەوەیە بە ئایەتە ئیسلامییەکان رێگای هاتن‌و چوونی بیروباوەڕەکان ببەستێت، بەڵام هەروا دەبینین ئەو قسانەی لەلایەن کەسان‌و لایەنی پێشکەوتنخوازی دانیشتووی دەرەوە لە لەکەش‌و هەوایەکی ئازادتردا رادەگەیەنرێت، هەروەك ئەوە وایە کە

لەناوئێران‌و لەبارودۆخی سەرکوتدا دەوترێت، بەپێچەوانەی بانگەشەی حکومەتی ئیسلامی کە ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان بەدابڕاو لەمەسەلەکانی خەڵك دەزانێت. دەبینین لەناوەوەو لەدەرەوەی ئێران خوێندنەوەی هاوبەش هەیە ئەویش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەبێت بڕوات‌و ڕێگای پراتیکیش بۆ بەدەستهێنانی ئەڵتەرناتیڤ بەدیهێنانی یەکسانی خێزانی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یە. لەبەرئەوە ژنان وەك نیوەی کۆمەڵ لەریفۆرم‌و ریفۆرمخوازی واوەتردەڕۆن‌و ئەگەر لەترسی ئەشکەنجەو زیندان‌و ئیعدام نەبێت هەزاران بیرمەندی مەسەلەی ژنان لە ناویشیاندا ئەم 3 ڕۆژنامەنووسە باسی ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێرانە دەکەن کە دەسکەوتەکانی هەمیشەییە.

عەباس عەبدی‌و تەواوی ریفۆرمخوازانی تر لەوە بەئاگان‌و لەترسی عاقیبەتێك کە بۆیان هەزم ناکرێت‌و لەوانەیە ڕووبدات، کەوتوونەتە بیری ئەوەی لەوەوە دەستپێبکەن کە ژنان بە وەعدەوبەڵێنی بێناوەرۆك لەرەوەندی پێشڕەوەی لابدەن‌و لەخەباتی شۆڕشگێرانە بۆ ڕوخاندنی ڕژێم کەمبکەنەوە. ئەوە لەکاتێکدا کە ڕژێمی ئیسلامی زۆرترین گوشاری لەسەر ژنان داناوە. عەبدی ئەو جۆرە قسانە لەکاتێکدا دەکات کە بێمافی‌و پێشێلکردنی حورمەت‌و کەرامەتی ژنان لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە بووەتە وێردی سەرزمانی خەڵکی جیهان‌و بارودۆخ بەجۆرێکە کە تەنانەت ڕاستڕەوترین باڵی خۆپارێزیش ناتوانێت لەبەرامبەر پێشێلکارییەکانی ئەو ڕژێمە دژی مافەکانی مرۆڤ‌و مافەکانی ژنان بێدەنگ بێت. ڕاستڕەوترین حکومەتەکان‌و نەتەوەیەکگرتووەکان‌و ڕێکخراوی مافی مرۆڤ هەریەکەیان لیستێکی دوورودرێژیان لەبەردەستدایە کە دەرهەق بە ژنان ئەنجامی داوە. کە ئەوانیش وەك عەبدی لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مامەڵەدەکەن. جیاوازییان لەگەڵ عەبدی ئەوەیە کە



ئەوان بۆ ئیعتیباری خۆیان‌و بۆ ئەوەی جێپێیەك لەئێران بکەنەوە تارادەیەك خوازیاری چارەسەرکردنی مەسەلەی ژنانن. بەڵام ماهییەتی عەبدی‌و ڕەوتی ریفۆرمخواز بەرادەیەك لەخوارەوەیە کە لەوهەموو ستەمەی لەژنان دەکرێت چاوپۆشی دەکات‌و بەکەمی دەگرێت. تەنانەت ئەو 40٪ یەی کە باسیشی دەکات ڕۆشنی ناکاتەوە چییە. تەنیا لە خەیاڵی ئەوەدایە کە چۆن بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی خۆیان ژنان بکاتە ئامرازێکی فشار بۆسەر خۆپارێزە تەقلیدیە ئیسلامییەکان. بەڵام خوێندنەوەی عەبدی لەم بارەیەوە لە هەڵسەنگاندنەکەی واوەتر ناچێت‌و باجەکەشی ئەوەیە کە لە ناو ململانێی باڵەکاندا هیچ پشتیوانێیەکی خەڵك بەدەست ناهێنێت. ئەوە دەبێت وانەیەك بێت بۆ هەموو ریفۆرمخوازەکان کە ئیتر دەورانی یاریکردن بە چارەنووسی خەڵکی زەحمەتکێش کۆتایی پێهاتووە. خەڵك ئیتر وشیارەو ئەمجارە بەزمانی خۆی لەبارەی شۆڕشەکەیەوە دەدوێت.

لەڕووەیەکی ترەوە ئەوە تەنها عەباسی عەبدی‌و ریفرمخوازەکان نین کە کە دەیانەوێت بەقازانجی خۆیان لە خەباتی ژنان کەڵك وەرگرن. بەڵکو هەموو حکومەتەکان‌و حزبەکان‌و دامەزراوەکان هەریەکەی بەشێوازێك هەوڵدەدات بۆ مەبەستی خۆی کەڵك لە هێزی ژنان ببینێت. ئەوان لە ژنانی بۆرژواز کەڵك وەردەگرن بۆ درووستکردنی خۆشباوەڕی لەناوژناندا. بزووتنەوەی فیمینیستی بەشوێنێك گەیشتووە کە بۆرژوازی پارەی بۆ هەڵرشتوون، هەندێك لەبەشەکانی بزووتنەوەی فیمینیستی جۆرە سیاسەتێك بەرێوەدەبەن کە کەهاوجووتە لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی گەورەی پیشەسازی جیهان. تەنانەت کۆماری ئیسلامی لەژێر پۆششی فیمینیزمی ئیسلامیدا هەوڵدەدات بە کەڵکوەرگرتن لە ژمارەیەك ژنی ئاینی دەمارگیر ڕوخساری دژی ژن بوونی خۆی بشارێتەوەو بە ژنانی جیهان بڵێت وەرن لەزمانی ژنانی ئێرانییەوە دەربارەی حکومەتی ئیسلامی ببیستن. کە ئەو جوڵانەوەیە خۆی دژی

بەرژەوەندییەکانی ژنان و کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش وەستاوە و بێزارە لە گەشەکردنی بیروباوەڕی پێشڕەو لەناو ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشاندا، لەمبارەیەوە دەتوانرێت نمونەی زۆر بهێنرێتەوە. فیمینیستە ئیسلامییەکانی رژێمی ئێران زۆرجار لەگەشتە سیاسییەکانیاندا مۆری تەئید لە کردەوەکانی ئەو حکومەتە دەدەن و هاوڕایی دەکەن. خۆیان لە بیروباوەڕی پێشکەوتوو یەکسانیخواز دووردەگرن. تەنانەت ئەو بەشە لە فیمینیستە ئیسلامییەکان کە لە تەیفی میللی – مەزهەبیین و ناکۆکن لەگەڵ رژێم ئەوانیش لەبیروباوەڕی پێشکەوتوو خۆدەبوێرن و لەروانگەی شەرعەوە بە ناعەدالەتی ئیسلامی دەبارەی ژنان رازین تەنها لەهەندێ مەسەلەی لاوەکیدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ناکۆکییان هەیە.

لە ریفۆرمخوازەکانیش دەتوانرێت ئاماژە بە دژایەتی ژنانی ریفۆرمخواز لەگەڵ بیروباوەڕی پێشکەوتوو بکرێت، بۆ نمونە خانمی هایدەی موغیسی لە کۆبوونەوەیەکدا کە ساڵی رابردوو لە شاری دالاسی ئەمریکا بەسترا ئاماژەی بەوە دا کە دەبێت کێشەی ژنان بەکاری رۆشنبیری لە ناوپیاوان چارەسەر بکرێت. ئەو لەبەرامبەر ئەوپرسیارەی کە رای چییە بەرامبەر ئەوەی کە ریشەی کێشەی ژنان ئابوورییە وتی "وانییە ئەوە قسەی چەپە کە دەڵێت ژێربینای ئابووریی سەرخانی سیاسی درووستدەکات، ئەوە نادروستەو من زەمانێك چەپ بووم و ئەو بیرە نادرووستەم هەبوو". ئەم رەوەندە لە لەلای سەڵتەنەت تەڵەبەکان و حکومەتی ئەمریکاو شوێنی تریش بەو جۆرەیە لەم رووەوە بەکورتی وتەکانی سیمین پاکنەژاد لە رەخنە لێگرتنی ئەوانەدا ئاماژە پێدەکەم.

لە ئەمریکا (Ms Magazine) یا رێکخراوی ژنانی ئەمریکایی کە لەئەمریکا(Now) کاردەکەن و لەکۆبوونەوەی کۆبنهاگن هەڵوێستی دژی فەلەستینییان وەرگرت لە بنەڕەتدا زایۆنین و پاریزگاری لە مەسەلەکانی



ئیسرائیل دەکەن و لەهەمانکاتدا لە دژی مەسەلەکانی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین و تاری ئەو رێکخراوە وەستان و لەدژیان لە کۆپنهاگن وتاریان پێشکەشکردبوو. ئەمڕۆ زۆرێك لەوانەو لەناویشیاندا (رێکخراوی فیمینیستی زۆرینە) ئەو هەلویستانەی بەرامبەر فەلەستین و رووداوی 44ی سێپتەمبەری 2004 و شەڕی ئەفغانستان هەیانە هەڵوێستێکن کە بەتەواوی هاوجووتن لەگەڵ بەرژەوەندی حکومەتی ولاتەکەیان. هەر ئەو رێکخراوە رێکخراوی ژنانی ئەفغانی( راوا)ی بانگهێشتکردبوو کاتێك بینییان رێکخراوی ژنانی ئەفغانی هەڵوێستی توندی دژی ئیمپریالیستییان هەیە، ئامادەنەبوون کارئاسانی سەفەرەکەیان بۆ بکەن. کاتێکیش جەنگی ئەفغانستان روویدا ئەم بەشە لە فیمینیستە ئەمریکییەکان لایەنگری شەڕیانکردو بە تەواوی پشتیوانییان لەو حکومەتە کرد کە ئەمریکا بردوویەتیە ئەفغانستان و ئەو حکومەتەشیان بە رزگارکەری ژنانی ئەفغان پێناسەکرد، سیمینی پاکنەژادیش سەبارەت بەژنانی ئێرانی دانیشتووی دەرەوە ئاماژەی بە چەند کەسایەتیەك کرد کە بابەتەکانی باڵی راستی بەهێزدەکرد. لەناویاندا نیرەی تەوحیدی و مەهنازی ئەفخەمی و ئەفسانەی نەجمئابادی، کە بەشێك لەوانە سەڵتەنەت تەڵەب بوون و لەرژێمی پاشایەتیدا بەرپرسیارێتی سەرەکییان هەبووە. سیمینی پاکنەژاد لەوەش واوەتردەچێت و دەڵێت: ئەوانە چەپ بە رێگری سەر رێگای ژنان دەزانن و خوازیاری رژێمێکن لەئێران کە لەلایەن ئەمریکاوە بێتە سەرکار.

ئەوە شتێکی رۆشنە کە بۆرژوازی بە تەواوی توانای خۆی تێدەکۆشێت لەرێگای بزووتنەوەی فیمینستییەوە خەباتی ژنان لە رەوەندی ئەصڵی خۆی لابدات و لە راستای بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بێنێت. بە رێگای کاری ئایدیالیستی و فۆرماڵی بۆ وەستاندنی هێزی پێشڕەوی خەباتی ژنان. لە رووەیەکی ترەوە بیری پێشڕەو تەنها بە رەخنەگرتن نابێت بووەستێت بەڵکو

دەبێت ڕێگای کاری ڕادیکاڵو ئەڵتەرناتیڤ بخاتەڕوو. لە ئەڵتەرناتیڤێکی کرێکاریدا دەبێت تەواوی ئەو چەندوچوونو گۆشەو کەنارانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم نایەکسانی ژنانو پیاوان نیشانبدرێت. من لێرەدا هەوڵدەدەم کاری هەڵسوڕاوانی ئەم مەیدانە ئاسانکەم بە ئومێدی ئەوەی ئەگەر لەگەڵی هاوڕابوون لە نووسینەکانیاندا پەیوەند بەم مەسەلەیەوە کەڵکی لێوەربگرن. یاخود ڕێگای تر بخەنە روو.

جیاوازی نێوان مرۆڤەکانو دابەشکردنیان بۆ دوو ڕەگەزی نێرو مێ یاخود ژنو پیاو نیشانەی نادادپەروەری کۆمەڵایەتیە. پەیدابوونی ئەو نایەکسانیە بۆ ئەو بیروباوەڕانە دەگەڕێتەوە کە دەورانێکی دوورودرێژ کەڵکیان وەرگرتووە لە جیاوازیو نایەکسانیی نێوان مرۆڤەکانو درووستکردنی دووجەمسەری ژن–پیاو. هۆی سەرەکی ئەم نایەکسانییە ئابوورییە، بە ناسینی تەواوی هۆیەکانی دروستبوونی ئەو دوو جەمسەرییەو هەڵپێچانی فەرهەنگی پیاوسالاری دامەزراندنی جیهانێك کە تیایدا کۆمەڵگا بە مرۆڤەکان( ژنو پیاو) پێناسە بکرێتو بڕیاربدات کە:

-4 ژنو پیاو یەکسانن.

-2 دەخالەتکردنی پیاو( باوك، مێرد، برا یا کەسانی نزیك) لە بەرتەسککردنەوەی پەیوەندیو هاوژیانی ژنان لەگەڵ دەورووبەریان قەدەغەیە.

-3 هاوسەرگیری کارێکی تایبەتی کەسەکانەو هەرکەسێك ژن بێت یا پیاو لە هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی خۆی ئازادە. هەرجۆرە دەستتێوەردانو گوشاردانانێك بۆ لەبەرچاوخستنو درووستکردنی دوودڵی قەدەغەیەو پەیوەندیو خۆشەویستی کارێکی ئازادانەیە. مرۆڤەکان لەئاکامی بیرکردنەوەی ئازادانەدا دەتوانن بەلێپرسراوێتی زیاترەوە ئایندەی خۆیان دیاریبکەن. تەواوکردنی ئەم پرۆسەیە دامەزراندنی خێزانی ساغو پایەدارو هەروەها لەدایکبوونو پەروەردەی باشی منداڵ مسۆگەر دەکات.



-4 کاتێك ژنو پیاو بڕیاردەدەن هاوسەریو ژیانی هاوبەش پێکەوە بنێن، کەچوونە ئەو شوێنەی هاوسەرێتی یاسایی تێدا تۆماردەکرێت، هاوسەرێتیەکەیان فەرمیە.

5– تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری 48ساڵیەو جیاوازی تەمەن لەنێوان هاوسەرەکاندا نابێت لە 7ساڵ زیاتربێت.

6– ڕێوڕەسمی ئاینی بۆ هاوسەرگیری کاری تایبەتی هەرکەسێکە، کردنو نەکردنی ڕێگا لە کاری یاسایی ناگرێتو ناچارکردنی کەسەکان بەو ڕێوڕەسمە (ئەگەرخۆیان نەیانەوێت) قەدەغەیە.

7– کە بەشێوەی فەرمی هاوسورێتی لەنێوان ژنوپیاودا تۆمارکرا تەواوی سامانی هەردووکیان هاوبەش دەبێتو لیستی سامانی هەردوولا لە بەڵگەنامەی هاوسەرێتیدا دەنووسرێت، کە سامانی پێش هاوسەری( نەختیو نانەختی) دەگرێتەوەو هەدوولا واژۆیدەکەنو هەرکاتێك نەیانتوانی ژیانی هاوبەش درێژە پێبدەنو خوازیاری جیابوونەوە بوون بەشێوەی یەکسان لەنێوانیاندا دابەشدەکرێت.

8– سەبارەت بە بوونو نەبوونی منداڵ پێویستە پێش هاوسەری ڕۆشن بێت تا دوایی کێشە نەنێتەوە، لەکاتێکدا کە ڕێککەوتن لەسەر منداڵ بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان 2 منداڵ بەسە، ئەگەربکرێت یەك کوڕو یەك کچ.

9– چاودێریو بارهێنانی منداڵ لەنێوان ژنو پیاودا هاوبەشو یەکسان دەبێتو بەنۆرە لەلایەن دایكو باوکەوە ئەنجامدەدرێت.

40– چۆنێتی مامەڵەکردنو پەروەردەی فکری منداڵ بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ قوتابخانە پێویستە پێکەوە بێتو ژنو پیاو پێشتر لەسەری ڕێکبکەون چۆن بێت. لەهەرکاتێکدا جیاوازی درووستبوو مافی دایك

لەپێشترە، لەبەرئەوەی ئەو شیری دەداتێ و تایبەتمەندی منداڵەکە باشتر دەناسێت. لەحاڵێکدا پیاو رازی نەبوو ئەو کێشەیە بەیاسا چارەسەردەکرێت.

44– باشترین حاڵەت بۆ ژن و پیاو ئەوەیە کە بەنۆرە کاربکەن، یەکیان کاربکات و یەکیان چاودیری بکات. کەیەکیان لەسەرکار گەرایەوە ئەویدیکەیان بچێت بۆسەرکار. لە هیچ بارودۆخێکدا رێگا نادرێت ژن ناچار بکرێت هاوکات لەگەڵ چاودێریکردنی منداڵدا کاربکات.

42– چەند ژنە، شیربایی، صیغەو ژن بەژن قەدەغەیە.

43– پیاو لەخێزاندا هەرچییەکی کچ بێت( تەنانەت باوك و براش) بۆیان نییە دەست لە هەڵبژاردنی هاوسەری ئەوان وەربدەن.

44– میراتی خێزان دوای مردنی باوك و دایك بەشێوەی یەکسان لەنێوان منالأنیاندا( کوڕوکچ) دابەشدەکرێت. لەکاتی لەژیاندان مانی دایك و باوکیش دا، منالان چ کوڕو چ کچ ئەگەر ویستیان بەتەنیا بژین دەبێت پشکی خۆیان لە میرات پێبدرێت.

45– ئەگەر ژن و پیاو بڕیاری جیابوونەوەیان دا دوای جیابوونەوەش هەروەك کاتی هاوسەرێتیان چاودێری و خەرجی بەخێوکردن بە ئەستۆی هەردوکیان دەبێت و ئەرکی هەریەکەیانە دوای کارەکەیان بۆ وەرگرتنی منالەکان سەردانی یەکتر بکەن.

46– چ ژن چ پیاو ئەگەر لە هاوسەرێتی یەکەمیاندا 2 منالیان هەبێت لە زەواجی دووەمیاندا بۆیان نییە منداڵی تریان ببێت.

47– تا ئێستا نەریت وابووە کەدوای زەواج ژن چووەتەسەر خانەی خێزانی پیاو، کە ئەوە وابەستەیی ژنی بە پیاوەوە نیشاداوە و ژنی کردووە بە پلەدوو، لە ئیستا بەدواوە چ ژن و چ پیاو هەریەکەیان ناوی خێزانی خۆیان پارێزراو دەبێت.



48– نەریت وایە منال بەناوی باوانیەوە بانگدەکرێت، دەبێت جۆرێك بێت کە یەکسانی نێوان باوك و دایك دەستەبەر بکات. بۆ ئەو مەبەستە ناوی خێزانی منال دەبێت بەناوی هەردووکیانەوە بێت.

49– دایك و باوك نابێت ئەو جۆرە یارییانە بدەنە منالەکانیان کە جیاوازی نێرو مێ درووست دەکات، واتە نابێت بوکەشوشە لەبەرئەوەی نیشانەی مێیە تایبەت بێت بەکچ ئەوە پەیوەندی بە پیاوسالارییەوە هەیەو ئیتر نایاسایییە. بەگوێرەی ئیمکان ئامرازەکانی یاریکردن هاوبەش بن، ئەگەر نا بۆ هەردوو رەگەزەکە یەکسان و یەکجۆر بن.

20– هەرجۆرە دانیشتنێك لەنێوان دایك و باوکدا بۆ بەرنامەی ژیانیان پێویستە منالەکانیان(کوڕو کچ) بەشدار بکەن و لەچۆنێتی بەرێوەبردنی تێیان بگەیەنن، تا 46 ساڵی راوێژیان پێبکەن و لەوەبەپاش بەکردەوەو راستەو خۆ بەشداریانکەن.

24– ئەگەر دایك و باوك بریاریان دا منالەکانیان بۆ کارێك بنێرنە سەفەر دەبێت هەردوو رەگەز بگرێتەوە، ئەگەر جیاوازی کرا دەبێت سزای یاسایی بدرێت.

22– بەشداری ژنان لە تەواوی مەیدانەکانی کاری کۆمەلأیەتی ئازادەو هیچ جیاوازی نییە لەگەل پیاو. تا ئێستا بەدەگمەن بینراوە هەلبژاردنی ژنان بۆ پۆستە بەرزەکانی سەرۆکایەتی لەبەرچاو بگیرێت، ئیتر دەبێت وەرگرتنی ئەو پۆستانە بۆ ژنان نەك هەر رێگری نەبێت بەلکو پێویستییەکیشە.

23– گرێبەستەکانی کار نابێت ئەو پرسیارانە لەخۆ بگرێت کە رەگەزی نێرو مێ جیا دەکاتەوە.

24– جیاکردنەوەی هۆیەکانی گواستنەوەو پۆلەکانی خوێندن و خواردنگەکان و دەستەبەندی کردنی کارو وەرزش لەسەر بنەمای رەگەز قەدەغەیە.

25– تـەواوی ئیمکانـاتی تەندروسـتی لەگشـت بارودۆخێکـدا دەبێـت لەشوێنی کار بۆ ژنان لەبەردەستدا بێت و دکتۆرو هۆیەکانی پێشگرتن بە مناڵ بوون بۆ ئەوانەی نایانەوێت مناڵیان ببێت دەبێت لەبەردەستدابێت تا ریگە بە لەباربردن بگیرێت.

26– 3 رۆژ پشووی زیاتر لەمانگێکدا بۆ ژنان لەکاتی سوڕی مانگانەدا.

27– ژنان لەهەڵبژاردنی جۆری کاریاندا سەربەستن.

28– ژنانی شیردەر رۆژانە کاتژمێرێك کەمتر کاربکەن.

29– ژنان دەبێت چەندین کار بزانن تا لەکاتی گۆڕینی کارەکانیاندا رێگرییان بۆ درووست نەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت خولی تایبەتی راهێنان ببینن.

30– سپاردنی کاری قورس بەژنان قەدەغەیە.

34– ژنانی دووگیان 4مانگ پشووی رەسمییان پێدەدرێت (بەتەواوی مافەکانییەوە) 2مانگ پێش و دوو مانگ پاش مناڵبوون، ئەگەر دکتۆر ماوەی پشووی درێژتر کردەوە دەبێت بریاری دکتۆر فەرمی وەربگیرێت.

32– بەمەبەستی پاراستنی حورمەت و کەسایەتی ژنان و بۆ رێگرتن لەوەی بکرێن بە کالاّ، کەڵکوەرگرتن لە کاری ژنان بۆ دیعایەی بازرگانی و لە مەیخانەکان و شوێنی لەو جۆرە قەدەغەیە.

33– لەشفرۆشی قەدەغەیە، ئەم کارە بەشێکە لە بەکالاّکردنی ژنان و ئەنجامدەرانی ئەو کارە هەم ژن و هەم پیاو سزادەدرێن، هۆی لەشفرۆشی هەژارییە، رژێمە چینایەتییەکان تائێستا هۆکاری ئەمە بوون، ئەو رژێمانە وشیارانە ریگەنادەن پێویستیەکانی مرۆڤ دەستەبەر ببێت، لەئاکامدا لەناو پیاواندا دزی و لەناو ژناندا لەشفرۆشی رەواج پەیدا دەکات، لەحکومەتی کۆماری شورا شۆڕشگێڕەکاندا لەبەر ئەوەی تەواوی پێویستیەکانی



مرۆڤەکان دابین دەبن هیچ بیانوویەك بۆ لەشفرۆشی نەماوەتەوەو بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە.

34– لە لادێکان دەبیت نانەواخانەی گشتی هەبێت تا ژنان لە نانکردنی رۆژانەو کەناری تەنیشت تەنوورەکان رزگاریان بێت.

35– لەهەر دێیەك دەبێت جلشۆرگەی گشتی هەبێت.

36– دەبێت کارەبا بەهەر دێیەك بگەیەنرێت تا بەهۆیەوە ریگابگیرێت لەوەی بەهێزی ژنان جێگای بگیرێتەوە.

37– لەتەواوی لادێکان دەبیت مەڵبەندی تەندرووستیو دکتۆرو کارمەندی شارەزا هەبن کە وەڵامدەرەوەی نەخۆشیەکانی ئەو ناوچەیە بن کە زۆربەیان ژنان و مناڵانن.

38– سەرەڕای کاری سەخت و قورسی ژنانی لادێ، سەرپەرشتیو چاودێری مناڵانیش ئەو بارەی قورستر کردووە، بۆیە دەبێت تەواوی ئامرازەکانی سەرگەرمی مناڵان بۆ دێهاتەکان ببرێت و قابیلی کەڵك لێوەرگرتن بێت بۆ مناڵان، بەمەش بەشێك لە ئەرکەکانی ژنان لادەچێت.

39– خوێندنی ژنان لە دێهات تا قۆناغی ناوەندی ئیجبارییە، ژنانی لادێ دەبێت بتوانن بچنە زانکۆ ئەمە تاکە رێگایەکە بەرێوەبردنی خەڵك بەدەستی خەڵکی ناوچەکە خۆی دابین دەکات.

40– بۆ جێبەجێبوونی خاڵی 39 دەبێت تەواوی لادێکان قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندییان هەبێت، بۆ دەورەی کۆتاییش دەبێت هەر چەند گوندێك و ناوەندێکیان هەبێت. زانکۆش دەبێت لەهەموو شارەکان هەبێت.

44– بۆ سەلامەتیو تەندرووستی دەبێت لەهەموو دێهاتەکان گەرماو هەبێت، بەبێئەوە ناوەندەکانی داوودەرمان ناتوانن زۆر کاریگەر بن، بۆ سەلامەتی ژنان لەکاتی دووگیانی داو هەروەها بۆ مناڵانی تازە لەدیك بووش ئەوە یەکێك لە هەنگاوە بنەڕەتییەکانە.

بەم شێوەیە کۆتایی بە کاردابەشکردنێکی ناعادیلانە دێت کە لەسەر بنەمای ڕەگەز دامەزراوەو هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی چینەکان سەریهەڵداوەو بە کۆتاییهاتنی چینەکانیش کۆتایی دێت. ئیتر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕازی نابێت تەواوی تەمەنی ژنان بەخواردن درووستکردنو جلشۆریو منداڵ بەخێوکردنەوە سەرف بێتو پیاویش لەهەمووی ئەو کارانە بەخشراو بێتو سەرەڕای ئەو تەواوی ئیمکاناتی خێزانیشی لەدەست دابێتو بەو هۆیەوە بچێتە سەیرانو گەشتو لەرووی سیاسیشەوە تەواوی کاروبارەکان لەدەست پیاواندا بن. بەم خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا ژنان لە کۆیلەتی مۆدێرن ڕزگاریان دەبێت، ئەوە مافێکی بێئەملاو ئەولای ژنانەو دەبێت ئەو مافەیان پێبدرێت، ماف دەسەنرێت نادرێت، بۆ گەیشتن بە مافەکان دەبێت خەبات بکەینو بۆ خەباتیش ڕێگایەکی تر نییە جگە لە هاوخەباتی ژنان  لەگەڵ کرێکاران. ناکرێت لەو ڕژێمانەی ئێستا چاوەڕوانی یەکسانی بکرێت، چونکە ئەوان سەرچاوەو هۆکاری نایەکسانین، ئەگەر نایەکسانیو جیاوازی نێوان مرۆڤەکان نەبوایە دەسەڵاتدارانی ئێستا ناتوانن پایەکانی خۆیان بپارێزن. بۆیە ژنانو کرێکاران دەبێت یەکبگرن ڕێگرییەکانی سەر ریگای ژنان بەتەنها پیاوان نین بەڵکو ئەوە بارودۆخێکە کە پلەو پایەی بەرزتری بە پیاوان داوە. شتێك کە بزووتنەوەی فیمینیستی ناتوانێت یاخود نایەوێت تێیبگات.

لەکۆتاییدا ئێمە خوازیاری یەکێتی  ژنانو کرێکارانیینو تەنها یەکێتی ئەم دوو بەشە دەتوانێت سەرکەوتن مسۆگەر بکات. لەم بارە یەوە ئۆگەست بیبڵ کرێکاری مارکسیو ڕابەری وشیار لە کتێبێکدا بەناوی "ژنو سۆسیالیزم" باسی ئەوە دەکات کە داهاتوو بە سۆسیالیزمەوە گرێدراوە، ئەمە بەو مانایەیە کە لەهەنگاوی یەکەمەوە کرێکارو ژن هاوڕێگان.



# مافی ژن
# لەدەستوری کاتی دەوڵەتی عێراق دا

ئاسۆ غریب

دەستوری کاتی دەوڵەتی عێراق کە لە 8ی مارس" ڕۆژی جیهانی ژناندا, لەلایەن ئەنجومەنی حوکمی ئینتقالی عێراقەوە دەرچوو, بەڕادەیەك مافی ژنانی فەرامۆش کردووە کە زۆر جێگانی سەرنجەو مایەی سەر سووڕمانیشە کە تەنانەت ڕۆژی جیهانی ژنانیش سەرەتاییترین مافەکانی ژنانی بیر نەهێناونەتەوە.

هەرچەندە, مانای سیاسیو چینایەتی ئەو خۆبواردنە لەتۆرماکردنی مافەکانی ژنان خەڵکێکی زۆر دەرکی پێدەکات, بەڵام پشتگوێخستنێکی لەو جۆرە جگە لە کۆنەپەرستی سیاسی و دژایەتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی نیوەی کۆمەڵ ماناوپاساوێکی تری نییە، بەتایبەتی لەمڕۆدا کە مەسەلەی ژنان یەکێکە لەمەسەلە سیاسییەکانو بەشێکەلەکێشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای عێراق.

ژنان ستەمدیدەترین بەشی ئەم کۆمەڵگایەنو لەهەمووان زیاتر بوون بەقوربانی سیاسەتە دژی مرۆڤانەکانی ڕژێمی پێشوو، ئێستاش لەسایەی دەسلاتی نوێدا، کە هێشتا خۆیان نەگرتووە، بەم شێوەیە مامەڵە دەکرێن،

بۆیە نوسین و بەجوابهاتن لەسەر ئەو مەسەلەیەو تاوتوێکردنی گرنگی زۆری هەیە.

سەرەتا ئەوە بڵێم کە لەڕوانگەیەکی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەوە کێشەو مەسەلەی ژنانی عێراق سەلماندن و بەرەواناسینی مافەکانی ئەم بەشە گرنگەی کۆمەڵەو دەستبەر بوونی ئەو مافانە پێویستیەکی بنەڕەتی و چارەنوسسازی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو ئاسوودەیی ژیانی خەڵکەکەیەتی، لەبەرئەوەی بێ‌ماف و چەوسانەوەی ژنان سەرەرای ئەوەی کەنیشانەو دەلالەتی کۆنەپارێزییە لەهەمان کاتدا سەرچاوەی کێشەو ئاشوبی نێوان مرۆڤەکانیش و ژیانی ئاسایی تێکدەدات و لەسەر بنەمای نێرو مێ خەڵکی دەخاتە بەرانبەر یەکترو دەشبێتە بەربەستێکی جدی لەبەردەم پێشکەوتن و دیموکراسیەتدا.

من لەگەڵ ئەوەدام و بەپێویستیشی دەزانم ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەو تێڕوانینە پیاوسالاری و کۆنەپارێزانەیە رۆشنبکرێتەوە کە لە کۆمەڵدا دەرهەق بەمەسەلەی ژنان و جێگاو ڕێگای ژن لەئارادایە. بەڵام ئەو دەزگا فکریەی ئەو دەستورەی پێ‌نوسراوە پێوستە ڕەخنەی وورد و توندی لێبگیرێت، چونکە بەحوکمی ئەوەی کە دەسەڵات و جێبەجێ‌کردنی یاسای بەدەستە راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەو ژیانی مرۆڤەکان دادەنێت و ئەو کۆنەپارێزی و پیاوسالاریەش کە لەکۆمەڵدا هەیە بەرجەستەتری دەکات.

قسەکەرانی بۆرژوازی باسی ئەو رێژەی (25٪)ە دەکەن کە لەپێکهاتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا بۆ ژنان دانراوەو ئەوەش وەك دەسکەوتێکی گرنگ و پڕ بایەخ دەناسێنن. ڕەنگە ئەو بەندە لەیاسای بنەڕەتی دەوڵەتی عێراقدا شتێکی بێ‌وێنە بێت لەچاو دەستووری پێشوو وە تەنانەت بەبەراوورد لەگەڵ دەستوری وولاتانی دەوروبەریش، بەڵام ئەمە نەك بەمانای مسۆگەرکردن و دابینکردنی مافەکانی ژنان بەڵکو بەمانای داپۆشینی



بێ‌مافیەکانەو پێموایە ئەوان ئەو بەندە بەبەراوورد لەگەڵ (هیچ) لێکدەدەنەوە نەك بەبەراوورد لەگەڵ پێویستی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆو مافەکانی بەشێکی گرنگی کۆمەڵ.

ڕاستیەکی مێژوویی‌حاشاهەڵنەگرە کەدەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا چەندە ڕۆڵی بینیوە لەچەوساندنەوەو بێ‌مافکردنی ژناندا، هەر بۆیە ئەو خۆبواردنەی ئەنجومەنی حوکمیش لەمافە ڕەواکانی ژنان کە زادەی سیاسەت و ئەندێشەی حزبە سیاسیە بۆرژوازیەکان و هێزە دەسەڵات بەدەستەکانی ئەمڕۆی عێراقە (نەك زادەی واقیعی کۆمەڵگا وەك ئیدعای دەکەن) مەترسییەکی گەورەیە هەم لەسەر چارەنووسی ژنان و هەم لەسەر ئایندەی کۆمەڵگە. چونکە بەشێکی گرنگ لەو بێ‌مافیەی کەبەسەر ژناندا سەپاوە لەڕێگای دەسەڵاتی سیاسیەوە گواستراوەتە بۆ ناو کۆمەڵگاو لەژێر گوشارو پرێسی ئەودا بووە بەفەرهەنگ و یاسای بەرێوەبەردنی ژیانی خەڵك.

گرنگی دەسەڵاتی سیاسی لەوەدایە کە دەتوانێت و لەدەستی دێت بابەت و مەسائیل لەناو خەڵکدا جێ‌بکاتەوەو بەهێزی دەسەڵات جێگیری بکات، لێرەوەیە کە دەسەڵاتی کاتی عێراق ئەگەر دیموکرات و پێشکەوتنخوازو لایەنگری مافەکانی خەڵك بەگشتی و لەناویشیاندا لایەنگری مافکانی ژنان بووایە، دەیتوانی زۆرێك لەمافەکانی ژنان دابین و دەستەبەربکات و لەیاساکاندا بەڕەسمی بیناسێنێت، نەك ئەوەی تەنانەت لەکۆمەڵگەش کەمتر دان بەماف ژناندا بنێت.

لەکۆمەڵدا ڕۆڵی ژنان لەو (25٪)ەی کەئەنجومەنی حوکم بڕیاری لەسەرداوە زۆرترەو بڕیارەکەی ئەنجومەنی حوکم تەنانەت بەپێوانەی کۆمەڵگاش نیە. ئەوە لەکاتێکدا کە دەبوایە پێشڕەوی کۆمەڵ بوایە بۆ جێگیرکردنی ماف و دەسکەوتی زیاتر. دیارە واقیعی کۆمەڵگای عێراق زۆر لەوە لەپێشترە کە لەو دەستوورە کاتیەدا رەنگی داوەتەوە، ڕەنگە باشترین نمونەش ئەو ناڕەزایەتیە

توونددو فراوانە بێت کە بەدژی یاسای 437ی ئەنجومەنی حوکم بەڕێوەچوو کە سەرەنجام ئەنجومەنی حوکمی ناچار بەهەڵوەشانەوەی کرد.هەر ئەوەی کەواقعی عێراق خاوەنی دژایەتیە لەگەڵ بڕیاری 437و ئەنجومەنی حوکمیش خاوەنی خودی بڕیارەکەیە, بەلگەیەکی باشە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ئەو دووانە. مەترسی ئەم مەسەلەیەش لەوەدایەکە کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی لەچەوساندنەوەو بێمافکردنی ژناندا هەر درێژە پێدەدات.

ئەو دەستوورە کاتیە جگە لەو 25(٪)ە هیچ شتێکی دیکەی تایبەت بە مەسەلەی ژنانو مافەکانیانی تێدا نیە, ئەویش لەچاو ڕێژەی ژناندا نەك هەر هیچ نیە, بەڵکو خۆی نیشانەی چەوسانەوەو چەند پلەیی ژنانە, هێزە کۆنەپەرستو پیاوسالارەکان کاتێك پاساو بۆچەند ژنەیی دەهێننەوە وا ڕادەگەیەنن گوایە ژنان لەعێراقدا ڕێژەیان لەپیاوان زیاترەو بەو هۆیەوە پیاوان ئاساییە ئەگەر زیاتر لەژنێکیان هەبێت, هەرچەندە باوەڕی ئەوان سەبارەت بەچەند ژنە لەزۆرایەتیو کەمایەتییەوە نەهاتووەو ئەوە تەنها بیانوویەکەو بۆ هەمانکێشە کە لەکۆمەڵگەی (چین)دا ڕێژەی پیاوان زیاترە لەژنان بەهەمان دەرەنجام ڕازی نینو کارێکی لەو جۆرە بەگەورەترین بێپرەنسیبی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی دەزانن, بەڵام ئەو زۆربەیە لەڕووی مافی سیاسیو کۆمەڵایەتیەوە 4/4ی مافی پیاوانیان پێدەبەخشرێتو ئەمەش بەدابین کردنی مافەکانی ژنان ناودەنرێت.

ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو دەستورە بەپلەی سەرەکی بۆ تەکریس کردنی نەتەوەپەرستیو ئاینو تائیفە داڕێژراوەو ئیمتیازێکە بەلایەنە سیاسیە نەتەوەییو ئاینیو تایەفیەکان نەك دیاریکردنی مافی هاووڵاتیانی عێراق بەشێوەیەکی یەکسانو بەبێجیاوازی لەنێوان, نێرو مێو ئاینو نەتەوەکاندا, تێڕوانینو بڕیاری ئەو لایەنە ئاینیو تائیفییانە بۆ مەسەلەی ژنان ڕۆشنە, کە جگە لە بێمافی شتێکیتر نیە. لەوەدا قسەکەرانی بۆرژوازی



لەسەر هەقن کە ئەگەر ئەو (2 5٪)ە بەراوورد بکەیت لەگەڵ باوەڕو قەناعەتی زۆربەی زۆری ئەوانەی لەئەنجومەنی حوکمدان, ئەوە زۆر زۆرەو تەنانەت بڕینی هێڵە سورەکانە, بەڵام چیبکەن کە بۆ واقعی کۆمەڵگەی عێراق ناچارن پێبەجەرگی خۆیاندا بنێن.

بەڵام بەشداری کردنی ژنان بەڕێژەی 25٪و تەنانەت زیاتریش لەئەنجومەنی نیشتمانیو تەنانەت یاسادانانیشداو خۆبەخۆ نابێتە دابینکردنی مافەکانیان, لەبەرئەوەی مەرج نیە هەموو ژنێك نوێنەری مەسەلەی ژنان بێت, وەك چۆن بوونی کورد لەدەسەڵاتی بەعسدا (ڕێژەکەی هەرچەندێك بووبێت) بەمانای دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان نەبووە, لەبەرئەوەی لەبناغەوە دەسەڵاتەکە لەسەر بنەمای جیاوازی دامەزراوە. بەو پێیە ئەگەر ئەنجومەنی حوکم خاوەنی فەرهەنگی پیاوسالاریو ئیسلامی بێت, ئەگەر تەواوی ئەندامەکانیشی ژن بن, ناتوانن تاکە یەك مافی ژنان زیاد بکەن, مارگرێت تاتشەر کە سەرەك وەزیرانی بەریتانیا بوو کە دەورەیەکی گرنگ لەژیانی سەرمایەداری ئەو وڵاتە بەو دەناسرێتەوە, نەك هەر نەبووە هۆیەك بۆ زیادکردنی مافەکانی ژنان, بەڵکو لەڕوانگەی بەرژەوەندییە چینایەتیەکانی سەرمایەدارییەوە داوای لەژنان کرد بچنەوە ناو چوار دیواری ماڵەکانیانو سەرقاڵی ماڵداریو منداڵ بەخێوکردن بن, بەو پێیە زیاتر لەپیاوانی هاوشێوەی خۆی هێرشی کردە سەرمافەکانی ژنانو لەپێناوی بەرژەوەندی ئابوریو سیاسی ڕژێمەکەیدا, لەپێشدا ژنانی بەبێکاری سپارد کە دەیزانی ئاسانتر دەتوانێت هێرش بکاتە سەریان, ڕاستە ئەو ژن بوو بەڵام بەرژەوەندی سەرمایەداری لەمافی هاوڕەگەزەکانی خۆی بەلاوە گرنگتر بوو, ئەوە لەکاتێکدا کە ئەو (25٪)ەی لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا بڕیارە ژنان بن, نوێنەری هیچ بەشو ڕێکخراوێکی ژنان نینو هەڵبژێردراوی هیچ ناوەندێکی ژنان نین, بەڵکو ئەندامی هەر ئەو حزبانەن کە

لە دەسەڵاتدان و بەهەمان سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و فەرهەنگ و ڕەوشتی ئەو حزبانە پەروەردەبوون و لەوەش واوەتر حزبەکانیان ڕێگایان پێنادەن واوەتر بیربکەنەوە و بڕیاربدەن.

بەبڕوای من کێشەی ژنان هەر بەتەنها تایبەت بەژنان نیە, ڕاستە لەو کێشەیەدا ژنان دەچەوسێنەوە بەلام کێشەکە هی گشت کۆمەڵە و بەشێوەیەکی کۆمەلایەتی بەرجەستەبووە. کەواتە چارەسەی ئەو کێشەیە هەچەندە پێویستی بەهاتنە مەیدانی ژنان هەیە, بەلام بەشێویەکی کۆمەلایەتی حەل دەبێت و تەنها بەژنان و زیادکردنی ڕێژەیان لەدامەزراوەکاندا پەیوەست نییە.

مێژوو سەلماندوویەتی کە سەرچاوەی درێژەکێشانی چەوسانەوەی ژنان بەهۆی ڕژێمی سەرمایەدارییەوەیە و سەرمایەداری وەك نیزامێکی ئابوری پێویستی بەچەوسانەوە و پلە دوویی ژنان هەیە و بەو هۆیەشەوە ڕزگاری یەکجاری ژنان بەڕزگاری چینی کرێکارو خەباتی سەرکەوتنی ئەو چینەوە گرێی خواردووە. بەلام بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە لە کۆمەڵگا مەدەنییەکانی ئەمڕۆدا هەیە, گرنگترین شت جێکردنەوەی مافەکانی ژنانە لە یاساکانداو دروستکردنی پشتیوانی یاساییە بۆ ئەو مافانە, گرنگترین شت لە دابینکردن و پاراستنی مافەکانی ژناندا ئەوەیە دەسەڵاتی (قچاو) لە پشتی داخوازیەکانی ژنان بێت و لەو هێرش و دەستدرێژییانە بپێچێتەوە کەدەکرێتە سەر یان و ماف و ئازادیەکانی ژنان پارێزگاری لێبکات...

مەسەلەیەکی تر کەئاماژە پێکردنی زۆر گرنگە ئەوەیە کە بەشێویەکی ئاشکرا ئەو دەستورە کاتیە کە لەبڕگەی (أ)ی مادەی ...... ڕایگەیاندووە کە: "اسلام دینی ڕەسمی دەوڵەتە و یەکێك لەسەرچاوەکانی یاسایە" هەر ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ڕادەی بێماف ژنان لەو دەستورە کاتیەداو لەسایەی یاساکانی ئایندەی عێراقدا بخوێنینەوە, لەبەرئەوەی مێژووی ئیسلام مێژووی چەوسانەوەی ژنانە, لەڕووانگەی اسلامەوە ژنان مرۆڤی ئاسایی و



ئازاد نین, هەڵس وکەوت و شووکردن و جل وبەرگ لەبەرکردن و هاتن وچوون و بەشدارییان لەکۆڕو کۆمەڵەکانداو ...تەواوی ئازادیەکانیان لەدەستی بەشێکیتری مرۆڤدایە کەپیاوانن, پیاوان لەڕوانگەی ئیسلامەوە مافی سەرپەرشتی و چاودێری و لێپرسینەوە و سزادانی جۆراوجۆریان هەیە بەسەر ژنانەوە, تەنانەت مافەکانی ژنانیش ئەو بەشە لە مرۆڤ دیاری دەکەن و ئەوان سنوری بۆ دەکێشن.

دیارە ئەمە هێشتا دیوێکی کێشەکەیە دیوەکەیتری ئەوەیە کە لەژێر سێبەری ئەوانەدا کۆنەپەرستان و پیاوسالارەکان بەپێی ئەو یاسا و ئەحکامانە ژنان زیاتر لەقاڵب دەدەن و زیاتر بەقازانجی خۆیان ڕایان دەگرن. ئەمەش باری سەرشانی ژنان قورستر دەکات. تەنها کاتێکیش ئەو قورساییە لەسەرشانی ژنان لادەچێت یان سوك دەبێت کە بەپێی یاسا دەستی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری بەو شێوەیە نەك هەر ئاوەلا نەکرێت, بەڵکو ببەسترێت و هەر جۆرە جیاوازیکارییەك لەسەر بنەمانی ژن بوون قەدەغەبکرێت, هەروەها ئاین لەدەوڵەت جیابکرێتەوە چونکە لەباری واقعیشەوە دەوڵەت دامەزراوێك و ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ژیان کۆمەڵ و لەبناغەدا دەوڵەت ئاینی نیە, بەڵکو ئاین کاری مرۆڤەکانە و باشترین شێوەش بۆ پەیڕەوکردنی ئەو کارە ئەوەیە کە تایبەت بکرێت بەکەسەکان.

## مەسەلەی ژنان و مافی یەکسان لەگەڵ پیاو

ژنان لەکۆمەڵگای عێراقدا (بەگشتی) ئەو بەشەن لە کۆمەڵ کە زۆرترین و قورسترین زوڵمیان لێدەکرێت و لەبەرانبەر یاسا و لەمافە ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسیەکاندا لەچاو پیاواندا بەپلە دوو حساب دەکرێن و لەسەر ئەو بنەمایە دەچەوسێنرێنەوە.

ئەو چەوسانەوەیە لەفەرهەنگی چینایەتی کۆمەڵگادا (بەگشتی) وەك حاڵەتێکی سروشتی جێگیر بووە و لەداب و نەریتی کۆمەلایەتیدا ڕەنگی

داوەتەوەو ئاینیش وەك سەرخانی سیاسی هەلومەرجی ئابوریو عەینی کۆمەڵگای چینایەتی ڕەسمیەتی پێداوە.

بەڵام چەوسانەوەو پلە دوویی_ژنان لەئێستادا هەر بەتەنها بەرهەمی دینو نەریتو باوەڕە کۆنەکان نیە (وەك زۆرێك لە قسەکەرانی بۆرژوازی ڕایدەگەیەنن) بەڵکو قازانجو بەرژەوەندی سەرمایەش هۆکارە لەپاراستنو درێژەپێدانیدا و نیزامی سەرمایەداری هەرچەندە خۆی دروستکەری چەوسانەوەی ژنان نیە بەڵام کەڵك لەژێر دەستەیی ژنان وەردەگرێتو ئەو ژێردەستەییە کە بەرژەوەندی ئابوری کۆمەڵگاکانی پێش سەرمایەداری پێکیانهێناوە، ئەم دەیپارێزێتو بەقازانجی خۆی زاخاوی دەداتەوە.

سەرمایەداری لەپێناوی قازانجو دەسکەوتی ماددیدا, بەردەوام لەهەوڵی داسەپاندنی چەوسانەوەی زیاتردایە بەسەر چینی کرێکارو کۆمەڵگاداو لەسەر بنەمای ئەوە هەلومەرجی ئابوریو پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو نیزامە بەڕێوەدەچێت. پێکهاتی ئابوری خێزانو ڕۆڵی لەخوارەوەتری ژنان چ لەبواری کاری کۆمەڵایەتیداو چ لەخێزاندا, پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە وەبەرهێنانی سەرمایەداریەوە هەیە. کاری ناومالو منال بەخێوکردن, پاشکۆیەتی ژنان بۆ پیاوانو دواکەوتنیان لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتیدا ڕاستەوخۆ خزمەت بەکەڵەکەی سەرمایەو مانەوەی سەرمایەداری دەکەن.

ژنان بەهۆی کاری ناو ماڵەوە بەبێ ئەوەی کرێیەك وەرگرن تینوتوانای کرێکارانی خێزانەکانیان بەرهەمدەهێننەوەو بۆ کارکردن ئامادەیان دەکەنەوە. بەهۆی کاری دایکایەتیو بەخێوکردنی منداڵەوە_ بەبێ خەرجی سەرمارداریو بێ ئەوەی کرێ لەبەرانبەریدا وەرگرێت _جیلی تازەی چینی کرێکار پێدەگەیەنێت. بەهۆی پاشکۆیەتی ئابووری پیاوانەوە هەر بەو کرێیەی کە پیاوان وەریدەگرن ڕۆلێکی گرنگ لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دەگێڕن.



بەهۆی ئەوەی کە بە نان پەیداکەری ماڵ حساب ناکرێن, کە پێویستیان بەهێزی کاریان بوو بەکرێی کەمتر لەپیاوان کاریان پێدەکرێتو منافەسەی کرێی پیاوانیشیان پێدەکرێت, کە پێویستیشیان بەهێزی کاریان نەما لەسەر کار لایان دەبەنو ڕەوانەی کونجی ماڵیان دەکەنەوە بۆ خزمەتی ماڵو منال بەبێ ئەوەی بەبێکار حساب بکرێنو وەك بێکار لەبەرانبەریاندا مەسئولیەت قبوڵبکرێت.

لەڕاستیدا ژنان بێکار نابن بەڵکو لەماڵەوەو بەخۆڕایی دەبنە هاوبەشی ئەو کارەی کە باوكو براو هاوسەرەکانیان بەڕێوەی دەبەنو لەبەرانبەردا دەبنە هاوبەشی ئەو کرێیەی ئەوان وەریدەگرن. دیارە بەهۆی دەرکردنی ژنانەوە لەسەر کاری کۆمەڵایەتی کاری پیاوانیش قورتسترو زیاتر دەبێت چونکە جێگای ئەوانیش دەگرنەوە.

نەك هەر ئەوانە بەڵکو سەرمایەداری بەهۆی جیاکردنەوەی ژنانو پیاوانەوە ناکۆکی دەخاتە نێوان کرێکارانەوەو لەلایەکەوە پیاوان بەهۆی ئیمتیازێکەوە کە لەبەرانبەر ژناندا پێیداون بەدژی ژنانو بۆ ئاسایی نیشاندانی چەوسانەوەیان کەڵك لێوەردەگرێتو لەلایەکی تریشەوە لەرێگای ڕووناکبیرەکانیەوە پیاوان بەسەرچاوەی چەوسانەوەی ژنان دەناسێنێو ژنان بەشێوەی فیمینستی بەدژی پیاوان هاندەدەن.

ئەوانە حوکمی گشتین لەپەیوەندی نێوان چەوسانەوەی ژنانو نیزامی سەرماریەداریداو ئەنجومەنی حوکمی عێراقیش لەسەر بنەمای ئەوحوکمانە دەستووری کاتی دارشتووەو_لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارێتی سیاسی بۆرژوازی لەعێراقدا بەشێوەیەکی مێژوویی لەگەڵ سونەتو ئەخلاقیاتو نەریتە کۆنو خێڵەکیو ئیسلامییەکاندا ئاوێتەبووەو تایبتەمەندی دڕندانەی وەرگرتوە, جیاوازیو چەوسانەوەی ژنان کاریگەرترو مەترسیدارتر ڕەگی داکوتاوە.

ئەزمەی سیاسی, ئابوری‌و ئیداری 20–30ساڵی ڕابوردووی سەرمایەداری عێراقی دژی ژن بوونی ئەو ڕژێمەی تۆختركردۆتەوەو ئەو ئەزمەیە وەك حوكمێكی مەنتیقی نیزامی سەرمایەداری ژنانی زیاتر كردووە بە كۆیلەی كاری ناوماڵ‌و منداڵداری. دەیان بیروباوەڕی ئایینی‌و خێڵەكی سەدەكانی ناوەڕاست لەدژیان سەری ڕاستكردۆتەوەو لەناو خێزان‌و شوێنە ڕەسمی‌یەكاندا وەك یاسا كاری پێدەكرێت. لەبەر ئەوەی بەهۆی یاسا دینیەكانەوە هێرش بۆسەر ژنان‌و بێمافكردنیان ئاسانترو ئاسایی‌تر دەچێتە پێشەوە، گرنگیدان بە ئیسلام بووەتە یەكێك لەكارە سەرەكیەكانی بۆرژوازی‌و لێكدانەوەو هەڵوێتسی ئەحزابی بۆرژوازی لەعێراقدا بەگشتی دژی ژن‌و كۆنەپەرستانەیە, دوای بەعسیش هیچ ئەڵتەرناتیڤێك بۆ یاساكان‌و پاساوەكانی ڕژێمی پێشوو نیە.

بەتایبەتی بزووتنەوە ئیسلامی‌یەكان, وەك جۆرێك بزووتنەوەی بۆرژوازی ئەم سەردەمە, ڕێك‌و ڕاست دەیانەوێت لەڕێگای دژایەتی‌كردنی ژنان‌و بەكۆیلەكردنیانەوە كۆمەڵگا بۆ چەوسانەوەی هێزی كاری‌و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئامادەبكەن.

كەواتە بۆرژوازی عێراقی بەدینی‌و تائیفی‌و قەومیەوە نایانەوێت دەست لەو میراتە پڕ بایەخەی سەرمایە بدەن‌و هەریەكیان بەگوێرەی لێكدانەوەی خۆی بەرهەمی دەهێنێتەوە.

ئەگەر كەسانێك باوەڕیشیان نەكردبێت, تەجروبە پێی نیشاندان كە وەزعی ژنان بەبزووتنەوەی كرێكاری‌و كۆمۆنیستی‌یەوە گرێی خواردووەو پەیوەندییەكی ڕاستەوانەیان هەیە پێكەوە، كاتێك كرێكارو كۆمۆنیزم پاشەكشە دەكات, ژنانیش زیاتر دەبنە جێگای حەملەی بۆرژوازی‌و زیاتر سەركوتدەكرێن.



45 ساڵی ڕابووردوو لەگەڵ بانگەشەی مەرگی كۆمۆنیزم‌و فراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی بازاڕی ئازاد، سەختی‌و نالەباری ژیانی ژنانیش هەر لە بێكاركردن‌و كارپێكردنی بێكرێ‌و كرێی كەمەوە بگرە تادەگات بەلێدان‌و لووت بڕین‌و مل پەڕاندن‌و تیرۆركردن‌و سوكایەتی پێكردن، بەشێوەیەكی سەر سووڕهێنەر زیادی كردووە. بەهەر كۆڵانێكدا تێدەپەڕیت هاواری ژنێك دەبیستی، یان چاو بەفرمێسك‌و دڵ پڕلەخەمێك یاخود تاسەی تازیەباران دەبینیت كە ژنبوون سەرچاوەكەیەتی.

هەڵبەت لەم هەلومەرجەشدا ژنان بەرگرییان لەخۆیان كردووەو بۆڕزگاربوون تێكۆشاون. خەباتی ژنان بۆ ئازادی بەشێكی گرنگ لەمێژووی سیاسی عێراق پێكدەهێنێت، بەتایبەتی لەگەڵ كۆمۆنیستەكان‌و ئازادیخوازاندا ژنان هەنگاوی گرنگ‌و بوێرانەیان هەڵهێناوەتەوە كەهەڵوەشانەوەی بڕیاری 437ی ئەنجومەنی حوكم نمونەیەكیەتی، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە چینی كرێكارو كۆمۆنیزم هێشتا لەئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەكاندا هێزی سەرەكی نین, نەیانتوانیەوە بەتەواوی بەربەهێرش‌و دەستدرێژیەكانی بۆرژوازی بگرن‌و نەبوونی ئاسۆیەكی ڕۆشن بۆ بزووتنەوەی ژنان‌و سیاسەتی حزبەكان لەدابەشكردنی ژناندا(بەناوی ڕێكخراوەكانی ژنانەوە) ڕۆڵی خۆی بینیوە لەم نێوەدا.

مێژوو سەلمانوویەتی كەڕزگاری یەكجاری ژنان لەسۆسیالیزمدا دێتەدی، كەواتە بۆگەیشتن بەوڕزگارییە خەباتی ژنان بۆ ئازادی‌و خەباتی چینی كرێكار بەدژی سەرمایەداری پێكەوە گرێی خواردووە، واتە هەم خەبات بۆ ئازادی ژنان بەشێكە لە ئەركی كرێكاران‌و هەم هاوخەباتی كرێكارانیش ئەركی سەرشانی ژنانە.

پێویسته دەستوور ئەم خاڵانەی خوارەوە وەك سەرەكییترین مافەكانی ژنان لەخۆبگرێت

مافەكانی ژنان دیارو ڕۆشنن، ئەگەرچی باڵە جۆراوجۆرەكانی بۆرژوازی بۆخۆدزینـــەوە لەمافـــەكانی ژنـــانو فەرامۆشـــكردنیان لەئایـــدۆلۆژیاو دابونەریتییەوە دەپێچن، بەڵام دەستوورێك كەبیەوێت باس لەمافەكانی ژنان بكات، دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

4/ یەكسانی ژنو پیاو لەبەردەم یاسادا هەرچەندە یەكسانی حقوقی بەمانای ڕزگاری یەكجاری ژنان نیەو ڕزگاری یەكجاری ژنان لەیەكسانی كۆمەڵایەتیدایە, بەڵام یەكسانبوونی ژنان بەپیاوان لەبەردەم یاساداو سڕینەوەی ئەو جیاوازییە لەنێوانیان ڕێگایەكو دەستكەوتێكی گرنگە بۆ ڕزگاری یەكجاری ژنان, دەبێت تێبكۆشین هەموو تاكەكانی كۆمەڵ چ ژن بێت چ پیاو لەبەردەم یاسادا بەچاوی یەكسان تەماشا بكرێن.

ئەو یەكسانیە لەبوارەكانی: كرێوەرگرتن, دەستڕاگەیشتن بەكار, بیمە كۆمەڵایەتیەكان, جۆری كاركردن, مافی هەڵبژاردنی هاوسەر, تەڵاق, میرات, چاودێری منداڵو نەسەب, خوێندنو سەفەر بەدیبێت.

تەواوی ئەو یاسایانەی كە ژێردەستەیی و پلە دوویی ژنانو سەروەری پیاوان بەسەریاندا تەبەنی دەكات دەبێت هەڵوەشێنەوەو لەجێگایاندا یاسای یەكسانیخواز دابنرێتو هەلومەرجی ماددیو مەعنەویش بۆ سڕینەوەی جیاوازیەكان فەراهەمبكرێت.

2/ ژنان دەبێت خاوەنی ئابوری سەربەخۆبنو وەك تاكی سەربەخۆ(نەك پاشكۆی پیاو) لەیاساو لەپەیوەندی كۆمەڵایەتیدا چاوایبكرێت. ژنانیش وەك پیاوان دەبێت كاری كۆمەڵایەتی بكەنو كاری ناوماڵو منداڵداری دەبێت ببن بەئەركی كۆمەڵو دەوڵەت, نەك پیشەی بێكرێی ژنان. نابێت كاری ژنانەو پیاوانە بمێنێت, لەبەرانبەر كاری وەك یەكدا ژنو پیاو دەبێت كرێی



وەكیەك وەربگرن, بیمەی بێكاری مافی هەر كەسێكی خوار تەمەنی 48 ساڵیە كە بێكار دەبێت, ژنانیش كە بێكاربوون دەبێت وەك بێكار لەبەرچاوبگیرێنو لەو چوارچێوەیەدا مافو بەرژەوەندییان لەبەرچاو بگیرێت.

ژنان نابێت بەهۆی دووگیان بوونیانەوە لەسەر كار دەربكرێن بەڵكو دەبێت لەمۆڵەتو خزمەتگوزاری تەندروستی تایبەتی بەهرەمەندبێتو دوومانگ پێش منداڵبوونو دوو مانگ دوای منداڵبوون واتە چوار مانگ مۆڵەتی ڕەسمی منداڵبوون وەربگرێت بێ ئەوەی لەمافو كرێی دابشكێتو دوای ئەو چوار مانگەش دایكو باوك (یەكێكیان) مافی ئەوەیان هەیە 4-5 مانگیتر مۆڵەت وەربگرن بۆ چاودێری منداڵو لەشوێنی كاردا دەبێت شیرخۆرگەو باخچەی ساوایان هەبێتو ڕۆژی دوو جارو جاری نیو سەعات مۆڵەتی شیر پێدانی منداڵان دیاریبكرێت. ئەمانە بەمانای ئەوەی كە دەوڵەت بەرپرس بێت لەمنداڵبوونو چاودێری كردنیداو ئەركی دایكان لەو چوارچێوەیەدا نەبێت بەئەركێكی زیادەی تایبەت بەخۆیان. ژنان لەكۆمەڵی چینایەتیدا تائێستا دایكایەتی بووەتە هۆیەكی سەربار بۆ چەوساندنەوەی زیاتریان, لەكاتێكدا دەبێت بەو هۆیەوە امتیازیان پێبدرێتو تەعویزی ئەو ئەزیەتو ئازارەیان بۆبكرێتەوە.

ژنان تا 75 ڕۆژ دوای دروستبوونی كۆرپەلە ئازادن بۆ لەباربردنو بڕیار تەنها بەدەست خۆیانەو دەبێت لە خەستەخانەی خۆڕاییو تایبەتو بەدەستی دكتۆری پسپۆڕ بەڕێوەبچێت, لەباربردن لەعیادە تایبەتییەكانو شوێنە ناڕەسمییەكان دەبێت قەدەغەبكرێتو سزای ئەوانە بدرێت كە دەیكەن.

3/ خێزان تایبەتمەندیە ئابوریەكەی نەمنێنێت.

لەكۆمەڵی چینایەتییدا خێزان بچووككراوەی ڕژێمی ئابووری سەردەمی خۆیەتی، واتە تایبەتمەندییەكی ئابووری هەیەو ئەم تایبەتمەندیەش یەكێك

لەسەرەکیترین هۆیەکانی ژنانە (وەك ئەنگڵس دەڵێ لەخێزاندا پیاو رۆڵی سەرمایەدار دبینێو ژنیش رۆڵی پڕۆلیتاریا) . کەوایە ئەگەر بمانەوێ باسی ئازادی ژنان بکەین دەبێت باسی نەهێشتنی تایبەتمەندی ئابووری خێزان بکەین، بەجۆرێك کەپێکهاتێکی ئازادانەی کۆمەڵایەتی بێتو لەسەر بنەمای خۆرشەویستی بنیاتبنرێت.

هەموو کەسێکی سەروو تەمەنی 48ساڵی (کوڕ بێت یان کچ) مافی ئەوەی هەیە بەئارەزوو ئیرادەی خۆیو بەبێ دەستێوەردانی هیچ کەسو لایەنێكو بەکار ئاسانی دەوڵەت خێزان پێکبهێنێتو زەواجی کەسانی کەمتر لەو تەمەنە رەسمیەتی پێنەدرێت. بەهەمان شێوە ڕێو ڕەسمی هاوسەرێتی مەسەلەی کەسەکان خۆیانەو هیچ کەس مافی دەستێوەردانی نیەو لەژیانی هاوسەریدا دەبێت پەیڕەوی تاك هاوسەری بکرێتو فرە هاوسەری قەدەغەبکرێت.

4/ دین کە ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی هەیە لەستەمکێشیو پلە دوویی ژناندا، لەدەوڵەتو یاساکانی پەیوەندیدار بەژیانی خەڵك جیابکرێتەوەو بکرێتە کاری تایبەتی هەر کەسێك کە دەیەوێت پەیڕەوی لێبکاتو بەم پێیە دابەشبوونی ئینسان بەسەر ژنو پیاودا نابێت ببێتە هۆی چەوسانەوەی یەکێکیان لەلایەن ئەوی تریانەوە.

5/ سوکایەتی پێکردنو بەکارهێنانی زۆرو فشار لەخێزاندا بەرانبەر ژنان بەیاسای تایبەتی قەدەغەبکرێتو لەبەرانبەریدا سزای تووند هەبێت. کوشتنی ژنان بەناوی ناموسەوە بەکوشتنی عەمدی دابنرێتو بەو پێیە سزا بدرێت. ئەم سزایانە لەبەرانبەر لێدانو کوشتنی ژناندا ئەگەر بەجدی بگیرێت کاریگەری زۆر جدی دەبێت لەبەرەوپێش بردنی ئازادی ژنانداو یەکێك لە هۆیەکانی پەرەگرتنی کۆیلەتی ژنان لەم دەورەیەدا لێنەپرسینەوەیە لەئەنجامدەرانی تاوان بەدژی ژنان.



6/ ژنانی لادێکانو دەرەوەی شارەکان بەشێوەیەکی زۆر فراوان دەچەوسێنرێنەوە. دینو پەیوەندیە کۆنەکان دەسەڵاتی زیاتریان هەیە لەلادێکانداو نەخوێندەواریو دواکەوتوویی فەرهەنگیش دەستی ئەوانی زیاتر کردووەتەوە. ژنانی ئەم شوێنانە بێجگە لەکاریماڵو منداڵداری کە وەك چەرمی لامل بۆ ساتێکیش لێیان نابێتەوە, بەکاری کشتوکاڵیەوە خەریکن. یان بەکرێ یان بۆ خێزانەکانی خۆیان. لەهەردوو حاڵەتەکەدا سەعات کار سنووری نیەو خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا پێوانەی ڕۆژانەی کارە. هیچ پێداویستییەکی کارکردن لەبەردەستدا نیەو کرێ زۆر کەمەو ئەوانەی بۆ ماڵی خۆشیان کاردەکەن بەرهەمی کارەکەیان دەچێتە دەستی سەرۆکی خێزانو بۆ سەرەتاییترین پێویستی خۆیان دەبێت چاو لەدەستی ئەوان بن. بۆیە زۆر گرنگە کار ئاسانی ریفاهیو فەرهەنگی تایبەت بۆ ئەو ناوچانە بکرێتو پێویستییەکانی ئەو کارەیان بۆ دابینبکرێت.

7/ پێویستە رێگریە کلتوریو مەعنەویەکان لەسەر رێگای گەشەکردنی ژنان لابرێن, بەسووك سەیرکردنی ژنانو سوکایەتی پێکردنیان (چ لەمامەڵەی رۆژانەداو چ لە ئەدەبیاتدا)دەبێت بەتاوان بژمێردرێت. ژنان دەبێت فرسەتیان بۆ بڕەخسێنرێت تا لەمەیدانو لەبزووتنەوە جۆراوجۆرەکاندا بەشداری چالاکانە بکەن.

8/ دەبێت ژنان خوێندەواربن، بێجگە لەو ناوەندە ڕووناکبیریو قوتابخانە تایبەتیانەی کە بۆ خوێندەوارکردنی گەورە ساڵان دەکرێتەوە, دەبێت خوێندنی بەخۆڕاییو الزامی بۆ هەموو کەسێکی خوار تەمەنی 48ساڵی پەیڕەوبکرێتو ئەوانەی کە کچان لەخوێندن دوور دەخەنەوە یان رێگرییان بۆ دروست دەکەن دەبێت لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێتو سزابدرێن. خوێندەواری ژنانو ئاشناکردنیان بەبیروباوەڕی پێشکەوتوو وە

ئاشناكردنیان بەپێشكەوتنە زانستییەكان دەوری كاریگەری دەبێت لەلابردنی بیروباوەڕی كۆن لەسەر ژنان.

9/ ژنان دەبێت خاوەنی جنسی خۆیان بن, یەكێك لەو شتانەی كە دەستی دینو پیاوی بەسەر ژنانەوە بەرز ڕاگرتووە, دەسەڵاتی ئەوانە بەسەر سۆزو جنسی ژناندا. ژنان لەم كۆمەڵگایەدا خاوەنی عاتیفەو جنسی خۆیان نین, ژنان بەپێی فەرهەنگی پیاوسالاریو یاسای ئیسلامی كۆیلەی پیاوانو كۆیلەش هەر شتێكی هەبێت خاوەندارێتییەكەی دەگەڕێتەوە بۆخاوەن كۆیلە, بۆیە سۆزو عاتیفەو جنسی ژنان لەلایەن پیاوانی خاوەنیانەوە گۆڕینەوەو كڕینو فرۆشتنو پیاوەتیو صوڵحی پێوەدەكرێت.

مەسەلەیەكی زۆر گرنگ ئەوەیە ئەم مافانە بۆ ژنان خۆیان بگەڕێتەوەو خۆیان وەك ئینسانی سەربەخۆ ئازادبن لەبەكارهێنانیدا, ئەمە لایەنێكی گرنگی ئازادی ژنانە.

كاتێك باسی ئازادی ژنان دەكرێت, بۆرژوازی یەكسەر دەكەوێتە بیری فەحشا, بەلای ئەوانەوە ژن سەرچاوەی خراپەو فەسادەو ئەمەش لەئازادیەوە سەرچاوە دەگرێتو وای بڵاودەكەنەوە كە فەحشا لەدرێژەی ئازادی ژندایە, بۆیە بۆ پێش گرتن بە فەحشا ئازادی لەژنان زەوت دەكەن, هەڵبەت ئەوە فریوكاری ئەخلاقی بۆرژوازیە نەك ڕاستی, ڕاستیەكەی ئەوەیە كە فەحشا بەرهەمی كۆمەڵگەی چینایەتیە لەبەرئەوەی ژنان ئازادیو خاوەنی جنسی خۆیان نین فەحشا هەیە. بەهۆی نەبوونی سەربەخۆیی ئابوریەوە, بەهۆی نەبوونی ئازادی جنسیو خۆشەویستییەوە, بەهۆی نەبوونی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەرەوە, بەكورتی بەهۆی قەیدو بەندەكانی كۆمەڵگاوەو هەروەها بەهۆی داونانەوەی پیاوانی فاحیشەوە ژنان تووشی ئەو نەخۆشیە كۆمەڵایەتییە دەبن.



فەحشا هەر زوڵمێك نیە لەژنان بەڵكو ئامرازێكیشە بۆ زەوت كردنی ئازادی لەژنان ئەوانەی تووشی بوون بەوەحشیانەترین شێوە دەچەوسێنرێنەوەو سوكایەتییان پێدەكرێت. ئەوانەی دیش بەناوی نەهێشتنی فەحشاوە سەركوت دەكرێن, بۆیە خەبات دژی فەشحا نەك هەر پێویستی بەچاودێری ژنان نیە, بەڵكو خەبات بۆ ئازدی ژنان بەشێكی گرنگ لەخەبات دژی فەحشایە.